# کاراکردنەوەی پەرلەمان پێویستە بەڵام نەک بە هەموو نرخێک



د. جەعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو تەنگژە سیاسییەی ئێستا لەخۆڕا دروست نەبووە و بەرەنجامی واقیعێکی کەڵەکەبووە کە بە شێوەیەکی گشتی سەریانکێشا بۆ ئەو تەنگژە سیاسییانەی ئێستا هەن، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی حەڤدەی شوبات، جارێکی دیکە ئاراستەی ڕووداوەکان لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ بە شێوەیەکی سیستماتیك و نەخشە بۆ داڕێژراو وەرگێڕدرا بۆ دژی کادر و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەمەشدا جیا لەوەی چەندین کادری پارتی شەهید و بریندار بوون و چەندین بارەگای پارتی سووتێندران و هەموو ئەم دیمەنە ناشیرین و پڕ لە بێڕێزی و ناشیرینکارییە لە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنییەوە ڕوومالڵ دەکران و ڕاستەوخۆ دەگواسترانەوە، ئەمەش وایکرد کە هەموو کەس هەست بەوە بکات برینەکانی ئەمجارەی پارتی قورسن و بە ئاسانی سارێژ نابنەوە، لەهەمانکاتدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەمجارە پەیامێکی ڕاشکاوانەی وەرگرت و لە هەمانکاتدا ئەوەش دیارە وەڵامدانەوەی پارتی بۆ ئەم پەیامە وەك وەڵامەکانی جارانی پێشتر نابێت. بەڵکو وەڵامی ئەمجارەی پارتی لە ئاستی ئەو ڕووداوە و ئەو هەڕەشانە دەبێت کە ئاراستەی پارتی کراون.

پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەیەکی زۆرە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هەوڵێکی جددی لە ئارادایە بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕەوتی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەمەش ماوەیەکی زۆرە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی بە شێوەیەکی سیستماتیك بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە، لە ناوچەی سلێمانی بۆ ناشیرینکردنی پارتی دەدرێن، دانی بە خۆیدا گرتووە و نەرمی نواندووە، هەروەها دەمێکە ئەوە دەزانین کە میحوەرێکی سیاسی دروست بووە بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتی پارتی بەتایبەتیش لە بوارەکانی سیاسەتی وزە و سیاسەتی سەربەخۆیی و سەربەخۆیی ئابووری، هەربۆیە ئەمجارەش ئەوەی لای پارتی ئاشکرا بوو، ئەوە بوو کێشەی ئەمجارە پەیوەست نییە بە دیموکراسی، ئەوجا چ دیموکراسی زۆرینە بێت، یان دیموکراتییەتی سازان، یان ئەوەی پێی دەگوترێت تەوافوقی، بەڵکو ریشەی ئەم کێشەیە پەیوەستە بە دەسەڵات، بۆیە پێویست بوو ململانێی دەسەڵات نەکەوێتە ناو پەرلەمان، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ئەمە نە کاری پەرلەمان بوو، نە ئەم ئەرکەش لە دەسەڵاتی پەرلەماندا بوو، بۆیە هەتا ئەگەر پەرلەمان بۆ ئەم کارەش تەفویز بکرایە، ئەوا نەیدەتوانی ئەو کارە جێبەجێ بکات.

ئاشکرایە یەکلاییکردنەوەی کێشەی دەسەڵات لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە بەڕێوەدەچێت، بۆ ئەمەش دوو ڕێگە لەبەردەمدا بوو، یان ئەوەتا دەبوو بیر لە شەڕ بکرێتەوە و بە شەڕ یەکلایی بکرێتەوە، کە ئەم ڕێگەیە پێشتر لە کوردستان تاقی کرابووەوە و بێ ئاکام بوو، یان دەبوو بە شێوازی ئاشتییانە و لەسەر بنەمای شەراکەت و سازان لەسەر مێزی وتووێژی لایەنە سیاسییەکان یەکلایی بکرێتەوە، کە ئەمەش تەنیا ڕێگەیە و ئێستاش دەتوانرێت جارێکی دیکە و سەرلەنوێ لەسەر بنەمای شەراکەت و سازان کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام لەسەر بنەمایەکی تازە بۆ سازانێکی نوێ و ئەوەی زۆرینەی هەبێت، دەبێت سەرپشك بکرێت لە وەرگرتنی دامودەزگاکانی دەسەڵات.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئەو هەڵمەتەی

لە ١٧ی شوبات بە ئەنقەست کرایە سەر بارەگا و کادرانی، ئەمجارەش هەڵمەتەکانی ئۆکتۆبەری بە ئەنقەست و بە پەیامێکی سیاسیی دژ بە خۆی لە قەڵەمی داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم پەیامەی ئاراستەی پارتی کراوە، پێویستی بە کات و میکانیزمی تایبەتی هەیە، لەمەشدا دەبوو پارتی بە پەلە جووڵەیەك بکات بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەو هەموو دەستدرێژی و ئاڵۆزی و پشێوییانە دابنێت، کە بە هەموو پێوەرێکی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی هەموو سنوورەکانی بەزاندبوو، لە هەمانکاتدا ببووە هەڕەشەیەکی مەترسیدار و جددی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

کەواتە ئەم واقیعە فەرزی دەکات لەسەر هەموو لایەکمان کە دەبێت هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە و کارکردنەوەی پەرلەمان لەسەر بنەمایەکی راست و دروست هەڵبگرین و بە ئاراستەیەکی راست هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرین. بۆ ئەمەش دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین، بەوەی راستە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سیاسی زۆر گرنگە و دەبێت پەلەی تێدا بکرێت، بەڵام پاراستنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا زۆر لەوە گرنگترە. بۆیە دەبێت لەمەدا راشکاوانە قسەبکەین و بە ئاشکرا بڵێین، ئەوانەی دەبنە هۆکاری پشێوی و توندوتیژی و تێکدانی سەقامگیری لە کوردستاندا، دەبێت سزا بدرێن، هەروەها ئەوانەی سەقامگیری کوردستان وەك کارتێك بەکار دەهێنن و دەیکەنە قوربانی بەرنامەی سیاسی خۆیان، بەبێ رەچاوکردنی تەوافوق و بێلایەنیی سەرۆکی پەرلەمان، تاکرەوانە تەوافقی سیاسی لەناو دەبەن، نابێت ئەوانەش پاداشت بکرێن.

دیارە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێت، ئەوانەی دوێنێ دژی بڕیاری زۆرینەی ناو لەپەرلەمان بوون، بەدەنگی بەرز بریارەکانی پەرلەمانیان رەتدەکردەوە و بە بیانووی ئەوەی هەر بڕیار و یاسایەك رەهەندی نیشتمانی هەبێت، دەبێت لە چوارچێوەی سازانی نیشتمانی سازانی لەسەر بکرێت، هەربەم بیانووەش پڕۆژەی دەستووری کوردستانیان رەتکردەوە، لەبەر ئەوەی بە کۆی دەنگ پەسەند نەکرا، بەڵام هەر ئەوانە لەیەکەم هەنگاویان لەناو پەرلەمانێك کە بە سازان پێکهێنرابوو، هەموو هەوڵی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی سادەی رووکەش کۆبکەنەوە، سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان لەبەریەك هەڵبوەشێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٤ ساڵی رابردوو لە سەر بنەمای هاوسەنگی و سازان بەردەوام بووە. ئەوانەی لەپشت ئەم پلانە بوون، خۆیان دەیانزانی ئەمەیان بۆ ناچێتەسەر، بەڵام ئەمجارەشیان ئەزموونێکی شکستخواردوویان تاقیکردەوە، ئەمەش فێرمان دەکات، کە نابێت جارێکی دیکە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان ببێتە ئەسیری میزاجی هیچ لایەنێکی سیاسی و دەبێت هەموومان بگەینە قەناعەت بەوەی بە ئەقڵانییەت سیاسەت دەکرێت و هەر بە ئەقڵانییەتیش حوکمڕانیی راست و رەوان بەڕێوەدەبرێت. بۆ گەیشتن بەم ئاراستە دروستەش پێویستە لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی بەرەو سازانێکی سیاسیی نوێ هەنگاو هەڵبگرین، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانمان سەقامگیری سیاسی بۆ مەودایەکی دوور لە کوردستاندا مسۆگەر بکات.

---

***جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**



د.محەمەد ساڵح جومعە بۆ گوڵان:

# پێش ئەوەی ریفراندۆم ئەنجامبدەین دەبێت هاوپەیمانیی سەربازی بۆ پاراستنی کوردستان گرێبدەین

**کورد هەتا نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەوا ئەو یەکبوون و یەکڕیزییەی کە پێویستە، دروست نابێت ئەمەش واتە دەوڵەت دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ یەکبوون و یەکڕیزیی نەتەوە**





**سەرۆک بارزانی پشتیوانیی گەورەی بۆ سەربەخۆیی بەدەستهێناوە، بەڵام ئێمە لە هەموو هەوڵەکانی ئاگادار نین**

**ئەگەر باسی شێوازی سەرکردایەتی و چۆنیەتی ئەو سیاسەتە بکەم کە سەرۆک بارزانی لەم بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزە پیادەی دەکات، ئەوا نەک بە قسەی من، بەڵکو هەموو جیهان گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە ئەو سەرکردانەی وەک بارزانی لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا سەرکردایەتی دەکەن، ژمارەیان زۆر کەمن**

*** ئەو بارۆدخەی کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکی ئاڵۆز و پڕ تەحەدییە، لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا سەرۆك بارزانی دەیەوێت کورد بگاتە دوائامانجی خۆی و کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە بۆ بەرژەوەندی کورد وەردەچەرخێت؟**

- ئەگەر باسی شێوازی سەرکردایەتی و چۆنیەتی ئەو سیاسەتە بکەم کە سەرۆك بارزانی لەم بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزە پیادەی دەکات، ئەوا نەك بە قسەی من، بەڵکو هەموو جیهان گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە ئەو سەرکردانەی وەك بارزانی لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا سەرکردایەتی دەکەن، ژمارەیان زۆر کەمە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت شێوازی سیاسەت و سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی بناسین، ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی، ئایا هەر لە شێخ عەبدولسەلام تا دەگاتە بارزانی نەمر، ئامانجیان لە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا چی بووە؟ بێگومان ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە، بەڵام دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین سیاسەت لە چوارچێوەی رێبازی بارزانیدا سیاسەتێکی لۆژیکانە و لەسەرخۆ بووە، پێش هەمووشت هەر لەسەردەمی شێخ عەبدولەسەلامەوە لە ساڵی ١٩١٣ ئەو راستییە رەچاوکراوە کە هەنگاوهەڵگرتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بەوەیە هێزی بۆ ئامادەبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش شێخ عەبدولسەلام ئەو هێزەی لە بارزانییەکان دروست کرد، پاشان ئەو دەیزانی دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە پشتیوانی نێودەوڵەتی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران زۆر بەهێز بوون، بۆیە هەنگاوی دووەمی شێخ عەبدولسەلام ئەوە بوو چووە تەورێز بۆ ئەوەی کونسوڵی رووسیا لە تەورێز ببینێت، لەو سەردانەشیدا سمکۆ و عەبدلڕەزاق بەدرخانی لەگەڵدا بوو، بۆ ئەوەی پشتگیری رووسیا بۆ دەوڵەتی کوردستان مسۆگەر بکات، دوای شێخ عەبدولسەلام و لە سەردەمی رابەرایەتی بارزانیی نەمردا ئەم سیاسەتە بۆ هەمان ئامانج درێژەی هەبووە و بەرخودان بەردەوام بووە، بارزانیی نەمر لەسەر چەند ستوونێك سیاسەتی خۆی بیناکردبوو کە بریتی بوون لە:

١. هێزی چەکداری بارزانییەکان، ٢. پارتی دیموکراتی کوردستان، ٣. هێزی لەبن نەهاتووی گەلی کوردستان، ٤. رووسیا وەك پشتگیری نێودەوڵەتی.

هەر بۆیە بارزانیی نەمر هەتا ساڵی ١٩٧٤ هەر هەنگاوێکی هەڵگرتبێت، راوێژی لەگەڵ رووسیا کردووە، بەڵام بارزانیی نەمر دەوڵەتمەدار بوو، هەنگاو بە هەنگاو بەشێوەیەکی لەسەرخۆ

**ژینگەی هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژینگەیەکی تێکچرژاوە و پرسەکان بەیەکداچوون و ئەوەی زۆر وردبینانە سەیری نەکات و بەدواداچوونی لەسەر نەکات، بەئاسانی سەری داوەکان و شێواز و ئاراستەی هاوپەیمانی و هێزە دژ و پێکناکۆکەکان لەیەکتری جیا ناکاتەوە. لە سەرتاسەری ناوچەکە لە چوارچێوەی مەدی شیعەگەرایی بە سەرۆکایەتی ئێران و کێشمەکێش و ململانێی نێوان ئێران و سعودیە و ئیسرائیل و ئێران لەلایەکی دیکە، بازنەیەکی فراوانی شەڕی بەوەکالەت دروستبووە، ئێران لە یەمەنەوە تا دەگاتە لوبنان و سووریا و عێراق و تورکیا، پشتگیری ئەم شەڕی بەوەکالەتە دەکات و لە هەر شوێنێك پشێوی هەبێت، ئێران یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی ناو ئەو پشێوییە، ئەم حاڵەتە بارودۆخی سیاسیی کوردستانیشی لێ بەدەر نییە و هەتا کوردستانیش نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەستێوەردان و کاریگەری دەرەکی لەسەر ناوخۆی کوردستان بەردەوام دەبێت، بۆیە لەم راستەوە پاراستنی کوردستان لە پریشکی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە لای سیاسەتمەدار و شارەزایانی سیاسەت ئەولەوییەتی سەرەکی هەیە، کە هەندێك لەو سیاسەتمەدارانەی زۆر قووڵ لەسەر وردەکاری پرسەکە هەڵوەستە دەکەن، پاراستنی کوردستان دەخەنە پێش راگەیاندنی سەربەخۆیی، یان ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ قسەکردن لەسەر کۆی ئەم بارودۆخە و پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا و لە کۆی هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ سیاسەتمەداری بەئەزموون د.محەمەد ساڵح جومعە ئەنجام دا و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

هەنگاوی بۆ ئامانجە گەورەکە هەڵدەگرت، بۆیە لە سەرەتادا داواکاری لامەرکەزی بوو، پاشان رێککەوتنی ئادار هات و بووە ئۆتۆنۆمی، دوای ئۆتۆنومی ئەم داواکارییە گۆڕا بۆ فیدراڵییەت، ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات، بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری سیاسەتی مسعود بارزانی بکەین، هەست بەو راستییە دەکەین کە هەنگاو بە هەنگاو درێژەی بە سیاسەتی رێبازی بارزانی داوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەت، لەم رێبازەشدا سەرۆك مسعود بارزانی نە دژی تورکە، نە فارس و نە عەرەب، بەڵکو تەنیا دژی ئەو رژێمانەیە کە بۆ رێگرتن لەو ئامانجە شەڕی لەگەڵ دەکەن، تەنیا ئامانجیشی ئەوەیە کە کورد لە کۆیلایەتی و بندەستی رزگار بکات و ببێتە خاوەنی کیان ودەوڵەتی خۆی.

*** دیارە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی و سەرفرازی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان زۆر گرنگە، بەڵام لە ئێستادا ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە وەك پێویست بوونی نییە، ئایا تاچەند ئەم حاڵەتە ئاستەنگ بۆ ئامانجە سەرەکییەکە دروست دەکات؟**

- بە درێژایی خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، ئامانجی رێبازی بارزانی یەکبوون و یەکڕیزی کورد و کوردستان بووە، بەڵام لە مێژووشدا ئەو راستییە فێربووین کورد هەتا نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەوا ئەو یەکبوون و یەکڕیزییەی کە پێویستە دروست نابێت، ئەمەش واتە دەوڵەت دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ یەکبوون و یەکڕیزی نەتەوە، هەتا دەوڵەت دروست نەبێت، ناتوانرێت رێگە لە دەستێوەردانی دەوڵەتی دەرەکی بگرین، هەر بۆ نموونە ئێستا ئێران کە دژایەتی دەوڵەتی کوردستان دەکات، شەڕی راستەوخۆی لەگەڵ کوردستان نییە، بەڵکو شەڕی راستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیل و سعودیە و ناتۆ و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە کە ژمارەیان ٦٣ دەوڵەتە، بۆیە ئەو هێز و لایەنانەی خۆیان دەخەنە میحوەری ئێران و پشتگیری ئەو سیاسەتە دەکەن، سەرەنجام تێکدەشکێن و ئەوەی لەدەستی بدەن، بۆیان ناگەڕێتەوە، لەم راستەدا سەرۆك مسعود بارزانی بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە، سیاسەتێکی نەرم و لۆژیکانە بەرامبەر ئەو لایەنانە پیادە دەکات. ئەگەر لێرەدا بپرسین ئەگەر پێشتر سیاسەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بۆ پشت بە هێزی دەرەکی تەنیا لە سەر رووسیا بووبێت، ئایا ئێستا سیاسەتی سەرۆك بارزانی لەسەر چ بنەمایەك راوەستاوە؟ بیگومان ئێستا ئەم سیاسەتە لەسەر سێ ستوونی سەرەکی

**ئەمڕۆ سەرۆک بارزانی بخوازێت سبەی ئیسرائیل هێزی خۆی دێنێتە کوردستان و بەرامبەر ئێران رادەوەستێت و هێزی سعودیە ئەوەی ناویان ناوە (درع الشمال) دێتە هەولێر و بنکە و بارگەی خۆی لە چۆمان و حاجی ئۆمەران رێکدەخات**

**ناردنی شاندی کوردستان بۆ بەغدا لەبەر خاتری چاوی شیعە نییە، بەڵکو پیشاندانی نییەتی پاکی کوردستانە بەرامبەر بە ئەمەریکا، بەوەی کورد دەیەوێت پێوەندی لەگەڵ عێراق هەبێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا، بەڵام حکومەتی عێراق دەستوورەکەی نەهێشتووە**

راوەستاوە کە بریتین لە (١- ئیسرائیل، ٢- سعودیە و ئەمەریکا و ناتۆ، ٣- رووسیا)، ئامانجی سەرەکیی سەرۆك بارزانی بۆ تەواوی ناوچەکە ئەوەیە ئاشتی و سەقامگیری و دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێتەئاراوە، ئەم ئامانجەش لە بەرژەوەندی ناتۆ و رووسیا و گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە بە تورك و فارس و عەرەبیشەوە، هەروەها بە نەمانی نەخشەی سایکس پیکۆ تەوای نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت، بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ئەو ستەم و غەدرەی بە درێژایی مێژوو لەسەر کورد بووە کۆتایی دێت، لە هەمانکاتدا ئاشکرایە تورکیا و ئێران دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن، بەڵام دیسان ئەوەش لای هەموو لایەك روونە کە تورکیا خۆی ئێستا لە ئاستەنگێکی گەورەدایە، ئێران لە یەمەن و لوبنان و سووریا و عێراق سیاسەتەکەی شکستی هێناوە، ئایا لەم حاڵەتەدا دەتوانن سیاسەتی خۆیان بەرامبەر کوردستان بگۆڕن؟ بێگومان ناتوانن بیگۆڕن و ئێمەش گلەییان لێ ناکەین کە ناتوانن سیاسەتی خۆیان بگۆڕن.

*** ئەگەر باسی کاریگەری رۆڵی دەوڵەتی ئێران بکەین لەسەر تەواوی بارودۆخی ناوچەکە، ئەوا دەبینین، ئێران لە یەمەنەوە تا دەگاتە لوبنان لە هەر شوێنێك داردەستێکی هەیە و ئەو داردەستە بەوەکالەت شەڕ بۆ ئێران دەکات، لە کوردستانیش ئەو داردەستەی هەیە کە شەڕی بەوەکالەتی بۆ دەکات، ئایا چۆن دەتوانرێت لەگەڵ حاڵەتی شەڕی بەوەکالەت مامەڵە بکرێت؟**

- ئێران وەك دەوڵەت مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەوڵەتێکی بەهێزە و لە دەوڵەتداریشدا ئەزموونی ٢٥٠٠ ساڵی دەوڵەتداری هەیە، لە ئێستادا ئێران چاوی لەوەیە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی کۆرشی بەر لە ٢٥٠٠ بگێڕێتەوە و هەژموونی خۆی بە ناوی شیعەگەرایی بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت، بۆ ئەمەش لە یەمەن و باشووری لوبنان و سووریا و عێراق هەوڵیداوە ئەم شەڕە بکات، ئێران لەو شوێنانە دەتوانێت ئەو شەڕانە بکات، لەبەر ئەوەی لەو شوێنانە هێزێك نییە راستەوخۆ بەرامبەری رابوەستێت، بەڵام شەڕکردن لە کوردستاندا جیاوازە، شەڕی ئێران راستەوخۆ لەگەڵ سعودیە و ئەمەریکا و ئیسرائیل و ناتۆ و ٦٣ دەوڵەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە، لەو شوێنانەی دیکە وەك یەمەن و لوبنان و عێراق و سووریا ئەو هێزانە بوونیان نییە کە راستەوخۆ رووبەڕووی ئێران رابوەستنەوە، بەڵام ئەو هێزانە لە کوردستان بوونیان هەیە و دەتوانن رووبەڕووی رابوەستنەوە. کێشەی سەرەکیی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست میلیشیای جیهادی سوننە و شیعەیە، لەناو ئەم ململانێیەدا، جیهادی عەرەبی سوننە و تورکیا، هەروەها جیهادی شیعەگەرایی سەر بە ئێرانیش بوونی هەیە، ئەوجا ئەگەر جیهادی سوننە داعشی بەرهەم هێنابێت، ئەوا جیهادی شیعەش لە عێراق حەشدی شەعبی و لە سووریا و لوبنان حزبوڵا و چەندین ناوی دیکە و هەروەها لە یەمەن حوسییەکانی بەرهەم هێناوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لەسەر سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو و ئیسرائیل دروست کردووە، هەر بۆیە سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو بە ئاشکرا دەڵێن تەنیا رێگەیەك بۆ مانی ئێمە هاوپەیمانییە لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەمەش بە ئاشکرا دەڵێن و نەیانشاردۆتەوە، دیارە ئێران خۆیشی ئەو راستییە باش دەزانێت کە بە رێگەی شەڕکردن لە یەمەن و لوبنان و سووریا و عێراق، شەڕەکە ناگوازرێتەوە بۆ ناو ئێران، بەڵام بە شەڕکردن لەگەڵ کوردستان، شەڕەکە بۆ ناو ئێران دەگوازرێتەوە. جگە لەوەش ئێران لە مێژووی دیپلۆماتییەتی خۆیدا لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەك ئێستا بە تەنیا نەبووە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە لە سیاسەتی ئێراندا، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕەی دەیکات بۆ رێگرتنە لە دەوڵەتی کوردستان، ئەمەش ئیشتبایەکی گەورەیە لەبەر ئەوەی هەموو جیهانی ئازاد پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات، لەمەش زیاتر هەمووشیان ئامادەن هێز بنێرنە کوردستان بۆ ئەوەی بەرامبەر ئێران رابوەستن، بەتایبەتیش سعودیە و ئیسرائیل.

*** بەڵام دیسان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ واقیعی کوردستان، هەست دەکەین ئەو شەڕی بەوەکالەتەی لە یەمەن و لوبنان و عێراق و سووریا بە سەرپەرشتی ئێران بوونی هەیە، بەهەمان شێوە لە کوردستانیش هەمان شەڕ لەلایەن پەکەکە و هەندێك هێزی دیکە بە پشتگیری ئێران دژی دەوڵەتی کوردستان و شەخسی مسعود بارزانی بوونی هەیە، ئایا ئەمە راستی نییە؟**

- راستە ئەو هێزانە شەڕ دەکەن و راستەوخۆش دژی دەوڵەتی کوردستان و مسعود بارزانی-ن، ئەمەش

**موفتەدا سەدر شەڕی ئەوە دەکات خۆی ببێتە مەرجەع و جێگەی سیستانی بگرێتەوە. بەڵام ئێران رازی نابێت، بۆیە هیچ جیاوازییەک لە نێوان سەدر و عەبادی و مالیکی نییە، هەر دوێنێ بوو پەرلەمانتارێکی تەیاری سەدری بە ڤیان دەخیل-ی گوت: دەتانکەینە سەبایا و عەبد و دەتانبەین بۆ جەماعەتی سەدر، ئەم قسە (زلة لسان) نییە، بەڵکو گوتنی ئێرانە**

**ئەم شەڕە ئێستا لە نێوان کورد و شیعە، یان شیعە و سوننە نییە، بەڵکو شەڕی نێوماڵی شیعە خۆیەتی، شەڕی نێوان شیعە و شیعەیە، هەندێک لەلایەنە شیعەکانی عێراق رازی نابن، عێراق ببێتە کۆلۆنیاڵی ئێران**

**بان کی مۆن بە فەرمانی دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی سەردانی کوردستانی کردووە، ئەندامانی هەمیشەییش بریتین لە (ئەمەریکا، رووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و چین)، ئەو هاتبوو بە پشتگیری ئەوان لەبەر ئەوەی هێزە گەورەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پرسە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک گێڕانەوەی سەقامگیری ئاشتی و دیموکراتی و تێکشکاندنی داعش لە دەستی کورددایە**

لەبەر ئەوەیە ئەو لایەنانە راستەوخۆ گرێدراون بە ئێرانەوە و بە فەرمانی ئێران سیاسەت دەکەن، بۆیە من راشکاوانە دەڵێم ئەو لایەنانە ئەوجا هەر کێ بن، لەناو هاوکێشەی سیاسیدا چارەنووسیان نەمان دەبێت لەبەر ئەوەی چارەنووسی خۆیان بە ئێرانەوە گرێداوە، لێرەدا دیسان دووبارەی دەکەمەوە، ئەو شەڕەی ئێران دەیکات بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و سعودیە و ئەمەریکا و ناتۆیە، ئێران وەك دەوڵەت زیرەکە و دەزانێت خۆی وەك دەوڵەت ناتوانێت ئەو شەڕە لەگەڵ کوردستان بکات لەبەر ئەوەی راستەوخۆ رووبەڕووی ئەو هێزانە دەبێتەوە، بۆیە پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر ئێران خۆی وەك دەوڵەت نەتوانێت راستەوخۆ ئەو شەڕە بکات، ئایا شەڕی ئیسرائیل و سعودیە و ئەمەریکا و ناتۆ بەو خەڵکانە دەکرێت؟ هەر دوێنێ ئەردۆگان دەیگوت، پەکەکە، یان دەبێت تەسلیم بن، یان دەبێت نەمێنن، ئەم شەڕەی پەکەکە دەیکات باشترین دەرفەتی بە تورکیا داوە، لەمەوە دەڵێم ئەو شەڕەی ئێران بەو لایەنانەی دەکات، سەرەنجام ملیان دەشکێنێت.

*** بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە ئێستا پەکەکە بەرپرسیاریەتی خۆی لە کاری خۆکوژی و تیرۆریستی رادەگەیەنێت، ئاشکراشە ئەوەی وەك بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان شانازی پێوە دەکەین ئەوەیە کە کورد دژی تیرۆر بووە، پرسیار ئەوەیە بۆچی پەکەکە ئەو کارانە دەخاتە ئەستۆی خۆی؟**

- ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ کورد ئەوەیە کە لە ٤٠٠ ساڵ پێش زایینەوە هەتا ئێستا کورد تیرۆریست نەبووە، بەڵام بەداخەوە پەکەکە وەك پاسداری ئێرانی بە فەرمانی ئێران ئەو کارانە دەکات، مەبەستی ئێرانیش لەو کارانە ئەوەیە پرسی کورد چەواشە بکات و لەبەرچاوی جیهان وەك تیرۆریست نیشانی بدات. هەر بۆ نموونە کاتێك ئەڵمانیا بڕیاری دا چەك بدات بە کوردستان، بە فەرمانی ئێران پەکەکە چەند ژنێکی کوردی ئێزیدی نارده پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی بڵێن چەك مەدەن بە پێشمەرگە لەبەر ئەوەی ئەو چەکانە دەدەنە داعش، حکومەتی تورکیاش چەند ژنێکی ناردبوو کە چەك مەدەن بە پێشمەرگە لەبەر ئەوەی دەیدەنە پەکەکە، ئەڵمانیا لەمە تێگەیشت، زانی ئەمە پیلانی ئێران و تورکیایە، بۆیە لە سایەی قارەمانیەتی پێشمەرگە و بەبەکارهێنانی ئەو چەکانە بەشێوەیەکی کارامە، توانیمان شنگال و کوردانی ئێزیدی ئازاد بکەین، بۆیە ئەو شەڕەی پەکەکە لە تورکیا دەیکات، بە فەرمانی ئێرانە، ئەمەریکا دەخوازێت بەهۆی ئەو شەڕەوە شەڕێك لە نێوان تورکیا و ئێران دروست ببێت، بەڵام ئامانجی گەورەی ئێران ئەوەیە رووی کورد ناشیرین بکات و وەك تیرۆریست پێشانی جیهانی بدات.

*** ئەگەر راشکاوانەتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین، ئایا مەبەستت چییە کە دەڵێی ئەگەر ئێران شەڕی کوردستان بکات، شەڕەکە دەکەوێتە ناو ئێرانەوە؟**

- ئەو سیاسەتەی سەرۆك مسعود بارزانی لەم شەڕەدا پیادەی کردووە، هەموو هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشی کردۆتە پشتیوان بۆ کوردستان، بۆیە ئەگەر کوردستان و سەرۆك بارزانی بەتەنیا بوونایە، لەوانەیە ئێران و داردەستەکانی بیانتوانیایە شتێك بکەن، بەڵام ئەمڕۆ کوردستان بەتەنیا نییە، من شتێکی شاراوە ئاشکرا ناکەم، خۆتان دەبینن ئێستا سعودیە و ئێران لە چ حاڵەتێکدان، هەروەها دەزانن ئێران و ئیسرائیل چۆن سەیری یەکتری دەکەن، بۆیە ئەمڕۆ سەرۆك بارزانی بخوازێت سبەی ئیسرائیل هێزی خۆی دێنێتە کوردستان و بەرامبەر ئێران رادەوەستێت و هێزی سعودیە ئەوەی ناویان ناوە (درع الشمال) دێتە هەولێر و بنکە و بارگەی خۆی لە چۆمان و حاجی ئۆمەران رێکدەخات. بۆیە ئەگەر ئێران راستەوخۆ شەڕی کوردستان بکات، شەڕەکە دەچێتە ناو ئێران، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئێران وەك ساڵی ١٩٤٣ دەتوانێت خۆی بپارێزێت؟ بێگومان نەخێر، ئێران خۆیشی دەزانێت شەڕ بکەوێتە ناو ئێران، ئێران وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو نامێنێت و دەبێتە ٥ دەوڵەت (بەلوچ، ئازەری، عەرەب، کورد، فارس)، بە بۆچوونی من ئێران دەوڵەتێکی زیرەکە و ئەم کارە ناکات، دیارە لەم بارودۆخی شەڕەشدا تورکیاش هەولێدا بە رێگەی داعش کش و مات لە کوردستان بکات، بەڵام بۆی دەرکەوت غەلەتی کرد، ئێستا ئێرانیش لەو راستییە تێگەیشتووە، ئەگەر بیەوێت شەڕ لە کوردستان بکات، ئەوا سعودیە و ئیسرائیل سوپای خۆیان دێننە کوردستان و لە کوردستانەوە راستەوخۆ بەرامبەر ئێران شەڕ دەکەن، ئەمەش هەر کاتێك پێویست بێت، دەبێت بکرێت، ئەوجا ئەمڕۆ بێت یان سبەی.

**ئەو کاتەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و لە هەولێر نزیك بووەوە، راشکاوانە ئیسرائیل بە سەرۆك ئۆباما-ی راگەیاند، ئەگەر تۆ بڕیار نەدەیت، ئەوا ئیسرائیل بە فڕۆکە و سوپای خۆی بەرگری لە کوردستان دەکات، بۆیە ئۆباما رایگەیاند کوردستان هێڵی سوورە، من دەڵێم سەرۆك بارزانی هەنگاوی زۆر باشی بۆ دابینکردنی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری کوردستان هەڵگرتووە**

**کاتێك ئەڵمانیا بڕیاری دا چەك بدات بە کوردستان، بە فەرمانی ئێران پەکەکە چەند ژنێکی کوردی ئێزیدی نارده پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی بڵێن چەك مەدەن بە پێشمەرگە لەبەر ئەوەی ئەو چەکانە دەدەنە داعش، حکومەتی تورکیاش چەند ژنێکی ناردبوو کە چەك مەدەن بە پێشمەرگە لەبەر ئەوەی دەیدەنە پەکەکە، ئەڵمانیا لەمە تێگەیشت، زانی ئەمە پیلانی ئێران و تورکیایە، بۆیە لە سایەی قارەمانیەتی پێشمەرگە و بەبەکارهێنانی ئەو چەکانە بەشێوەیەکی کارامە، توانیمان شنگال و کوردانی ئێزیدی ئازاد بکەین**

*** ماوەی یەك دوو ساڵە ئیسرائیل زۆر ڕاشكاوانە پشتگیری خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان ڕاگەیاندووە، ئایا ئەم پشتگیرییە تاچەند كردەییە، یان هەر بانگەوازێكە و هیچی دیكە؟**

- ئیسرائیل باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی چۆن دەوڵەتانی ناوچەكە دژی ئیسرائیلن و ڕایدەگەیەنن نابێت دەوڵەتی ئیسرائیل بمێنێت، بە هەمان شێوە هەموو ناوچەكەش دژی كورد و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستانن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئیسرائیل كوردستان بە هاوچارەنووسی خۆی دەزانێت، ئەم هاوچارەنووسییەش وا لە هەردوولامان دەكات كە دروشمی كۆنفیدراڵی نێوان كوردستان و ئیسرائیل بەرز بكەینەوە، هەر ئەمەش وایكردووە ئیسرائیل هەموو باڵیۆزخانەكانی خۆی لە دەوڵەتی جیهان ئاگادار بكاتەوە و ڕاشكاوانە پێیان بڵێت، ئێوە تەنیا نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئیسرائیل ناكەن، بەڵكو نوێنەرایەتی كوردیش دەكەن، بۆیە ئیسرائیل مان و نەمانی خۆی لە دەوڵەتی كوردستان دەبینێت، ئەمەش نەك لەبەر خاتری چاوی ئێمە، بەڵكو ئەوە برا عەرەبەكان وایانكردووە و بە ئێمە دەڵێن ئێوە ئیسرائیلی دووەمن، ئیسرائیلیش دەزانێت، گەلی كورد گەلێكی قارەمانە و دەتوانێت پارێزگاری لە خاكی خۆی بكات، تەنیا كەموكورتی هێزی كورد، نەبوونی چەكی پێویست و هاوپەیمانییە، كە ئەم دوانەشی بۆ فەراهەم كرا، ئەوا كورد دەتوانێت خاكی خۆی بپارێزێت. ئێستاش هەموو دەوڵەتە گەورەكان ئەمەریكا، ڕووسیا و ئیسرائیل لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان هاودەنگن.

*** ئایا تەنیا ئەم خاڵە ئیسرائیل و كورد پێكەوە كۆدەكاتەوە؟**

- نەخێر لە ٥١٢ی پێش زایینەوە كورد و ئیسرائیل پێوەندییان هەبووە، لەو سەردەمەی ئیسرائیلییەكان لەسەردەستی نەبوخوزنەسر ئاوارە كران، كورد هەمووی گێڕانەوە بۆ كوردستان، بۆیە بە درێژایی ئەو مێژووە، كورد و ئیسرائیل وەك دوو نەتەوەی چەوساوە هاوچارەنووس بوون.

*** ئەوەی دیسان جێگەی تێڕامانە ئەوەیە كە دەوڵەتێكی وەك عەرەبستانی سعودیە و هەروەها دەوڵەتانی كەنداویش بە ئاشكرا دەڵێن ئێمە هاوپەیمانی ئیسرائیلین، ئایا كورد بۆ ناوێرێت ئەمە بڵێت، ئایا ئیسرائیل ئامادە نییە، یان ئێمە دەترسین؟**

- سعودیە باش دەزانێت بێ پشتگیریی ئیسرائیل دەكەوێتە بەر هەڕەشەی گەورەی ئێران، سعودیە هێندەی باوەڕی بە ئیسرائیلە هێندە باوەڕی بە ئەمەریكا نییە، هەروەها سعودیە باوەڕی تەواوی بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان هەیە، سەبارەت بە ئیسرائیلیش، ئیسرائیل ئامادەیە هەموو هاوپەیمانییەك لەگەڵ كورد بكات، ئەگەر ئێمە ئێستا داوا بكەین ئیسرائیل حازرە. سەرنج بدە ئەو كاتەی داعش هێرشی كردە سەر كوردستان و لە هەولێر نزیك بووەوە، ڕاشكاوانە ئیسرائیل بە سەرۆك ئۆباما-ی ڕاگەیاند، ئەگەر تۆ بڕیار نەدەیت، ئەوا ئیسرائیل بە فڕۆكە و سوپای خۆی بەرگری لە كوردستان دەكات، بۆیە ئۆباما ڕایگەیاند كوردستان هێڵی سوورە، من دەڵێم سەرۆك بارزانی هەنگاوی زۆر باشی بۆ دابینكردنی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری كوردستان هەڵگرتووە، بەڵام سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵەكانی خۆی بۆ ئێمە ئاشكرا ناكات و ئێمە تەواو ئاگادار نین ئەو چ هەنگاوێكی هەڵگرتووە، هەر بۆیە كاتێك ئیسرائیل وەك دەوڵەتێكی گەورە لە ناوچەكە دەڵێت من ئامادەم كوردستان و دەوڵەتی كوردستان بپارێزم، مانای ئەوەیە ئەو ئامادەباشی خۆی دەربڕیوە. بۆیە وەك بۆچوونی خۆم پێموایە ئەم هاوپەیمانییە قسەی لەسەر كراوە و ماوەتەوە بكرێت بە نووسین و ئاشكرا بكرێت، من ئومێد دەخوازم ئاشكرا بكرێت. لەبەر ئەوەی دەبێت پێش ئەوەی ئێمە شەڕ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی بكەین، دەبێت بەرنامە و پلانمان هەبێت چۆن كوردستان بپارێزین، پاراستنی كوردستانیش لە گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیلدایە.

*** واتە پێتانوایە گرێدانی هاوپەیمانی سەربازی بۆ پاراستنی كوردستان بخرێتە پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان؟**

- دەبێت پێش هەموو شت بیر لە گرێدانی هاوپەیمانی سەربازی لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا ریفراندۆم ئەنجام بدەین، یان دەوڵەت ڕابگەیەنین دەبێتە شەڕ، بۆیە دەبێت پێش هەموو شت پلانمان پاراستنی كوردستان بێت، كوردستانیش بە هاوپەیمانی سەربازی دەپارێزرێت.

*** لەم ماوەیەدا بان كی مۆن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان سەردانی هەرێمی كوردستانی كرد و لەگەڵ سەرۆك بارزانی كۆبۆوە، دیارە بان**

**ئێران خۆیشی ئەو ڕاستییە باش دەزانێت كە بە ڕێگەی شەڕكردن لە یەمەن و لوبنان و سووریا و عێراق، شەڕەكە ناگوازرێتەوە بۆ ناو ئێران، بەڵام بە شەڕكردن لەگەڵ كوردستان، شەڕەكە بۆ ناو ئێران دەگوازرێتەوە. جگە لەوەش ئێران لە مێژووی دیپلۆماتییەتی خۆیدا لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەك ئێستا بە تەنیا نەبووە**

**ئێران كە دژایەتی دەوڵەتی كوردستان دەكات، شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ كوردستان نییە، بەڵكو شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیل و سعودیە و ناتۆ و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە كە ژمارەیان ٦٣ دەوڵەتە، بۆیە ئەو هێز و لایەنانەی خۆیان دەخەنە میحوەری ئێران و پشتگیری ئەو سیاسەتە دەكەن، سەرەنجام تێكدەشكێن و ئەوەی لەدەستی بدەن، بۆیان ناگەڕێتەوە**

**ئێران نایەوێت هیچ شارێكی عەرەبی سوننە ئازاد بكرێت بەتایبەتیش موسڵ، بەڵام موسڵ ئازاد دەكرێت، دوای ئەوەش دەوڵەتێكی عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراق دروست دەبێت و ئەو دەوڵەتەش دۆستی كوردستان دەبێت و هاوپەیمانی سعودیە و ئیسرائیل دەبێت**

**کی مۆن کە نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، نوێنەرایەتی دەوڵەتی خاوەن سەروەری دەکات، چۆن سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد؟**

- بان کی مۆن بە فەرمانی دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی سەردانی کوردستانی کردووە، ئەندامانی هەمیشەییش بریتین لە (ئەمەریکا، رووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و چین)، ئەو هاتبوو بە پشتگیری ئەوان لەبەر ئەوەی هێزە گەورەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پرسە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك گێڕانەوەی سەقامگیری ئاشتی و دیموکراتی و تێکشکاندنی داعش لە دەستی کورددایە، هاتووە بە ئێمە بڵێت ئەمەریکا و رووسیا و ئیسرائیل هاودەنگن لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، پێشتر بەعیسەکان دەیانگوت: (ما اتفقا الشرق و الغرب على مسالة إلا المسالة الكوردية)، بەڵام ئەمڕۆ جیایە هەموو لایەك لە سەر دەوڵەتی کوردستان یەکدەنگن و وەك دەوڵەت سەیری کوردستان دەکەن، نەوەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەو هاتبوو بە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق بڵێت، ئێمە پشتیوانی بارزانی و دەوڵەتی کوردستانین، ئەردۆگان لە میانەی شەڕی داعش قسەیەکی راستی کرد و گوتی: (باشە حەلەب وێران و کاول بوو، بۆچی رۆژئاوا شارێکی وەك حەلەب ناپارزێزێت، بەڵام کۆبانی دەپارێزێت؟) لەمەش زیاتر ئۆباما خۆی دەڵێت هەولێر خەتی سوورە، دەبێت لەمانە بە وردی تێبگەین، بۆیە هاتنی بان کی مۆن بۆ کوردستان واتە دەوڵەتی کوردستان لە نەخشەی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە و سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە.

*** ئەوەی لەم رۆژانە لە بەغدا بە ناوی پێکهێنانی کابینەی تەکنوکراتەوە بەرامبەر کورد کرا، پەراوێزخستنی تەواوی کورد بوو لە حکومەتی بەغدادا، ئایا ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- ئەوەی بە ناوی حکومەتی تەکنوکراتەوە کرا، تەنیا پەراوێزخستنی کورد نەبوو، بەڵکو نەمانی کورد بوو لە پرۆسەی سیاسی، نەمانی دەستووری عێراق بوو، هەروەها کۆتایی عێراقیش بوو، ئەم شەڕە ئێستا لە نێوان کورد و شیعە، یان شیعە و سوننە نییە، بەڵکو شەڕی نێوماڵی شیعە خۆیەتی، شەڕی نێوان شیعە و شیعەیە، هەندێك لەلایەنە شیعەکانی عێراق رازی نابن، عێراق ببێتە کۆلۆنیاڵی ئێران، هەر بۆیە ئێستا ئەمەریکا کە پشتی عەبادی دەگرێت، لەبەر ئەوەیە عەبادی دژی ئێرانە، موقتەدا سەدر شەڕی ئەوە دەکات خۆی ببێتە مەرجەع و جێگەی سیستانی بگرێتەوە. بەڵام ئێران رازی نابێت، بۆیە هیچ جیاوازییەك لە نێوان سەدر و عەبادی و مالیکی نییە، هەر دوێنێ بوو پەرلەمانتارێکی تەیاری سەدری بە ڤیان دەخیل-ی گوت: دەتانکەینە سەبایا و عەبد و دەتانبەین بۆ جەماعەتی سەدر، ئەم قسە (زلة لسان) نییە، بەڵکو گوتنی ئێرانە.

*** بەڵام هەتا ئێستاش کورد شاند رەوانەی بەغدا دەکات و چاوی هەر لەسەر بەغدایە؟**

- ناردنی شاندی کوردستان بۆ بەغدا لەبەر خاتری چاوی شیعە نییە، بەڵکو پیشاندانی نییەتی پاکی کوردستانە بەرامبەر بە ئەمەریکا، بەوەی کورد دەیەوێت پێوەندی لەگەڵ عێراق هەبێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا، بەڵام حکومەتی عێراق دەستوورەکەی نەهێشتووە، ئەوەتا خۆمان دەبینین بەغدا مووچەی حەشدی شەعبی و بەکرێگیراوەکانی لە شنگال دەدات، بەڵام مووچەی پێشمەرگە نادات، بۆیە من پێموانییە هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ عێراق مابێت، بەڵام نابێت بە یەکجارەکیش دەرگای سیاسەت و دیپلۆماتییەت دابخەین.

*** ئەگەر باسی ئازادکرنەوەی موسڵ بکەین لە دەستی داعش، هەندێك دەڵێن دوای ئازادکردنی موسڵ مەترسی لەسەر کوردستان زیاتر دەبێت، لەو بارەیەوە بۆچوونتان چۆنە؟**


موسڵ ئازاد دەکرێتەوە، ئەمەریکا رێگەنادات ئێران رۆڵی لە ئازادکرنەوەی موسڵ هەبێت، بەرنامەی ئازادکردنەوەکەی خستۆتە ژێردەستی خۆی، هاوپەیمانی لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە و حەشدی وەتەنی سوننە کراوە، رێگەنادەن حەشدی شەعبی بەشداری ئازادکردنەوەی موسڵ بکات، ئەگەر بە خواستی ئێران بێت، ئێران نایەوێت هیچ شارێکی عەرەبی سوننە ئازاد بکرێت بەتایبەتیش موسڵ، بەڵام موسڵ ئازاد دەکرێت، دوای ئەوەش دەوڵەتێکی عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراق دروست دەبێت و ئەو دەوڵەتەش دۆستی کوردستان دەبێت و هاوپەیمانی سعودیە و ئیسرائیل دەبێت، لەم حاڵەتەشدا یان دەبێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی و هەر سێ دەوڵەتی کورد و شیعە و سوننە کۆبکاتەوە، یان دابەش دەبێت و دەبێتە سێ دەوڵەتی سەربەخۆ.


**بارزانیی نەمر دەوڵەتمەدار بوو، هەنگاو بە هەنگاو بەشێوەیەکی لەسەرخۆ هەنگاوی بۆ ئامانجە گەورەکە هەڵدەگرت، بۆیە لە سەرەتادا داواکاری لامەرکەزی بوو، پاشان رێککەوتنی ئادار هات و بووە ئۆتۆنۆمی، دوای ئۆتۆنومی ئەم داواکارییە گۆڕا بۆ فیدراڵییەت، ئێستاش سەرۆک مسعود بارزانی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات**

**سەرۆک مسعود بارزانی نە دژی تورکە، نە فارس و نە عەرەب، بەڵکو تەنیا دژی ئەو رژێمانەیە کە بۆ رێگرتن لەو ئامانجە شەڕی لەگەڵ دەکەن، تەنیا ئامانجیشی ئەوەیە کە کورد لە کۆیلایەتی و بندەستی رزگار بکات و ببێتە خاوەنی کیان ودەوڵەتی خۆی**

# THE SHIITE JIHAD IN SYRIA AND ITS REGIONAL EFFECTS

**Phillip Smyth**






# سیاسەتی شیعەگەرایی

## وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی جیهادی سوننە بۆ عێراق و بونیادی جیهادی شیعە لە شامەوە





«ئەم راپۆرتە خویندنەوەیەکە بۆ کتێبی (جیهادی شیعە لە سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە) کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ فلیپ سمیس توێژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیک نووسیویەتی، هەروەها خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبی (جیهاد لە سووریا، قاعیدە و داعش و بەرەوپێشەوە چوونی یاخیبوون) کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ چارلس لیستەر توێژەری باڵا لە ئامۆژگای برۆکینگز نووسیویەتی.»

**تاران لە ئێستا شەڕی سووریا بەکاردەهێنێت بۆ برەودان بە ئامانجەکەی بۆ ئەوەی ببێتە بەرجەستەکارێکی باڵادەستی ئیقلیمی و جیهانی شیعە، ئەمەش لەو کاتەوە کە هێرشکرایە سەر مەزاری سەیدە زەینەب، ئێران و وەکیلەکانی کەوتنە بانگەشەی ئەوەی ناکرێت گرنگیی ستراتیژیی ئەم مەزارگەیە لەبەرچاو نەگیرێت، هەر بۆیە لە دەوروبەری ئەم مەزارگەیە شەڕێکی پچڕپچڕ روویدەدا و هەندێ جاریش زیادی دەکرد، هەروەها ئەوەی زیاتر باڵادەستیی مەزاری سەیدە زەینەب لە تێڕوانینی شەڕکەرە شیعەکاندا بەرجەستە دەکات ئەو گۆرانییەیە کە بە ناوی (لبیک یا زینب) وتراوە و بە زۆری لە رێوڕەسمی پرسەی کوژراوانی ئەندامانی حزبوڵای لوبنانی و شیعەکانی عێراق لە سووریادا دەوترێتەوە**

## ■ بۆچی رژێمی سووریا قاعیدەی عێراق و داعشی دروستکرد؟

رژێمی بەعسی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن و رژێمی بەعسی سووریا بە سەرۆکایەتی بەشار ئەسەد، لەگەڵ ئەوەی دوو باڵی دژ بە یەکی یەك حزب بوون، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ـەوە کە رەهەندەکانی سیاسەتی ئەمەریکا بەرەو رووخانی رژێمی سەدام حوسێن زیاتر ئاشکرابوون و پاشانیش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری بەدوادا هات کە گەورەترین کاری تیرۆریستی بوو لەلایەن رێکخراوی ئەلقاعیدەوە ئەنجامدرابوو، ئیدی لەو کاتەوە رژێمی سەدام حوسێن بۆ مانەوەی خۆی و رژێمی ئەسەد بۆ رێگرتن لە سەرکەوتنی ئەمەریکا لە عێراق، کە دیمەشق بەو جۆرە سەیری دەکرد دوای عێراق سەرەی ئەویش دێت، کەوتنە بەکارهێنانی چەکدارانی تیرۆریست بۆ پارێزگاری خۆیان، دیارە ئەم ترسە لەلایەن ئێرانیشەوە بوونی هەبووە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سیاسەتێکی هاوبەش بوو بۆ هەریەك لەدەوڵەتی عێراق و ئێران و سیاسەتەکەش لە ژێر ناونیشانی جڵەوگیری دوولایەنەی عێراق و ئێران (Double containment for Iraq and Iran) بووە، بۆیە لەم لایەنەشەوە ئێران بە گۆڕینی رژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمەریکاوە نیگەران بوو، لەهەمانکاتدا جیا لەوەی هەوڵیدەدا لە چوارچێوەی سیاسەتی شیعەگەرایی نفوزی خۆی لە عێراق زیادبکات، لە هەمانکاتدا پشتگیری هەموو هەوڵەکانی دیمەشق-یشی دەکرد بۆ ئەوەی چەکداری سوننەی جیهادی رەوانەی عێراق بکاتەوە.

ئاشکرایە سووریا لە سەردەمی ئەسەدی باوکەوە هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هەمووکات دیمەشق پاشکۆی سیاسەتی تاران بووە، تەنانەت لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراقیشدا، سووریا پشتگیری کۆماری ئیسلامی کرد، نەك عێراق، لەم بازنەیەدا و لەماوەی زیاتر لە ٣٧ ساڵی رابردوو بەردەوام رژێمی سووریا - چ لەسەردەمی حافز ئەسەد و چ بەشاری کوڕی -، هەموو کات ناوەندێکی گرنگی مەدی سیاسەتی شیعەگەرایی تاران بووە لە سووریا و لوبناندا.

لەوانەیە پرسیار لێرەدا ئەوە بێت، کە رژێمی سووریا سیاسەتی شیعەگەرایی پیادە بکات، ئایا چۆن بووە سەرچاوەی دروستکردنی لقی قاعیدەی عێراق و پاشانیش رێکخراوی داعش لە عێراق و هەروەها بەرەی نوسرە لەناو سووریادا؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە چارلس لیستەر لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (جیهاد لە سووریا، قاعیدە و داعش و بەرەوپێشەوەچوونی یاخیبوون) بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: «کاتێك ئێمە قووڵ رۆدەچین و سەرنج لە سەرەتاکانی ساڵانی ٢٠٠٠ و کۆتایی ساڵانی نەوەتەکان دەدەین، ئەو سیاقە بەدی دەکەین کە تێیدا ئەم گروپە تیرۆریستییانە هاتنەئاراوە. لەبەر ئەوەی لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠دا بەشار ئەسەد دەستی دایە گەمەپێکردن و بەکارهێنانی رەوت و شوێنکەوتووانی جیهادی سەلەفی قیتالی، بەشار ئەسەد کاتێك دەیزانی ئەم گروپانە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری رژێمەکەی، ئەوا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری سوپادا، هەڵدەستا بە هەناردەکردنیان بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە و بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی سووریا بەکاردەهێندران، کەواتە ئەگەر ئەم ئەم سیاسەتە مەبەست ئامێزەی بەشار ئەسەد نەبوایە بۆ سوودوەگرتن لە گروپی جیهادی سەلەفی قیتالی لەناو سووریادا، بەم ئاستەی ئێستا جیهادی سەلەفی قیتالی سوننە نەدەبوونە مەترسی و هەڕەشە و قاعیدەی عێراق و داعشیش دروست نەدەبوون، بەڵام ئاشکرایە جیهادی قیتالی میلیشیایی سوننە لە پشێویدا گەشە دەکات، پشێویش لە سووریادا بە خێرایی گەشەی کرد بەهۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانەوە، کە ئەویش لە تووڕەیی و نائومێدییەوە لە سیستمی دەوڵەت سەرچاوەیان گرتبوو، بزووتنەوە جیهادییەکانیش لەسەرجەم جیهاندا کەڵکی خراپیان لەو کێشەیە وەرگرت، بەڵام دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێین کەو لەو کاتەدا سووریا مەڵبەندێك بوو کە ژێرخانێکی گەورەی جیهادی تێیدا هاتبووە دامەزراندن کە لە لایەن بەشار ئەسەد و هەواڵگری سوپای سووریاوە پەر بەو ژێرخانە درابوو، بواری پەرەپێدانیشی بۆ رەخسێندرابوو، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەیانەیە کە لە ئێستادا رووبەڕوویان دەبینەوە».

پرسی گرنگ سەبارەت بە گەمەی بەشار ئەسەد بەم گروپ و رەوتە جیهادییە قیتالیەی سوننە، لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمەریکاوە دەستی پێکرد، هۆکاری سەرەکیش

بۆ ئەم گەمەیەی کە ئەسەد دەستی پێکرد، هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی رووخانی رژێمی سەدام حوسێن نەبێتە هۆکاری عێراقێکی سەقامگیر و دیموکراتی و فیدراڵی و پاشانیش ئەمە وەك سەرکەوتنی ئەمەریکا لە قەڵەم بدرێت و دواتر ئەمەریکا هەوڵبدات، ئەزموونی عێراق لە سووریا و ئێران دووبارە بکاتەوە. سەبارەت بەم لایەنە چارلس لیستەر لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «باشترین بەڵگە و نموونەش لەم رووەوە بریتییە لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، چونکە هەر لە ساتەوەختەکانی سەرەتای هاتنەناوەوەی سەربازانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ نێو عێراق، موفتیی سووریا-کە لە لایەن خودی بەشار ئەسەدەوە دانرابوو- و ناوی شێخ ئەحمەد کەفتارۆ بوو، فەتوایەکی دەرکرد و رایگەیاند کە واجبێکی ئیسلامییە لەسەر هەموو موسڵمانێکی سوننە – بە ژن و پیاوەوە و لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت، بەتایبەتی لە سووریا- کە جیهاد و شەڕ بکات لە دژی داگیرکاری ئەمەریکا لە عێراقدا. ئەم فەتواتەیە بووە هاندەرێکی زۆر گەورە بۆ ئەو خەڵکانە و تەنیا لە ماوەی ١١ رۆژی سەرەتای هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق، زیاتر لە ٥٠٠٠ جیهادیی شەرکەری سوننی کە زۆربەیان سووری و هەندێکیان لوبنانی بوون، سنوری سووریایان بڕی بەرەو عێراق بەرێکەوتن وهەواڵگری سوپای سووریاش سنورەکانی بە رووداو والاکردن و لە دیوی عێراقیشدا پاسەوان و خاڵەکانی پشکنین نەمابوون بەهۆی داگیرکاریەکەوە، زۆرێك لەو ٥ هەزار کەسە لە نێو شارە گەورەکانی سووریادا، وەك -دیمەشق و حەلەب- بە پاسەکانی حکومەت گواسترانەوە بۆ سنوورەکانی عێراق، هەر ئەو شەڕکەرانەش بوونە هەوێنی دروستبوونی ئەلقاعیدە لە عێراقدا، کە دوای دە ساڵ بووە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، یان داعش».

ئەگەر سەرنج لە نووسینەکەی چارلس لیستەر بدەین، بە راشکاوی ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە رۆڵی سەرەکی لە دروستبوونی لقی قاعیدەی عێراق کە ئێستا بووە بە داعش، رژێمی بەشار ئەسەد و هەواڵگری سوپای سووریا بووە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا رژێمی بەشار ئەسەد پێشتر هەماهەنگی راستەوخۆی لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە هەبووە و یەکێك لە سەرکردەکانی قاعیدە لەناو سووریا بوونی هەبووە کە هەماهەنگ بوبێت لەگەڵ رژێمی ئەسەد و دەزگای هەواڵگری سوپای سووریا، سەبارە بەم لایەنەش چارلس لیستەر ئاماژە بە کەسایەتی مەحمود ئەغاسی دەکات کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی قاعیدە لە سووریا و لەمبارەوە نووسیویەتی: «کەسایەتی سەرەکی کە رۆڵی هەبوو لە گواستنەوەی جیهادییەکان لە سووریاوە بۆ عێراق ناوی مەحمود ئەغاسی بوو، کە بە ئەبو قەعقاع ناسرابوو، ئەم کاسەیەتییە مێژوویەکی تەم و مژاوی هەیە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هەر سوورییەکدا بدوێیت، ئەوەت بۆ پشتراست دەکاتەوە کە ئەغاسی بۆ بەچەندین ساڵ پێش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، عەمیلی هەواڵگری سوپای سووریا بووە، من لەگەڵ چەندین بەرپرسی هەواڵگری سووریا لە حەلەب قسەم کردووە، ئەوان ئەو راستییەیان بۆ ئاشکراکردم کە مەحمود ئەغاسی بە چەند ساڵێك پێش داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە لە حەلەب ژیاوە. یەکێك لە بەرپرسەکانی هەواڵگری سووریا بەم شێوەیە وەسفی کەسایەتی ئەغاسی دەکات و پێی گوتم: کاتێك گەیشت جلوبەرگێکی پاکستانی لەبەردا بوو، بە دەگمەن قسەی دەکرد. ئەو کاتەی هێنایان چوار ئەفسەر هەواڵگری لەگەڵدا بوون. ئەو بەرپرسە پێی وتم کە فەرمانمان پێدرابوو ناسنامەی کەسێکی ناوخۆی سووریا و مۆڵەتی شۆفێری و چەند دۆکیۆمێنتێکی دیکەی بۆ دروست بکەین، بەڵام بە بێ هیچ ناوونیشانێکی تۆمارکرا و زانیارییەکی شەخسی، ئەمەش نایاسایی بوو لە سووریا، بەڵام بە سەرنجدان لە تەمەنی گەنجێتی و جلوبەرگەکانی هەستمان کرد ئەمە کەسێکی زۆر گرنگە و چەند ساڵ دوای ئەوە زانیمان کە کێمان لابووە. کەواتە لەو ساڵەدا هەواڵگری سوپای سووریا ئەو کەسەیان هێنایە حەلەب- کە شارێکی گەورەیە- و لە مزگەوتێکدا دایاننا و هەموو بەڵگەنامەیەکی پێویستیان بۆ دەستەبەرکرد و دەستیان والاکرد، لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەبو قەعقاع لە مزگەوتی ئەلزهور لە حەلەب شوێنکەوتەیەکی زۆری بۆ خۆی دروست کردبوو، بەڵام پێشتریش لە کاتی رووداوی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر ئەبو قەعقاع لەگەڵ شوێنکەوتووانیدا بە ناوی (غرباء الشام) هەڵسا بە گێرانی ئاهەنگێك بە بۆنەی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و فیستیڤاڵێکی گەورەیان لە شاری حەلەب سازکرد، پاشان

**دوای ئەوەی چەکدارە تیرۆریستەکانی ئیسلامییەکان لە سووریا هێرشیان کردە سەر شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، بەهەمان شێوەی جیهادی داعش، چەندین میلیشیای هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی بۆ جیهادی شیعە دروست بووە، هەروەک چۆن کاتێک هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی بۆ پشتگیری رژێمەکەی ئەسەد هاتنە دیمەشق راشکاوانە ئەو دروشمەیان بەرزکردەوە کە ئەوان نەهاتوون شەڕ بکەن بۆ مانەوەی ئەسەد، بەڵکو هاتوون بەرگری لە شیعە بکەن**

**لە مانگەکانی سەرەتای راپەرینەکاندا، رژێمی سووریا بە سەدان زیندانیکراوی توندڕەوی ئیسلامی ئازاد کرد، کە ئەگەرچی رژێمەکە بانگەشەی ئەوەی کرد ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئاشتەوایی، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەوە بوو کە لەکەی ئیسلامی بوون و جیهادی بوون بداتە پاڵ موعارەزە، زۆرێک لەو کەسانەش نەک تەنیا گرووپی موعارەزەی ئیسلامی جیهادییان لە سووریا دروست کرد، بەڵکو ئەوان بوونە ریشەی دروستبوونی بەرەی ئەلنوسرە و دواتر داعش**

ئەبوقەعقاع و غربا الشام، ئەوەیان خستەڕوو کە مەشقی سەربازی بۆ شوێنکەوتووەکانیان فەراهەم دەکەن و خۆشحاڵیی خۆیان بە کارە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە لە شوێنەکانی دیکە دەردەبڕی و لە شاشەیەکی گەورەوە ڤیدیۆی چالاکییەکانی ئەلقاعیدەیان نمایش دەکرد و هەندێکیان لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی سووریاوە پەخش دەکران. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ڤیستیڤاڵە گەورەی ئەبو قەعقاع لە حەلەب ئەنجامیدا لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووە جێگەی سەرنج، لەبەرامبەردا بۆ ئەوەی دەرنەکەوێت رژێمی سووریا پشتیوانی ئەم ڤیستیڤاڵە بووە، هەواڵگری سەربازی سووریا ئەبو قەعقاع و جێگرەکەیان — ناسر ئەبو ئیبراهیم- دەستگیر کرد، بەڵام دوای ١٢ کاتژمێر ئازادیان کردن، لەگەڵ ئەوەی کەس نازانێت



**ئەبو قەعقاع رۆڵێکی گەورەی بینی لە رەوانەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی جیهادییەکان لە سووریاوە بۆ عێراق، پاش ئەوەی ئەم هێزانە چوونە عێراق و دەستیان کرد بە شەڕ و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دژی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەوا دیمەشق دەرگای والاکرد بۆ ئەوەی بریندارەکانیان ببرێن بۆ سووریا و لە نەخۆشخانەکانی سووریا چارەسەر بکرێن، تەنانەت فەرماندە بریندارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق (لقی قاعیدەی عێراق) لە نەخۆشخانە حکوومییەکانی سووریادا چارەسەریان بۆ دەکرا**

لەماوەی ئەو ١٢ کاتژمێرەدا لەنێوان هەواڵگری سوپای سووریا و ئەبو قەعقاع چی روویداوە، بەڵام دوای ئازادکردنی هیچ شتێك نەگۆڕا. بەڵام شوێنکەوتووانی ئەبو قەعقاع لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ ـەوە تاوەکو داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە رادەیەکی زۆر گەشەیان کرد و خودی ئەبو قەعقاع رۆڵێکی گەورەی بینی لە رەوانەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی جیهادییەکان لە سووریاوە بۆ عێراق، پاش ئەوەی ئەم هێزانە چوونە عێراق و دەستیان کرد بە شەڕ و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دژی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەوا دیمەشق دەرگای واڵاکرد بۆ ئەوەی بریندارەکانیان ببرێن بۆ سووریا و لە نەخۆشخانەکانی سووریا چارەسەر بکرێن، تەنانەت فەرماندە بریندارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق (لقی قاعیدەی عێراق) لە نەخۆشخانە حکومییەکانی سووریادا چارەسەریان بۆ دەکرا، کە ئەمە هەندێك لە ناو گەورە تیرۆریستەکانی ئەلقاعیدە و داعش لەخۆ دەگرێت. کەواتە هەموو ئەمانە ئەو رۆڵە نیگەرانکەرە ئاشکرا دەکات کە هەواڵگری سەربازی سووریا و خودی رژێمەکەی ئەسەد هەیانبوو، نەك تەنیا لە دروستکردنی، بەڵکو لە بەردەوامبوونیان لە ئاسانکاریکردن بۆ گەشەپێدانی جیهادی سوننی میلیشیایی، نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە لوبنانیش، ئەمەش وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی سووریا، بۆ نموونە لە سووریا ئەمەیان دژی ئەو کەسایەتییانە بەکارهێنا کە دژی رژێمی سووریا بوون، لە عێراقیشدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا بەکاری هێنان.)

## ■ دوای شکانی قاعیدە لە عێراق دیمەشق هەناردەی لوبنانی کردن

ئەوانەی چاودێری بارودۆخی عێراقیان کردبێت لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧، ئاگاداری ئەو راستییەن کە لەماوەی ئەو ٤ ساڵەدا رێکخراوی قاعیدەی عێراق بە پشتگیری راستەوخۆی دیمەشق، عێراقیان گەیاندە ئەو ئاستەی کە ستفین بیدل گەورە توێژەری ستراتیژی لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە و راوێژکاری سەربازیی فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بە ئاشکرا لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسی: «کاتێك سەیری بەغدا دەکەین سایگۆنمان بیر دێتەوە»، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواو راشکاوانە بوو بەوەی چۆن ئەمەریکا شەڕی ڤێتنامی دۆڕاند و ناچاربوو بکشێتەوە، بە هەمان شێوە شەڕی عێراقیشی دۆڕاند و دەبێت بە دۆڕاوی بکشێتەوە، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی جۆرج بۆشی کوڕ، لیژنەیەکی لە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی بە ناوی (گروپی دیراسەتی عێراق) دامەزراند کە بە لیژنەی (بیکەر – هاملتۆن) ناسراوە. ئەم لیژنەیە دیراسەتی هەموو لایەنەکانی بارودۆخی عێراقی کرد و لە ئاکامدا کۆمەڵێك راسپاردەی دایە ئیدارەی ئەمریکی، سەرەنجام سەرۆك جۆرج بوش دەبلیو بڕیاری دا بەپەلە هێزێکی گەورە لە چوارچێوەی پرۆسەی سەربازی (Surge) رەوانەی عێراق بکات و ئەو پرۆسە سەبازییە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی سوننەی عێراق بکات و هێزێکیان لە ژێر ناوی (هێزەکانی سەحوە) بۆ دروست بکات و راستەوخۆ لە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا فەرمان وەربگرن کە بە شێوەیەکی کردەیی ژەنراڵ پەتریوس فەرماندەیی دەکرد، لە ئاکامی ئەم ئۆپەراسیۆنە و هەڵگەڕانەوەی هۆزەکانی عەرەبی سوننە لە تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق تێکشکا و ئەوەی مایەوە ناچار بوو رووبکەنەوە سووریا، بەڵام رژێمی سووریا جارێکی دیکە ئەمانەی بۆ مەبەستی سیاسی خۆی بەکارهێنایەوە و رەوانەی لوبنانی کردن، ئەمە لەکاتێکدا بوو، حکومەتی سووریا لە ژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا لە لوبنان کشایەوە، بەڵام رژێمی ئەسەد جارێکی دیکە لە رێگەی قاعیدەوە نفوزی خۆی گێڕایەوە بۆ سووریا و لەسەر ئەم پرسە چارلس لیستەر بەمجۆرە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە: «ئەوەی لە کۆتایی ٢٠٠٦ و سەرەتای ٢٠٠٧ بینیمان، ئەوە بوو کە رێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق شکستی بەسەرداهات و ناچاربوون بکشێنەوە بۆ سووریا، ئەمەش کێشەیەکی جددی بۆ رژێمی سووریا دروست کرد. بۆیە سووریا هەستا بەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییەی عێراق بگوازێتەوە بۆ لوبنان، دیارە هەواڵگری سەربازیی سووریا پێوەندیەکی چڕی هەبوو لەگەڵ دوو گروپی جیهادی شەڕکەردا لە لوبنان، یەکێکیان لە باشووری وڵاتەکە بە ناوی (عصبە الانصار) و ئەوی دیکەیان لە باکوور بە ناوی (فتح الاسلام)،

**کاتێک رێکخراوی (فتح الاسلام) شەڕەکەی لە (نهر البارد) لە لوبنان دۆڕاند و ئەو چەکدارە تیرۆریستانەی مابوونەوە گەڕانەوە بۆ سووریا، زۆریان تووڕە بوون لە رژێمی سووریا کە بەکاری هێنابوون و دووچاری شەڕێکی دۆڕاوی کردبوون و پشتی تێکردبوون، لەبەر ئەوە هەندێک لەو شەڕکەرانە دەستیان دایە هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی رژێمی سووریا لە حەلەب و حیمس و دیمەشق، بەڵام زۆربەی ئەو هێرشانە لە راگەیاندنەکانەوە باسیان لێوەنەکرا و رژێمی دیمەشق رێگر بوو لە باسکردنیان. بەڵام ئەو ژێرخانە جیهادییەی بەشار ئەسەد لەو ساڵانەدا بنیادینا، ئێستا بوونەتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ لەگەڵ رژێمەکەی خۆیدا بکەنەوە**

**موفتیی سووریا-کە لە لایەن خودی بەشار ئەسەدەوە دانرابوو- و ناوی شێخ ئەحمەد کەفتارۆ بوو، فەتوایەکی دەرکرد و رایگەیاند کە واجبێکی ئیسلامییە لەسەر هەموو موسڵمانێکی سوننە – بە ژن و پیاوەوە و لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت، بەتایبەتی لە سووریا- کە جیهاد و شەڕ بکات لە دژی داگیرکاری ئەمەریکا لە عێراقدا. ئەم فەتواتەیە بووە هاندەرێکی زۆر گەورە بۆ ئەو خەڵکانە و تەنیا لە ماوەی ١١ رۆژی سەرەتای هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق، زیاتر لە ٥٠٠٠ جیهادیی شەڕکەری سوننی کە زۆربەیان سووری و هەندێکیان لوبنانی بوون، سنوری سووریایان بڕی بەرەو عێراق بەڕێکەوتن وهەواڵگری سوپای سووریاش سنورەکانی بە رووودا واڵاکردن**

لە دیمەشقیشەوە بڕیاری ئەوە درابوو کە زۆربەی ئەو تیرۆریستانەی لە عێراقەوە گەڕابوونەوە سووریا، بۆ شاری تەرابلوس لە لوبنان و بە دیاریکراوی بۆ خێوەتگەی فەلەستینیەکان لە (نهر البارد) رەوانە بکرێن. ئەوە بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا و بە هۆی ئەو ئاسانکارییەی هەواڵگری سووریاوە کردبووی بۆ ئەوەی ئەو شەڕکەرانە بچنە نێو (فتح الاسلام)ـەوە، ئەم رێکخراوە شەڕی لە دژی سوپای دەوڵەتی لوبنانی راگەیاند و چوار مانگ شەڕی لەگەڵ سوپادا کرد و بەلای کەمەوە ٤٠٠ کەس کوژران. لە کاتی ئەو شەڕەدا زۆرێك لەو شەڕکەرانە هێرش و پەلامارەکانیان دژی سیاسەتمەدارە لوبنانییانە ئەنجامدا کە دژی سووریا بوون، کە تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش رایگەیاند کە سووریا تێوەگلاوە لە ئاسانکاریکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشانە.

## ■ چۆن بەرەی نوسرە دروست بوو بۆچی دژی دیمەشق راوەستایەوە؟

هەموو ئەو دەوڵەتانەی پەنا بۆ بەکارهێنانی کارتی تیرۆر دەبەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، ئەوا لە قۆناخێکدا بەشێك لەو تیرۆریستانە دەبنەوە دژی ئەو دەوڵەتەی لە بنەڕەتدا دروستی کردوون، هەروەك چۆن رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە کە بەرهەمی پشتگیری ئەمەریکا بوو بۆ چەکدارانی ئیسلامی دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتی پێشانەوە، بەهەمان شێوەش بەرەی نوسرە کە سەر بە قاعیدەیە بەرهەمی سیاسەتی رژێمی ئەسەد و هەواڵگری سوپای سووریا بوو. چارلس لیستەر لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کاتێك رێکخراوی (فتح الاسلام) شەڕەکەی لە (نهر البارد) لە لوبنان دۆڕاند و ئەو چەکدارە تیرۆریستانەی مابوونەوە گەڕانەوە بۆ سووریا، زۆریان تووڕە بوون لە رژێمی سووریا کە بەکاری هێنابوون و دووچاری شەڕێکی دۆڕاوی کردبوون و پشتی تێکردبوون، لەبەر ئەوە هەندێك لەو شەڕکەرانە دەستیان دایە هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی رژێمی سووریا لە حەلەب و حیمس و دیمەشق، بەڵام زۆربەی ئەو هێرشانە لە راگەیاندنەکانەوە باسیان لێوەنەکرا و رژێمی دیمەشق رێگر بوو لە باسکردنیان. بەڵام ئەو ژێرخانە جیهادییەی بەشار ئەسەد لەو ساڵانەدا بنیادینا، ئێستا بوونەتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ لەگەڵ رژێمەکەی خۆیدا بکەنەوە. کاتێك ناڕەزایەتییەکان لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١دا لە سووریا دەستیان پێکرد، لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا- واتە چەند مانگێك دواتر- لەو کاتەدا حاجی بەکر جێگری سەرکردەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق- ئەبوبەکر ئەل بەغدادی- بڕیارێکی دەرکرد و وەك پێشنیارێك خستیەبەردەم بەرپرسەکانیەوە و ناوەڕۆکەکەشی بریتی بوو لە دامەزراندنی باڵی سووریای دەوڵەتی ئیسلامی، ئەم بڕیارە بە خێرایی درا و سەرکردەکانی دەوڵەتی ئیسلامی پێیانوابوو ئەمە دەرفەتێکە کە دەبێت بەکاربهێندرێت، لە مانگی ئابی ٢٠١١دا بەرپرسی دەوڵەتی ئیسلامی لە موسڵ- کە گرنگترین شار بوو بۆیان لە عێراقدا- بە ناوی ئەبو محەمەد ئەلجەولانی- کە خەڵکی سووریا بوو- لەگەڵ شەش بەرپرسی دیکەدا لە عێراقەوە پەڕینەوە بۆ رۆژهەڵاتی باکووری سووریا- کە بەلای کەمەوە دووانیان ساڵێك پێشتر لە نەخۆشخانەکانی سووریا چارەسەریان وەرگرتبوو-، کاتێك گەیشتنە سووریا دەستبەجێ دەستیان دایە کاراکردنی ئەو تۆڕ و شانانەی کە پێشتر و بۆ ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵ لە ئارادا بوون و زۆر بە خێرایی ئەو رێکخراوە دروست بوو کە دواتر ئێمە بە ناوی بەرەی ئەلنوسرە ناسیمان. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە مانگەکانی سەرەتای راپەرینەکاندا، رژێمی سووریا بە سەدان زیندانیکراوی توندڕەوی ئیسلامی ئازاد کرد، کە ئەگەرچی رژێمەکە بانگەشەی ئەوەی کرد ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئاشتەوایی، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەوە بوو کە لەکەی ئیسلامی بوون و جیهادی بوون بداتە پاڵ موعارەزە، زۆرێك لەو کەسانەش نەك تەنیا گروپی موعارەزەی ئیسلامی جیهادییان لە سووریا دروست کرد، بەڵکو ئەوان بوونە ریشەی دروستبوونی بەرەی ئەلنوسرە و دواتر داعش. کەواتە لە ساڵی ٢٠١٤دا ئەو هەڕەشەیە رووی لە خۆی کردەوە. هەروەها ئەوەی مەترسی بۆ رژێمی سووریا زیادکرد، ئەو ئیسلامییانە بوون کە پێشتر رژێمی سووریا سەرکوتی کردبوون و لە سووریا هەڵاتبوون و پاشان گەڕانەوە کە پێیان دەگوترا نەوەکانی حەمما، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە شاری حەممادا گروپێك کە لە ئیخوان موسلمین جیابوونەوە و دەستیان دایە راپەڕین، بەڵام رژێمەکە بێڕەحمانە لە ناوی بردن و سەرکوتی کردن، ئەو خێزانانەی لەم راپەڕینانەوە تێوەگلابوون هەڵاتن بەرەو وڵاتانی سعودیە و تورکیا و هەندێکیان بەرەو




ئەورووپا، ئەوەی جێی سەرنجە گەڕانەوەی ئەم نەوەیەی حەممایە لەم چەند ساڵەی دواییدا، کە زۆربەیان کوڕی ئەو کەسانەن کە لە راپەڕینەکانی حەممادا بەشدارییان کردبوو، هەروەها بەشێکی زۆری ئەم نەوەیەش لە چیچان و ئەفغانستان و بۆسنیا شەڕیان کردبوو و خۆیان گرێدەدایەوە بە ئەلقاعیدەوە، بەڵام کاتێك راپەڕینەکانی سووریا دەستی پێکرد، نەوەکانی حەمما، پتر تەرکیزیان لەسەر کێشە نەتەوەییەکە- بەڵام بە ناسنامەیەکی ئیسلامی- دەکردەوە، زۆرێك لەم کەسایەتییانەش رۆڵیان هەیە –بە دڵنیاییەوە- لە یاخیبوونی ئیسلامیدا، هەروەها لە گروپە جیهادییەکانیشدا.

هەروەها سووریا دەرفەتی رەخساند بۆ داعش بۆ بنیادنانی مۆدێلی تایبەت بە خۆی، ئەویش ئەوەیە چۆن لەسەر ئاستی مەحەلی کار بکات بە چەشنێك کە رەگ و ریشە دروست بکات بۆ ئەنجامدانی چالاکیی بەردەوام لە کۆمەڵگەیەکی ناسەقامگیردا، بەڵام من دەڵێم سووریا یەکەم تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی تیرۆریستانی بەرەی ئەلنوسرە بووە، لەبەر ئەوەی بەلای کەمەوە بەرەی ئەلنوسرە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ـەوە ئەوەیان پەیڕەو کرد کە من پێی دەڵێم پراگماتییەتێکی

**لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠دا بەشار ئەسەد دەستی دایە گەمەپێکردن و بەکارهێنانی ڕەوت و شوێنکەوتووانی جیهادی سەلەفی قیتالی، بەشار ئەسەد کاتێک دەیزانی ئەم گروپانە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ڕژێمەکەی، ئەوا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری سوپادا، هەڵدەستا بە هەناردەکردنیان بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە و بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی سووریا بەکاردەهێندران**

کۆنترۆڵکراو، کە ئەمەش کاریگەری قووڵی هەبوو، لەبەر ئەوەشە کە ئێستا زۆر زۆر زەحمەتە کەسێك بەدی بکەیت، نەك تەنیا لە نێو گروپە چەکدارەکاندا، بەڵکو لە نێو خەڵکانی مەدەنیشدا بە ئاشکرا ئیدانەی ڕۆڵی بەرەی ئەلنوسرە بکات بۆ پشتیوانیکردنی لە شۆڕش. ئەویش دەقاودەق لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی خۆی بەدوورگرتووە لە سەپاندنی دابونەریتی سەخت بەسەر خەڵکدا، کە ئەوان باوەڕیان وایە دەبێت سەرەتا خەڵکی لەسەر ئەم نەریتانە گۆش بکرێن، پێش ئەوەی بەسەریاندا بسەپێندرێت، ئەمە لە سووریادا سەرکەوتووانە پەرەی پێدراوە و ئەمەش هەڕەشەیەکی جددییە و دەبێت هۆشیاربین لە ئاستیدا. لە ئێستاشدا دەبینین ئەم ئەزموونە زۆر بە سەرکەوتوویی لە یەمەن دووبارە کراوەتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە زۆر باسی ئەلقاعیدە ناکرێت لە یەمەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر بە قووڵی خۆیان ئاوێتەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکە کردووە.»

## ■ جیهادی شیعە

## نموونەیەکی کۆپی کراوی قاعیدە و داعش

دانیاڵ بایمەن سەرۆکی ستافی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن، لە تازەترین توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی (داعش بۆتە دیاردەیەکی گلۆباڵی) کە لە ژمارەی مارت و نیسانی ٢٠١٦ی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئێستا داعش دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاستی جیهان نوێنەرایەتی سوننە دەکات، بۆ ئەمەش لقەکانی داعش جیا لە سووریا و عێراق، ئەوا لە لیبیا و مالی و شوێنەکانی دیکە هەمان شێوازی دەوڵەتی ئیسلامی داعش پیادە دەکەنەوە، کەواتە ئامانجی داعش و ئەوەی کە ڕایدەگەیەنێت بریتییە لە بەرگریکردن لە سوننە، لەبەرامبەردا و بەتایبەتی دوای ئەوەی چەکدارە تیرۆریستەکانی ئیسلامییەکان لە سووریا هێرشیان کردە سەر شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، بەهەمان شێوەی جیهادی داعش، چەندین میلیشیای هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی بۆ جیهادی شیعە دروست بووە، هەروەك چۆن کاتێك هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی بۆ پشتگیری ڕژێمەکەی ئەسەد هاتنە دیمەشق ڕاشکاوانە ئەو دروشمەیان بەرزکردەوە کە ئەوان نەهاتوون شەڕ بکەن بۆ مانەوەی ئەسەد، بەڵکو هاتوون بەرگری لە شیعە بکەن، سەبارەت بەو میلیشیایانەی بە ناوی جیهادی شیعەوە ڕاستەوخۆ بە پشتگیری ئێران لە عێراق و سووریا دروست دەکرێن، فلیپ سیمیس لە کتێبی (جیهادی شیعە و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە) بەمجۆرە ئاماژەی پێکردووە و نووسیویەتی: «لەگەڵ ئەوەی جیهادی شیعە، وەك جیهادی سوننە هەتا ئێستا نەبۆتە جێگەی سەرنج و بایەخی میدیای نێودەوڵەتی، بەڵام ئەو میلیشیا شیعەیانەی کە ئێستا لە سووریا هەن و ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی تاران-دان، چەکدارەکانی پێکهاتەیەکی هەمەجۆری هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئەوروپان، ئەم میلیشیایە لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا چەندین هەزارە، بەڵام هەیکەلێکی تەجنیدی پێشکەوتووی کاریگەریان لە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و بە ڕێگەی ئەنتەرنێت و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی کارە توندڕۆ و سەرنجراکێشەکانیان بڵاو دەکەنەوە، هەروەها ماوەی چەند ساڵێکە ئەم گروپانە بە ئاشکرا پشتگیری لە بەرژەوەندی سیاسی لە فیکری ناسراوی شیعە (ویلایەتی فەقیە) دەکەن و مەشق و ڕاهێنانی پێشکەوتوو لە ئێران دەکەن و ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندان و مەشق لە سەر تاکیکی سەربازی دڕندانەی ئەوتۆ دەکەن، کە هیچ جیاوازی لەگەڵ ئەو تاکتیکانە نییە کە داعش پیادەی دەکات. ئەم فیکرەی جیهادی شیعەیە دوای تەقاندنەوەی مزگەوتی سەیدە زەینەب هاتە ئاراوە و ئێران خۆی وەك بەرگریکاری سەرەکیی شیعە خۆی دەخاتەڕوو، هەر بۆیە ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە بۆ دروستکردنی ئەم گروپە شیعیانە و پشتگرییان دەکات، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کەمتر بایەخی ئەو ئامانجە ستراتیژیەی بمێنی کە مانەوەی بەشار ئەسەدە لە دەسەڵاتدا.»

دیارە بۆ برەودان بەم لایەنە مەسەلەی شوێنە ئایینییە پیرۆزەکانی شیعە لە سووریا کراوە بە بیانوو بۆ دروستکردنی جیهادی شیعە، فلیپ سمیس لە کتێبەکەیدا بەمجۆرە باس لە چیرۆکە دەکات و نووسیویەتی: «هەر لە دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی سووریاوە لە ساڵی ٢٠١١، ئیسلامی شیعە لە ئێران و وەکیلەکانی بەتایبەتی حزبوڵا و کۆمەڵێك لە میلیشیا ئیسلامییە شیعە پشتیوانیکراوەکان لە لایەن ئێرانەوە، نەك هەر تەنیا پاڵپشتی دیپلۆماسی و سیاسییان فەراهەم کرد بۆ

ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵکو لە سەرەتای ٢٠١٢ـەوە شەڕکەریان دەستەبەرکرد بۆ پاڵپشتیکردن لە بەشار ئەسەد. هەروەها شیعەکانی دیکەش چوونەپاڵ ئەم هەوڵـەوە، کە سەرچاوەیان لە کامپەکانی مەشقی ئێران و گروپە پاشکۆشکەکانەوە دەگرت. دیارە هاوپەیمانێتی تەقلیدی نێوان ڕژێمی سووریا و ئێران باشترین تەفسیرە بۆ لێکدانەوەی هۆکاری چوونی شەپۆلی شەڕکەرە شیعەکان بۆ سووریا، بەڵام لە هەمان کاتدا پشت بە چەند بانگەشەیەکی دیکە بەستراوە کە ریشەیان لە گوتاری تایفەگەری و ئایدیۆلۆژی رادیکاڵ و تەنانەت ناسیۆنالیستیشدا هەیە، کە ئەمەش ئامانجێکە خواستی ئێرانی لەسەرە و بریتییە لە زیندووکردنەوەی پشتیوانی شیعەکان بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ویلایەتی فەقیە کە ئایەتوڵا خومەینی سەرکردایەتی دەکرد. هەر بۆیە تاران لە ئێستا شەڕی سووریا بەکاردەهێنێت بۆ بەرەودان بە ئامانجەکەی بۆ ئەوەی ببێتە بەرجەستەکارێکی باڵادەستی ئیقلیمی و جیهانی شیعە، ئەمەش لەو کاتەوە کە هێرشکرایە سەر مەزاری سەیدە زەینەب، ئێران و وەکیلەکانی کەوتنە بانگەشەی ئەوەی ناکرێت گرنگیی ستراتیژیی ئەم مەزارگەیە لەبەرچاو نەگیرێت، هەر بۆیە لە دەوروبەری ئەم مەزارگەیە شەڕێکی پچڕپچڕ ڕوویدەدا و هەندێ جاریش زیادی دەکرد، هەروەها ئەوەی زیاتر باڵادەستیی مەزاری سەیدە زەینەب لە تێڕوانینی شەڕکەرە شیعەکاندا بەرجەستە دەکات ئەو گۆرانییەیە کە بە ناوی (لبیك یا زینب) وتراوە و بە زۆری لە رێوڕەسمی پرسەی کوژراوانی ئەندامانی حزبوڵای لوبنانی و شیعەکانی عێراق لە سووریادا دەوترێتەوە. لە ڕاستیدا چوونی شەڕکەرە شیعەکانی عێراق بۆ سووریا لە سەرەتادا لە گۆرانییەکدا ستایشکرا بە ناوی (یا زەینەب) کە لە لایەن عەلی مەوالی سروودبێژی ئیسلامی شیعە وتراوە و سەر بە لیوای «الیوم الموعود»ـە. هەروەها عەسائیب ئەهل ئەلحەق-ی عێراقیش کە پاشکۆی ئێرانە و شەڕکەر ڕەوانەی سووریا دەکات، ئەم دروشمەیان بەکارهێناوە. ئەم چیرۆکە بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کە وا وێنای بارودۆخەکە بکرێت، وەك ئەوەی ئەو میلیشیا شیعانەی لە سووریادا شەڕ دەکەن، تەنیا بۆ بەرگریکردن و ئەداکردنی ئەرکێکی بەرگریکردن لە شیعە لە سووریادان. هەربۆیە لە کاتێکدا کە شەڕەکە زیاتر و زیاتر مۆرکێکی تایفەگەری وەردەگرێت، بەرگریکردن لە مەزارگە پیرۆزەکان گۆڕاوە بۆ بانگەشەیەکی ئاشکرا بۆ پان شیعیزم وەك پاساوێك بۆ دەستێوەردان و تێوەگلانی ئێران و وەکیلەکانی. بەتایبەتی حزبوڵا کە رۆڵێکی چالاکی بینیوە لە پەرەپێدان بەم دیدگایە. لە شوباتی ٢٠١٣دا حزبوڵا ڕایگەیاند کە هۆکاری سەرەکیی ڕەوانەکردنی چەکدارەکانی بۆ سووریا بۆ پارێزگاریکردن بوو لە گوندە شیعەنشینەکانی ئەو وڵاتە. بەو پێیە ئەم ڕێکخراوە چیرۆکێکی نوێی هێنایەئاراوە بۆ ئەوەی بکرێتە پاساوێك بۆ ئەو کاراکتەرانەی لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت. لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا رابەری شیعەکانی میسر بە ناوی شێخ حەسەن شەحاتە لە لایەن سەلەفییەکانەوە کوژرا، ئەمەش یەکەم ڕووداو بوو کە لە سووریا ڕوونەدات و لەلایەن ئێران و وەکیلەکانیەوە بەکاربهێنرێت بۆ برەودان بە تەرحی شیعیزم. ڕاگەیاندنەکانی شیعە بەو شێوەیە ڕوومالّی ئەم ڕووداوەیان کرد وەك ئەوەی بەشێك بێت لە هەڵمەتێکی گەورە دژ بە شیعە. لە ڕاگەیاندنەکانی حزبوڵا و ئێرانەوە وەك پێشێلکاری بەرامبەر بە موسڵمانە شیعەکان لەلایەن وەهابی و تەکفیرییەکانەوە باس لە کوژرانی شەحاتە کرا.» ئەوەی پرۆفیسۆر فلیب سمیس لە کتێبەکەیدا لە ساڵی ٢٠١٥ ئاماژەی پێکردووە، زۆر بە ڕاشکاوی لە ساڵی ٢٠١٦ و دوای لەسێدارەدانی شێخ نەمر ئەلنەمر لەلایەن سعودیەوە، بە تەواوەتی ئەو وێنەیەی بۆ بەرجەستە کردین، ئێران و وەکیلەکانی خۆیان بە داکۆکیکار و بەرگریکار لە هەموو شیعە دەزانن، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لە تاران باڵوێزخانە و لە مەشهەد کونسوڵخانەی عەرەبستانی سعودیە بسووتێنرێت و لە هەموو لایەنە شیعیەکانی سەر بە ئێرانیشەوە سەرکۆنەی ئەو کارە بکرێت، لە بەرامبەریشدا وەك پشتگیرییەك بۆ سعودیە، لەگەڵ ئەوەی سعودیە پێوەندی دیپلۆماتی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێهێنا، لە هەمانکاتدا چەند دەوڵەتێکی عەرەبی سوننەش هەمان هەڵوێستی سعودیەیان بەرامبەر ئێران وەرگرت، بەشی زۆری دەوڵەتانی سوننەی عەرەب و غەیرە عەرەبیش چاویان بە پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران گێرایەوە، ئەمەش ئەو بارودۆخەی خوڵقاندووە کە ئێستا هەموو جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

**ئێران بە گۆڕینی ڕژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمەریکاوە نیگەران بوو، لەهەمانکاتدا جیا لەوەی هەوڵیدەدا لە چوارچێوەی سیاسەتی شیعەگەرایی نفوزی خۆی لە عێراق زیادبکات، لە هەمانکاتدا پشتگیری هەموو هەوڵەکانی دیمەشق-یشی دەکرد بۆ ئەوەی چەکداری سوننەی جیهادی ڕەوانەی عێراق بکاتەوە**



## شاول گابای

### شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کوردستان دەتوانێت سوود لە ئەزمونی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەربگرێت

**شاول گابای بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بەدەست هێناوە، حاڵی حازر بەڕێوەبەری پەیمانگای توێژینەوەی جیهانییە، پێشتر توێژەری باڵا بووە لە قوتابخانەی جۆزێف کۆربەل بۆ توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دەنڤەر و وانەبێژ بووە لە زانکۆی ئیلینۆیس و شیکاگۆ. بۆ تیشك خستنەسەر دوایین پەرەسەندەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێوەندی بە شەڕی دژەتیرۆر و شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و مەددی شیعی و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ سازدا و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئێستا هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی باس لە تێکشکاندن و نەمانی داعش دەکەن، بەڵام هەموو ئەم ستراتیژییەیان لە شاڵاوی سەربازی چڕکردۆتەوە، بەبێ ئەوەی ئامانجی سیاسیی دیاریان هەبێت. ئایا ستراتیژیەتێکی دژەتیرۆر تەنیا بریتی بێت لە شاڵاوی سەربازی و ئامانجی سیاسی و راشکاوانەی لە پشتەوە نەبێت، دەبێت ئاکامەکەی چۆن بێت؟**

- ئاشکرایە کە تەحەددی رۆژئاوا و جیهان لە ئاست داعشدا، تەنیا تەحەددییەکی سەربازی نییە، بەڵکو کێشەی قووڵتریش دەگرێتەوە کە من نازانم چۆن دەکرێت چارەسەر بکرێن. بەڵام کاتێك ئێمە لەسەر ئاستی تاکەکەس و لەسەر ئاستی حکومەتیش رووبەڕووی تەحەددی دەبینەوە، ئەوا ئەو ئامرازانە بەکار دەهێنین کە راهاتووین لەسەر بەکارهێنانیان، وەك پەنابردنەبەر بژاردەی سەربازی، راستە ئەمە بەشێکی گرنگی چارەسەرەکەیە، بەڵام بە تەنیا بەس نییە، چونکە ئەگەر بمانەوێت لەوە تێبگەین کە بۆچی گەنجێك دەیەوێت بەو شێوەیە رەشەکوژی بکات- لە کورد و مەسیحی و موسڵمان و ئەوانی دیکە- ئەوا دەبێت هەوڵ بدەین لەوە تێبگەین کە چی بۆتە پاڵنەری ئەم کەسە و بۆچی ئەم کارە مەترسیدارە بە ناوی خواوە ئەنجام دەدات، ئەگەر توانیمان ئەم کارە بکەین، ئەوا دەتوانین رووبەڕووی ریشەی کێشەکە ببینەوە، نەك دەرئەنجامەکانی. گومان لەوەدا نییە کە سەرەتا و پێش هەموو شتێك دەبێت بە شێوەیەکی سەربازی رووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە، کە ئێستا سەرجەم جیهان ئەم کارە دەکات لە دژی داعش، بەڵام دەبێت قووڵ رۆبچین و ریشەی کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەگەر نا ئەمە کۆتایی نایەت.

*** ئاشکرایە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی، لە شکستی پرۆسەی سیاسیی عێراق و وەڵامدانەوەی دڕندانەی بەشار ئەسەد سەرچاوەی گرتووە، وەك هەموو لایەك دەبینین بە پێی رێککەوتنی جنێڤ ٣ بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دوور ناخرێتەوە، هەروەها لە عێراقیشدا شیعە باڵادەستە و سوننە پەراوێز خراوە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر هۆکاری دروستبوونی داعش شکستی پرۆسەی سیاسی بووبێت، ئایا بەردەوام ئەم شکستە سیاسییە داعشێکی دیکە دروست ناکات؟**

- بە دڵنیاییەوە من باوەڕم وا نییە ئەمە بە ئاسانی کۆتایی پێبێت، بەڵکو خراپتر و خراپتر دەبێت، دەکرێت پەنابەریتەبەر لێکدانەوەی ئایینی کە ئەمە شەڕێکی ئایینییە و لەسەر هەموو ئاستەکان لایەنی ئایینی هەیە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە شکستهێنان لەبەرپێگرتنی داعش بە چەشنێك بواری گەشەکردنی بۆ دەڕەخسێنێت کە بە ئەندازەیەك سەرکەوتوو بێت کە پێشینەی نەبێت، ئەمە تراژیدیایەکە کە دووچاری بووینەتەوە لە رووبەڕووبوونەوەماندا بۆ ئەم دیاردەیە.

*** ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش نییە، بەڵام رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم شەڕەدا و بە تەواوەتی عێراق و سووریای کردۆتە پاشکۆی خۆی و راستەوخۆ هێزی سەربازی ئێران لە بەغدا و دیمەشق بوونیان هەیە و بەرگری لە رژێمی عەلەوی ئەسەد دەکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم باڵادەستییەی ئێران لە عێراق و سووریا، هەر دوو وڵاتەکە ناکاتە لوبنان و حزبوڵلایەکی دیکە؟**

- گومانی تێدا نییە ئێران بە چەندین شێوە دەستێوەردان دەکات لە جیهاندا بۆ دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا و بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکانەی لە وڵاتانی ناوچەکەدا دەژین، نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە لوبنان- کە حزبوڵلا بوونی هەیە لەو وڵاتەدا-، هەروەها لە یەمەن و

**لە رووی ئەمری واقیعەوە کوردستان بوونی هەیە، بەڵام دەبێت بونیادی دابنپێدانانی سیاسی دروست بکەن بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمە رێگەیەکی چەند سەخت بێت، ئەوا ئەو کارەیە کە پێویستە کورد لە ئێستادا ئەنجامی بدات**

**کاتێک ئێران سوود لەو واقیعە وەردەگرێت کە عێراق خاوەنی دەزگای ئەمنی بەهێز نییە، ئەوا ئاشکرایە کە کوردیش رووبەڕووی ئاکامەکانی دەبێتەوە، ئەمەش مایەی تراژیدیایە بۆ رۆژئاوا کە پشتیوانی بێ پێچ و پەنای ئەو کەسانە ناکەن کە پاڵپشتێکی ئاشکرای رۆژئاوا دەکەن و لەسەر هەمان بەهاکانی رۆژئاوا ژیان بەسەر دەبەن**

**هەر وڵاتێک کە دەسەڵاتێکی مەرکەزی و بەهێزی نەبێت و خاوەنی دەزگای ئەمنیی بەهێز نەبێت، ئەوا دەرفەت بۆ ئێران دەڕەخسێنێت بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی کە مەرج نییە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی جیهانی ئازاددا یەکبگرنەوە**

**ئەگەر ئێران پشتیوانی حزبوڵا بکات لە لوبنان و حزبوڵاش لە کردەوەیەکەوە تێوەبگلێت کە لە ئەرجەنتین ئەنجامدرابێت، ئەوا ئێرانیش تێوەگلاوە لەو رووداوەی ئەرجەنتین**

**رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئەمەریکا لەگەڵ ئێراندا هاوکار نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ملیارها دۆلار بگەڕێتەوە بۆ ئێران کە بەردەوام و لە سەرتاسەری جیهاندا دژایەتی رۆژئاوا دەکات**

سووریا و وڵاتانی دیکە کە دوور یان نزیکن لە ئێرانەوە، چونکە ئەگەر ئێران پشتیوانی حزبوڵا بکات لە لوبنان و حزبوڵاش لە کردەوەیەکەوە تێوەبگلێت کە لە ئەرجەنتین ئەنجام درابێت، ئەوا ئێرانیش تێوەگلاوە لەو رووداوەی ئەرجەنتین، ئەمەش تراژیدیای بە هەڵەتێگەیشتنە لە رۆڵی ئێران. رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئەمەریکا لەگەڵ ئێراندا هاوکار نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ملیاران دۆلار بگەڕێتەوە بۆ ئێران کە بەردەوام کار لە دژی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا دەکات و لەسەرتاسەری جیهاندا دژایەتی رۆژئاوا دەکات.

*** لە ئێستادا سوپای عێراق توانای ئازادکردنی یەك گوندی نییە، ئەوەی هەیە هێزەکانی میلیشیای حەشدی شەعبین، کە راستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە ئاڕاستە دەکرێن و هەر شەڕێکیش حەشدی شەعبی بیکات، کارەساتێکی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، هەروەك ئەو کارەساتە مرۆیییەی دوای ئازادکردنی رومادی دروست بوو. پرسیار ئەوەیە ئەگەر عێراق ئەم سوپایەی نەبێت کە بتوانێت خاکەکەی بپارێزێت و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بکات، ئایا میلیشیای شیعە نابنە سەرچاوەی کۆمەڵکوژی و دەربەدەریی عەرەبی سوننە و مەترسی بۆ سەر کورد؟**

- تا دێت دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، ئەوەی ئێوەش دەیڵێن راستە کە هەر وڵاتێك دەزگای ئەمنی بەهێزی نەبوو و وڵاتەکە دابەش بوو لە نێوان لایەنەکاندا، وەك دابەشبوونی شیعە و سوننە، یان لە نێوان باشوور و باکووردا- وەك ئەوەی لە یەمەن هەیە- ئەوا ئەمە کەشێکی لەباری بۆ ئێران و وەکیلەکانی- ئەو رێکخراوانەی پشتیوانییان دەکات- دەڕەخسێنێت بۆ قایمکردنی جێ پێی خۆیان لەو وڵاتانەدا، هەروەك ئەوەی لە لوبناندا بەدی دەکەین کە دەزگای ئەمنی بەهێز نییە لەو وڵاتەدا، ئەوە دەبینین سووریا لە چ دۆخێکدایە و دۆخی عێراقیش مایەی تراژیدیایە و یەمەنیش لە هەمان بارودۆخدایە. کەواتە هەر وڵاتێك کە دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێزی نەبێت و خاوەنی دەزگای ئەمنی بەهێز نەبێت، ئەوا دەرفەت بۆ ئێران دەڕەخسێنێت بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی کە مەرج نییە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی جیهانی ئازاددا یەکبگرنەوە، مەبەستم لە رۆژئاوا و ئەوانەی پشتیوانییان دەکەن، وەك کوردی عێراق، چونکە هەمیشە کوردی عێراق مەیلی بۆ رۆژئاوا و ئەمەریکا هەبووە، کەواتە کاتێك ئێران سوود لەو واقیعە وەردەگرێت کە عێراق خاوەنی دەزگای ئەمنی بەهێز نییە، ئەوا ئاشکرایە کە کوردیش رووبەڕووی ئاکامەکانی دەبێتەوە، ئەمەش مایەی تراژیدیایە بۆ رۆژئاوا کە پشتیوانی بێ پێچ و پەنای ئەو کەسانە ناکەن کە پاڵپشتێکی ئاشکرای رۆژئاوا دەکەن و لەسەر هەمان بەهاکانی رۆژئاوا ژیان بەسەر دەبەن و پشتیوانی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا دەکەن، لە نێویاند ئەمەریکا.

*** هەندێك لە پسپۆڕان وای دەبینن کە لە ناو سنووری جوگرافیای ئێستای سووریا و عێراقدا کێشەکان چارەسەر نابن و کاتی ئەوەیە ئەمەریکا و رۆژئاوا واز لەو سنوورە دەستکردانەی سایکس-پیکۆ بهێنن و رێگەخۆش بکەن بۆ ئەوەی نەخشەیەکی تازە لەسەر بنەمای خواستی گەلانی ناوچەکە دابڕێژرێتەوە. ئایا ئەگەر سنوورە کۆنەکان وەك خۆیان بمێننەوە جارێکی دیکە ئاشتی و سەقامگیری لەم ناوچەیەدا بونیاد دەنرێتەوە؟**

- هەموو شتێك رێی تێدەچێت، بەڵام پێموایە ئەمە ساتەوەختێکی زۆر قورس و پڕ لە تەحەددییە، چونکە لە ئێستادا روون نییە کێ شەڕی کێ دەکات و بەردەوام هاوپەیمانێتییەکان دەگۆڕێن، لەبەر ئەوە ئەمە کارێکی قورس دەبێت و دۆخەکەش تادێت ئاڵۆزتر دەبێت.

*** کورد لە عێراقدا، ئێستا هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بەغدا نەماوە، دەسەڵاتدارانی شیعە بودجەی کوردستانیان بڕیوە، یەك سەربازی عێراق لە کوردستان بوونی نییە و تەنیا پێشمەرگە سنوورەکانی کوردستان دەپارێزێت، لە هەفتەی رابردووشدا حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران لە میانەی راگەیاندنی کابینە تەکنۆکراتەکەی، حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی نەهێشت و ئەو حکومەتەی بە نیازە پێکبهێندرێت، حکومەتێکی دیکتاتۆریی شیعە دەبێت، ئایا لەم کاتەدا بێجگە لە سەربەخۆیی هیچ رێگەیەکی دیکە لەبەردەم کورد ماوەتەوە؟**

- پێویستە کوردەکان لەسەر ئەو شێوازی کارکردنە بەردەوام بن کە بۆ چەندین ساڵە پیادەی دەکەن، کە بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و بەهێزکردنی کۆمەڵگەکەیان، وەك برەودان بە پەروەردە و بنیادنانی نەخۆشخانە و دروستکردنی ژێرخان، واتە پێویستە کۆمەڵگەکەیان بۆ سەربەخۆیی



ئامادە بکەن. لە ڕووی ئەمری واقیعەوە کوردستان بوونی هەیە، بەڵام دەبێت بونیادی دابنپێدانانی سیاسی دروست بکەن بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمە ڕێگەیەکی چەند سەخت بێت، ئەوا ئەو کارەیە کە پێویستە کورد لە ئێستادا ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوەی کورد لە زۆر ڕووەوە، وەك پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن و پەروەردە و بنیادنانی ژێرخانەوە، زۆر لە پێشترە لە زۆرێك لە دراوسێکانی، لە نێویاندا دراوسێکانی نێو خودی عێراق. کەواتە ئەمە ئاڕاستەیەکە لەبەردەمیاندا و دەکرێت لەم ڕووەوە سوود لە ئەزمونی دەوڵەتە بچووکەکان وەربگرن کە لە نێو دەریایەك دوژمندا بوون، وەك ئیسرائیل. چونکە کاتێك ئیسرائیل بڕیاری دا سەربەخۆ بێت، ئەوا سەرەڕای ئەوەی هەڕەشە لەسەر وجودیشی هەبوو کە دەبوو دواتر ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوا توانی زاڵ بێت بەسەر تەحەددییەکاندا کە تەحەددیگەلێکی زۆر قورس بوون و سەرکەوتووش بوو لە دروستکردنی پێگەیەك بۆ خۆی لەنێو نەتەوەکانی جیهاندا. بە تێڕوانینی من دەبێت کوردستانیش ئەم کارە بکات.

*** مەترسیی داعش ئەوەیە خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووە، ئەگەر داعش تێکبشکێندرێت و لە جێی داعش دەوڵەتی ئیسلامی شیعە لە عێراق و سووریا دابمەزرێت، ئایا جیاوازی دەوڵەتی ئیسلامی سوننە و دەوڵەتی ئیسلامی شیعە چییە؟**

- من باوەڕم نییە کە داعش بە ئاسانی تێکبشکێندرێت و پێموانییە ئێرانیش نیازی باشی هەبێت لە ئاست مرۆڤایەتیدا. هەروەها لە ئێستادا بارودۆخەکە ئەوەندە ئاڵۆزە و تەحەددییەکان ئەوەندە زۆرن کە ناتوانم باس لەوە بکەم کە لە ئایندەی دووردا چی ڕوودەدات، کەواتە لە ئێستادا بە بەردەوامی نەخشەکە دەگۆڕێت و تەحەددییەکان ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبنەوە کە ناتوانین بزانین لە ئایندەی دووردا چی دێتەئاراوە.

# عێراق و شکستهێنانی قۆناغی گواستنەوە



ئالان حەمە سەعید*

لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ تیڕوانینگەلێکی زۆر لە سەر عێراق و ئاییندەی پرۆسەی سیاسی و دووبارە بنیادنانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و بە مەدەنی و دیموکراسی کردنی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراقدا هەبوو. ئاماژەکانی گۆڕانکارییەکی سەرەتایی لە عێراقدا گفتوگۆی زۆری لەبارەوە دەکرا، بەشێکی زۆری هێزو پێکهاتە ئایینی و ئایینزایی و نەتەوەییەکانی عێراق، بە بەرنامەی تێپەڕاندنی دۆخی حوکمڕانی پێش ٩ی نیسان، هێڵە گشتیەکانی عێراقێکی نوێیان وێنا کردبوو لەسەر بنەمای ناسەنتەربوونی ئیدارەدان، حوکمڕانی لە عێراق و هێنانەکایەی فۆرمێکی دیکەی حوکمڕانی کە بنەماکانی هاوبەشێتی و سازان و باڵانس راگرتن (الشراکة – التوافق - التوازن) لەخۆبگرێت، لەم روانگەیەوە عێراقی ١٣ ساڵی رابردوو عێراقێك بوو بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چەمك و بەهایانە کە بنە هێڵی گشتی و خەسڵەتی تایبەتی قۆناغی گواستنەوە لە ستەمەکارییەوە بۆ دادپەروەری و لە تۆتالیتاریزمی حوکمڕانییەوە بۆ مەدەنیبوونی حوکمڕانی، لە نادامەزراوەییەوە بۆ بە دامەزراوەییبوون، لە پێکدادانەوە بۆ پێکەوەژیان، لە سڕینەوەوە بۆ لێبووردەیی...

دوای ١٣ ساڵ حوکمڕانی پاش سەدام حوسێن و دوای ١٣ ساڵ ئەزموونی پێکەوەکارکردن، عێراق بە کوێ و بە چی گەیشت؟ ئەمە ئەو پرسیارە بنەڕەتییەیە کە دەبێت بۆ وەڵامدانەوەکەی ئەو چوارچێوە زەمەنییە بخرێتە بەردەم لێوردبوونەوە و تێڕامانی قووڵەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەوە دیاری بکرێت کە چی ویستراوە، بەڵام چی روویداوە؟! کورد لە کوێی پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی و ئەزموونی ١٣ ساڵەی حوکمڕانی عێراقدایە؟

یەکەم: ناسەنتەربوونی حوکمڕانی: یەکێك لە پایە گرنگەکانی دەربازبوون لە ستەمکاری سیاسی – ئیداری – حوکمڕانی بریتییە لە پشتبەستن بە مۆدێلی ناسەنتەربوونی ئیدارەدانی دەوڵەت، لە بونیادنانەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بابەتی ناسەنتەربوونی حوکمڕانی بابەتێکی دیفاکتۆ ئامێز بووە. واتا کوردستان بەر لە گەڕانەوە بۆ بەغدا جاری مۆدێلی فیدڕاڵیزمی داوە وەك یەکێك لە بژاردەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، پاشان

ئەم بابەتە سیاقێکی دەستووری و یاسایی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بۆ جێبەجێکراوە، بابەتی ناسەنتەربوونی ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراقی بەرنامە و ویستی ناوەند نەبووە و کارێکی پراکتیکی بووە لە پاشاندا لە رووی تیۆری و سیاسییەوە چارەسەر کراوە.

پاش ١٣ ساڵ حوکمڕانی لە عێراقی نوێدا دیدی سەنتەر بۆ ناسەنتەربوونی حوکمڕانی بە چ ئاراستەیەك بووە؟ ئایا حکومەتی ناوەند لە هەوڵی گەشەپێدان و گشتاندنی ئەم مۆدێلە بووە، یاخود لە هەوڵی بەرسنووردارکردن و قەتیسکردنیدا بووە لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراو؟ هەوڵی بەغدا بۆ گۆڕینی فۆرمی ناسەنتەربوونی حوکم (فیدراڵیزم وەك نموونە) چ جۆرە هەوڵێك بووە؟ لە پاش ١٣ ساڵ حوکمڕانی دیدی سەنتەر (بەغدا) پاشەکشە بووە لە ناسەنتەربوونەوە بۆ سەنتەرالیزمی حوکم. رێگرییەکانی بەردەم بەسرە بۆ فیدراڵیزم رێگرییەکانی زۆنی عەرەبی سوننە بۆ فیدراڵیزم، دەرخەری مەیلی پاوانخواز و سەنتەراڵ ئامێزی بەغدان بۆ ئیدارەدانی عێراق، تێگەیشتن لەم بابەتە وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارەیە کە بەغدا لەخەمی گشتاندنی مۆدێلی ناسەنتەربوونی حوکمڕانی نەبووە، خەمی سەنتەر (بەغدا) خەمی قەتیسکردن و سنووردداربوونی مۆدێلی ناسەنتەراڵ بووە، بە بارێکی دیکەدا ئەگەر لەم فۆرمە بترازێین و تێرامانێکی جددیمان هەبێت لە مامەڵەی سەنتەر لەگەڵ ناسەنتەربوونی حوکم بەتایبەتی لە پێوەندی بە کوردستانەوە، ئەوە روون دەبێتەوە مامەڵەی ١٣ ساڵەی رابردووی بەغدا بەشێوەیەکی گشتی و ٦ ساڵی رابردوو بەتایبەتی، مامەڵەیەك بووە بۆ گۆڕینی مۆدێلی فیدراڵیزمی کوردی لەسەر بنەمای نەتەوەیی- جوگرافی بۆ فیدراڵیزمی ئیداری و دواجار بە بەتاڵکردنەوەی شەرعیەتی ناسەنتەربوونی حوکم لە عێراق. فیدراڵیزمی بەسراییەکان بە پەراوێزکردنی بەسرە کۆتایی هات، فیدراڵیزمی سوننە بە پرۆسەی سەربازی کۆتایی هات، دژایەتی فیدراڵیزمی کوردی بە هەوڵدان بە پرۆسەی سەربازی، ئاکارەکانی قیادەی عەمەلیاتی دیجلە وەك نموونە، پاشان بە هەوڵدان بە برسیکردنی کورد و بڕینی بودجە و پاشانیش سەری کێشا بۆ خاڵیکردنەوەی کورد لە پرۆسەی سیاسی لە ژێر ناوی حکومەتی تەکنۆکرات.

دووەم: هاوبەشێتی لە حوکمڕانی: یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی عێراق دوای ٩ی نیسان بریتییە لە غیابی عەقڵیەتی هاوبەشێتی لە حوکمڕانێکردندا، کۆمەڵگەیەکی نایەکانگیری وەك عێراق، نایەکانگیر لە رووی ئایین و ئایینزا و نەتەوە و پێکهاتەی سیاسی جیاواز، پێویستی بەوە بووە لە ماوەی ١٣ ساڵی رابردوودا چەمکی هاوبەش بوون لە پرۆسەی سیاسی و ئیدارەدانی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی قووڵ پراکتیز بکرێت. ئەگەرچی لە سەرەتای پرۆسەکەدا پێکهاتەی عەرەبی سوننەو نوخبەی سیاسی ئەم پێکهاتەیە لە خەیاڵدانی گەڕانەوەی حوکمڕانێتی عەرەبی سوننەدا بۆ عێراق و رەتکردنەوەی عێراقی جیاواز لە جاران هەوڵی تەریککردن و پەراوێزبوونی خۆیان بەدەستی خۆیان دا، بەڵام پاش تێگەیشتن لەوەی کە مەحاڵە دۆخی رابردوو وەکو خۆی بگەڕێتەوە، بۆیە هەوڵیان دا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ بەشدار بن لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق، یەکێك لەهیواکانی کوردیش بریتی بوو لە پێکەوەژیان لە عێراقدا لەسەر بنەمای هاوبەشێتی لە ئیدارەدانی دەوڵەتدا. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ ئایا عێراق توانی ئەم هاوبەشێتی و هاوبەشیبوونە وەك ستراتیژێك سەیر بکات لە قۆناغی گواستنەوەدا بۆ ئەوەی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی جیاوازتر لە جاران و جیاواز لە ناوچەکە؟

ئەگەر وێناکردنێکی بابەتییانە بکەین بۆ چەمکی هاوبەشبوون لە ١٣ ساڵی رابردووی عێراقدا، وێنەکە بەمجۆرە دەردەکەوێت: نوخبەی سیاسیی پێکهاتەی شیعە لە عێراق نوخبەیەك بوون تینووی دەسەڵات و تینووی تۆڵە، هاوبەشبوون لە زهنیەتی سیاسیی ئەواندا تاکتیکێك بوو، نەك ستراتیژ، هەرکات بیانوویستایە پەراوێزی عەرەبی سوننە بکەن و هەوڵی زیاتری موجامەلەکردنی کوردیان دەدا، -هەرچەندە لە ١٣ ساڵی رابردوو کورد نەکەوتە داوی ئەو تاکتیکەوە-، هەر کاتێکیش بیانویستایە لەبەرژەوەندی سیاسی کورد لە عێراق بدەن موجامەلەیەکی بێ سنووری عەرەبی سوننەیان دەکرد، کە عەرەبی سوننە لەم هەوڵەدا هاوبەشییان دەکرد. ئەگەر پۆلێنبەندییەك بکەین بۆ ١٣ ساڵی رابردووی هاوبەشێتی لە عێراقدا، دەکرێت لەسەر دوو ئاست تێڕوانین بخەینەڕوو:

ئاستی سیاسی: لەئاستی سیاسیدا بۆ تێپەڕاندنی دۆخی قۆناغی گواستنەوە پرۆسەی خاڵیکردنەوەی پێکهاتەی دەرەوەی شیعە لە بەغدا پرۆسەیەکی هێمنانەی سەرکەوتووانە بوو، لە قۆناغی یەکەمدا

**یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەربازبوون لە ستەمکاری سیاسی – ئیداری – حوکمڕانی بریتییە لە پشتبەستن بە مۆدێلی ناسەنتەربوونی ئیدارەدانی دەوڵەت، لە بونیادنانەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بابەتی ناسەنتەربوونی حوکمڕانی بابەتێکی دیفاکتۆ ئامێز بووە**

**جیا لەوەی سەربەخۆیی کوردستان، ویستێکی نەتەوەییە، هەوڵێکە بۆ بونیادنانی کیانێکی سیاسی- یاسایی پێشکەوتووتر لەم فۆرمەی ئێستا، بە بارێکی دیکەدا خاڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبێت باشترین پاڵنەر بن بۆ ئەکتیڤکردن و دەستبردنی خێرا بۆ سەربەخۆیی**

**خەمی تاکێکی کورد ئازارەکانی لە عێراقدا زۆر جیاوازترە لە خەمی کەتەلۆنییەک لەناو دەوڵەتی ئیسپانی، یا خەمی کیوبیکییەک لەناو دەوڵەتی کەنەدی. خەمی ئێمە ناڵاندنە بە ستەمکارییەوە بە نەبوونی هاوبەشێتی و نەبوونی هیوایەک بۆ دەوڵەتی هاووڵاتیبوون**

**راپۆرتەکەی بەڕێز بابەکر زێباری کە ئەو کات سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، بۆ بەڕێز سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق مام جەلال- لەساڵی ٢٠١١ ئاماژەی روونن بەوەی کە ئەوەی لە عێراقدا روودەدات کەمکردنەوە و سنووردارکردنی رێژەی پێکهاتەکانی تری عێراقە لە سوپا و دامەزراوە سەربازییەکاندا. نوخبەی سیاسیی عەرەبی شیعە لە سەرەتاوە رێگری کردووە لە بوونی هێز و توانای تەواوی پێکهاتەکان لە دامەزراوە سەربازییەکان**

**نوخبەی سیاسیی پێکهاتەی شیعە لە عێراق نوخبەیەک بوون تینووی دەسەڵات و تینووی تۆڵە، هاوبەشبوون لە زهنیەتی سیاسیی ئەواندا تاکتیکێک بوو، نەک ستراتیژ، هەرکات بیانوویستایە پەراوێزی عەرەبی سوننە بکەن و هەوڵی زیاتری موجامەلەکردنی کوردیان دەدا**

توانرا سوننە بە ئاستێکی بەرز پەراوێز بخرێت و رۆڵ و قورسایی سیاسی کەم بکرێتەوە، دیارە ئەم بابەتەش هۆکارگەلێکی هەیە کە بەشێکیان وابەستەیە بە سەرکردایەتی لاوازی پێکهاتەی عەرەبی سوننە و غیابی مەرجەعیەتێکی سیاسی عەرەبی سوننە و تێکەڵبوونی هەندێکیان بە تیرۆر و توندوتیژی و بەشەکەی دیکەشیان وابەستەیە بە هەوڵی ستەمکارانەی نوخبەی سیاسیی عەرەبی شیعە لە بەرامبەر نوخبەی سیاسیی عەرەبی سوننە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی سوننە. لە قۆناغی دووەمدا هەوڵی جددی درا بۆ کاڵکردنەوەی هاوبەشێتی سیاسی لەگەڵ کورددا. مێژووی ١٣ ساڵەی رابردووی عێراق یان هەوڵ بووە بۆ کاڵکردنەوەی هاوبەشێتی لەگەڵ کورد، یان بە تەواوی کۆتاییهاتن بووە بە هاوبەشێتی لە ئیدارەدانی دەوڵەت. لە ئێستادا حوکمڕانی راستەقینە بە ڕاست و چەپ لە بەغدا نوخبەیەکی سیاسی شیعەیە، ئەوەی لە ئێستای عێراقدا ناتوانێت، یا دروستتر ئەوەیە رێگەی پێنادرێت کە هیچ سەربارێکی پۆزەتیڤی بۆ پرۆسەی سیاسی و ئیدارەدانی حوکمڕانی عێراق هەبێت، کوردە، مانەوەی کوردیش بەو جۆرەی ئێستا لە پرۆسەی سیاسیدا و لە چوارچێوەی عێراقی ئێستادا تووشی گەورەترین ستەمکاری دەکاتەوە. دامەزراوەکانی «دەوڵەتی عێراق» جگە لە دامەزراوەیی تەشریعی کە بوونی کوردی وابەستەیە بە دەنگدان و هەڵبژاردنەوە، تا ڕادەیەکی زۆر خاڵین لە کورد. کورد لە کوێی ناوەندی بڕیاردایە لە بەغدا پاش ١٣ ساڵ لە کاری پێکەوەیی؟ گومان نییە کورد لەناو بازنەی بڕیاری ئیدارەی دەوڵەت لە سەنتەر لە حاڵەتی عەدەمدایە، کە ئەمەش دەرئەنجامی غیابی هاوبەشێتییە، دەرئەنجامی مەیلی سەنتەراڵ خوازانەی نوخبەیەکی ناو نوخبەی سیاسیی شیعەی عێراقە. ئاستی دووەم لە بەشداری کورد لە پرۆسەی سیاسی و ئیداریی دەوڵەت ئاستی سەربازی و تەناهییە: لەگەڵ رووداوەکانی ٩ی نیسان و هەڵوەشاندنەوەی سوپای پێشووی عێراق، کورد بەشداری کارای هەبوو لە بونیادنانەوەی دامەزراوەی سەربازی و تەناهیەکانی عێراق، بەڵام هەوڵەکانی سەنتەر بە چەند ئاراستەیەکدا بوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەیی سەربازی و تەناهی.. ئاراستەی یەکەم – میلیشیا هێزێکە دەکرێت بۆ هەموو کارێك دژ بە نەیارانی نوخبەی سیاسیی شیعە پشتی بێ ببەستێت. ئەم قۆناغە، قۆناغی فراوانکردن و پشتگیرکردنی سەربازی شیعە بوو، ئاراستەی دووەم بریتی بوو لە بونیادنانی دامەزراوەی سەربازی بە هاوبەشێتییەکی کەم لەگەڵ کورد و عەرەبی سوننە و پاشان خاڵیکردنەوەیان(تفریغ) لەو پێکهاتانە، راپۆرتەکەی بەڕێز بابەکر زێباری کە ئەو کات سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، بۆ بەڕێز سەرۆك کۆماری ئەو کاتی عێراق مام جەلال- لەساڵی ٢٠١١ ئاماژەی روونن بەوەی کە ئەوەی لە عێراقدا روودەدات کەمکردنەوە و سنووردارکردنی رێژەی پێکهاتەکانی تری عێراقە لە سوپا و دامەزراوە سەربازییەکاندا. نوخبەی سیاسیی عەرەبی شیعە لە سەرەتاوە رێگری کردووە لە بوونی هێز و توانای تەواوی پێکهاتەکان لە دامەزراوە سەربازییەکان. کەواتە ئێستا وێنەکە روونە: لە ئاستی سیاسی ئەوەی حوکمڕانە لە عێراق نوخبەی سیاسیی عەرەبی شیعەیە و قسەکردن لەسەر هاوبەشیبوون و هاوبەشێتی لە ئێستادا لە سەرابێکی گەورەی بیابانی عەرعەر زیاتر هیچی تر نییە. لە ئاستی سەربازی و تەناهیدا بەغدا جگە لەوەی ناتوانێت هاوبەشبوون پیادە بکات لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بەڵکو رێگری سەرەکییە لە بەردەم گەیاندنی هاوکاریی سەربازیی جیهان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئێستا لە جەنگێکی قورسدایە.

سێیەم: بەرهەمهێنانەوەی ستەمکاری: پاش ئەوەی عێراق لەم ساتەدا خاڵی بووەوە لە هەموو بنەماکانی هاوبەشێتی و سازان، ئەوەی کە هەیە شێوەیەکی دیکۆرئامێزە و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، لە ئێستادا دەیان فۆرمی ستەمکاری رەمزی سەنتەر بەرامبەر کوردستان خۆی بەیان دەکات، ترسی گەورەش ئەوەیە ئەم ستەمکارییە دۆخی پێش ٩ی نیسان بخولقێنێتەوە و عێراق وەکو دەوڵەت و وەك حوکمڕانی لە لوتکەی بێباکیدایە بەرامبەر تاکی کورد و هەندێك پێکهاتەی تر، ئیدی گەڕان بە دوای هێڵە ونبووەکانی هاوبەشێتی جگە لە کارێکی تاقەتپڕووکێنەر هیچی دیکە نییە. خەمی تاکێکی کورد ئازارەکانی لە عێراقدا زۆر جیاوازترە لە خەمی کەتەلۆنییەك لەناو دەوڵەتی ئیسپانی، یا خەمی کیوبیکییەك لەناو دەوڵەتی کەنەدی. خەمی ئێمە ناڵاندنە بە ستەمکارییەوە بە نەبوونی هاوبەشێتی و نەبوونی هیوایەك بۆ دەوڵەتی هاوولاتیبوون.

چوارەم: کورد و سەربەخۆیی: جیا لەوەی سەربەخۆیی کوردستان، ویستێکی نەتەوەییە، هەوڵێکە بۆ بونیادنانی




کیانێکی سیاسی- یاسایی پێشکەوتووتر لەم فۆرمەی ئێستا، بە بارێکی دیکەدا خاڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبێت باشترین پاڵنەر بن بۆ ئەکتیڤکردن و دەستبردنی خێرا بۆ سەربەخۆیی، ئەلتەرناتیڤی عێراقێکی شکستخواردوو لە قووڵکردنەوەی بنەماکانی هاوبەشێتی و سازان، عێراقێکی پاوەنخواز و سەنتەراڵ ویست دەبێت لە حاڵی ئێستادا پرۆژەی سەربەخۆیی بێت کە سەربەخۆییەك بە نموونەی تامی سەنگاپوورەی ١٩٦٥، سەربەخۆییەك ئازارەکانی رابردوومان سارێژ بکات، چونکە ئەوەی ئاشنای مێژووی یەك بە یەکی حوکمڕانەکانی عێراق نەبێت، نازانێت کوردستان لە پێکەوەلکاندنیەوە بە عێراق تا بەئێستا دەگات، چەند بە بێ ئۆقرەیی ژیاوە. جگە لە سیاقی خەبات و خوێن و شەهید و قوربانی، تەنیا شەرعیەتێك لە ئێستادا کافی بێت بۆ سەربەخۆ بوون بریتییە لە شکستهێنانی ئەم فۆرمە قێزەونەی پێکەوەژیان لەگەڵ عێراق، بۆ گەیشتن بەم حاڵەتەش پێویستمان بە دوو هەنگاوی گرنگە، هەنگاوی یەکەم: بوونی ئیدارەیەکی بەهێز بۆ وازهێنان لە عێراق و هەڵنەچنینی هیواکان بە دەوڵەتی عێراق، ئەم هەنگاوە گرنگی لە رادەبەدەری هەیە، چونکە بەداخەوە تا ئێستاش هێزگەلێك هەن کە خاوەنی پرۆژەی شیرینکردنی بەغدان لەلای تاکی کورد و رۆژانە ماکیاژی وێنەی قێزەونی حوکمڕانی بەغدان، لەیەکەمین وشەیاندا لایان وایە کورد بەرامبەر بەغدا کەموکوڕی هەبووە، کە ئەم تێکستە نەك نابێ بووترێت بەڵکو شیاوی بیر لێکردنەوەش نییە، چونکە هەر بوونی ئێمە لەعێراقدا بەبێ ویستی ئێمە گەورەترین ستەمکارییە، هەر هەوڵێکیش بۆ دەرچوون لەو ستەمکارییە خەباتە نەك کەموکوڕی نواندن لەبەرامبەر بەغدا.

هەنگاوی دووەم: بریتییە لە رێکخستنەوەی ناوماڵی کوردی و کۆبوونەوە لە دەوری پرۆژەیەکی نیشتمانی بۆ سەربەخۆبوون. لە ئێستادا گرنگە هزر لەو نموونانەی مێژووی سەربەخۆیی دەوڵەتان بکەینەوە کە چەندین فۆرمی جیاوازیان هەیە، وەك جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان بە شێوەیەکی تاکلایەنانە لە١٩٧١/١٢/١٦ یان سوود وەرگرتن لە پرۆسەی بەلکانیزەیشن، جیابوونەوەی لیتوانیا و لاتیڤیا و ئیستۆنیا لەپاش جەنگی سارد لەساڵی ١٩٩١، یان رێککەوتن وەك ئەوەی لەنێوان سودان و باشووری سودان روویدا لە ٢٠١١، یان ریفراندۆم ئەنجامدان لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام بەبێ دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی کەیسی (الصحراء الغربیة) ئەمانە و دەیان فۆرمی دیکەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەیە کە کوردستان دەتوانێت پراکتیزەیان بکات، چ وەك مافی نەتەوەیی، چ وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەم پێکەوە جەبرییە لە سایەی عێراق.

---

***مامۆستای زانکۆ**

**بەداخەوە تا ئێستاش هێزگەلێک هەن کە خاوەنی پرۆژەی شیرینکردنی بەغدان لەلای تاکی کورد و رۆژانە ماکیاژی وێنەی قێزەونی حوکمڕانی بەغدان، لەیەکەمین وشەیاندا لایان وایە کورد بەرامبەر بەغدا کەموکوڕی هەبووە، کە ئەم تێکستە نەک نابێ بووترێت بەڵکو شیاوی بیر لێکردنەوەش نییە، چونکە هەر بوونی ئێمە لەعێراقدا بەبێ ویستی ئێمە گەورەترین ستەمکارییە، هەر هەوڵێکیش بۆ دەرچوون لەو ستەمکارییە خەباتە نەک کەموکوڕی نواندن لەبەرامبەر بەغدا**



### سەلاح بەدرەدین بۆ گوڵان:

# هەر کەس و لایەنێک بە فیتی دەرەکی دژایەتی سەرۆک بارزانی بکات لە نەتەوە و دەستوور و یاساکانی کوردستان بەدەرە

ئەوەی ئێستا بۆتە خاڵی هاوبەش لە نێوان تەواوی سیاسەتمەدار و چاودێرانی سیاسی، ئەوەیە کە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ناوچەکە حەتمییە و هەموولایەك وێڕای جیاوازی بیروبۆچوونەکانیان لەسەر ئەوە هاوڕان کە نەخشەی سیاسیی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەناو ئەم دۆخەش کە هەموو لایەك چاوەڕێی گۆڕانکارین، کوردستان بۆتە توخمی سەرەکی، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە خەتی سەرەکیی سیاسەتی کوردستان لە بەرەی هاوپەیمانی دژی تیرۆریستان و لە بەرەی جیهانی ئازاد و دیموکراتیدایە، ئەم بەرەیەش وەنەبێت لە بەرامبەردا دوژمنی خۆی نەبێت، یان تەحەددای گەورە رووبەڕووی نەبێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئاڵۆزانە سیاسەتمەدار سەلاح بەدرەدین لە دیمانەیەکی گوڵان-دا بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.

*** بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر سەخت و ئاڵۆز و پڕ گۆڕانکاریی خێرا و بەردەوامە، لەناو ئەم هاوکێشە سەخت و ئاڵۆزەدا، کورد توخمێکی سەرەکییە، هەم فرسەتێکی گەورەی بۆ هاتۆتە پێشەوە و هەمیش رووبەڕووی کۆمەڵێك تەحەددی بۆتەوە، ئایا ئێوە پێگەی کورد لەو هاوکێشە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەخوێننەوە؟**

- شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر دروشمەکانی ئازادی و شکۆمەندی و دژی رژێمە سەرکوتکارەکان روویاندا، لە پێنج ساڵی رابردوو بە شەپۆلی سێیەمی شۆڕشگێڕی گۆڕانکاریی لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ناوچەکە دەژمێردرێن، دوای هەردوو شەپۆلی شۆڕش دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەم و دژی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دێن کە دەتوانین بڵێین سەرلەنوێ کێشەکانی ململانێی نێوان گەلان و دوژمنەکانیانی خستەوەڕوو، هەروەك دەبینین هێزە نەیارەکانی گۆڕانکاریی دیموکراسی و بنیادنانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای مەدەنییەتی دادپەروەرانە، هەموویان کەوتنە بەرەی رووبەڕووبوونەوە، هەروەك گروپە تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی بە هەموو توێژ و ئایینزاکانیانەوە هاتنە ریزی شۆڕشی دژەوە، بەمەش رووبەڕووبوونەوەکان فراوانتر بوون و ئاستی کۆمەڵکوژی و وێرانکاری زیادی کرد و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە گۆڕەپانی پاککردنەوەی حیسابات و شەڕی بەوەکالەت، بێگومان کوردیش وەك گەلێکی تێکۆشەر لە پێناو ئازادی و دابەشبووی سەر چوار وڵات لەم دیمەنە زۆر ئاڵۆزەدا کە ئاشتی و سەقامگیریی تێدا بەرقەرار نییە، دەبێتە یەکێك لە زەرەرمەندان، بەڵکو هەڕەشەلێکراویش، لێرەدا دەمەوێ جەخت بکەمەوە لەوەی کە من رەشبین نیم، بەڵام جیاوازم لەگەڵ ئەوانەی لە رادەبەدەر گەشبینن لەسەر بنەمای سۆز و هەست. بەڵێ کورد وەك گەلێك چاوی لە رزگارییە و چوارەم توخمی نەتەوەیە دوای عەرەب و تورك و ئێرانی و لە نیشتمانەکانی خۆی نیشتەجێیە کە دەکەونە سەر دەریایەك لە نەوت و بڕێکی زۆری غازی هەیە، هاوکات دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو و بەرهەمی کشتوکاڵی و پێگەی جیۆسیاسیی ستراتیژی، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرجە خودی و بابەتییەکانی تێدا نییە، تاکو رۆڵی سروشتیی خۆی ببینێت لە داماڵینی مافی چارەنووس و بنیادنانی دەوڵەتی کوردستانی یەکگرتوو لەبەر چەند هۆکار و تەحەددییەك کە نایەنە ژمار، دیارترینیان:

یەکەم: جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی نێوان کورد کە بەسەر هەر چوار وڵاتدا دابەشبوون، هەروەها کاریگەربوون بەو نەتەوانەی کە حوکمڕانن و ژمارەیان زۆرە و باڵادەستن بەسەر کایەکانی ژیان و لەوەتەی چەند سەدەیەك لە دابەشبوونی کوردستان لە هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمدا، ئەمە کاریگەری هەبووە بۆ گرتنەبەری رێگەیەکی تازە لە چۆنێتیی چارەسەری کێشەی کورد، بۆیە ئەگەر دروشمەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەوەتەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە چوارچێوەی رزگاری و یەکگرتنی کوردستان و چارەسەری نەتەوەییدا بووبێت، هەروەها بزووتنەوەگەلێکی نەتەوەیی ناوەندیمان هەبووبێت وەك (خۆیبوون) و راپەڕینەکانی دژ بە عوسمانییەکان کە کوردی تورکیا و عێراق و سووریا و ئێران بەشدارییان تێدا کردبێت، ئەوا ئێستا کە ئێمە لە سەروبەندی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکداین، داوای چارەسەری نیشتمانی و دیموکراسیی کێشەی کورد دەکەین لەنێو وڵاتەکانی خۆماندا و لەسەر بنەمای سازان و بەیەکەوەژیان لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە عەرەب و تورك و ئێرانییەکان و لە هەر بەشێکیشدا دەیان حزبی پێکناکۆکمان هەیە.

دووەم: لە سایەی ئەو دیمەنە واقیعییەدا کە ئاماژەمان پێکرد هیچ مەڵبەندێکی نەتەوەیی پەسندکراو و دانپێدانراو لە هەموو لایەنێکەوە نییە، هەروەها کەمترین پلەی هەماهەنگی هەیە لە نێوان بنکە حزبییەکان لە هەر چوار پارچە، تەنانەت حزبی وا هەیە پیلان دژی ئەوی دیکە دەگێڕێت و هاوکاریی دوژمنانی کورد دەکات.

سێیەم: قەیرانێك لە پرسی بڕیاری سەربەخۆی نیشتمانیی کوردی لە ئارادایە و زۆرینەی حزبەکان بوونەتە مایەی کێشمەکێش و قۆستنەوە و بەکارهێنان لەلایەن رژێمە داگیرکارەکانی کوردستان کە هەموویان سەرکوتکار و شۆڤێنین.

چوارەم: قەیرانێك لە هزر و هۆشیاری لە ئارادایە، بۆ نموونە هەندێ کەسی رۆشنبیر و راگەیاندنکاری کورد تا ئێستا ناتوانن پێناسەی (بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستانی) بکەن، واتا تا ئێستا پێیانوایە تەنیا بریتییە لە حزب، هەروەك لە پێوانە و پێناسەکانی پێش دەیەکان وا بوو، بەڵکو لە ماوەی سەدەیەکیش هەر وا بووە، لە کاتێکدا بزووتنەوە فراوانە و جۆرەها چین و توێژی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، هەروەها کەرتێکی فراوانی بێلایەن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی لاوان هەن، هاوکات چەند بەرژەوەندی و هەڵوێستێکی دژبەیەك و ئاڵۆز بە واتای ئەوەی مەرج نییە هەڵوێستی حزبەکان دروست و بێگەرد بێت.

*** سەرۆك مسعود بارزانی لە ئێستا هەموو هەوڵی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە ناسکەدا کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان چارەسەر بێت و لەم گۆڕانکارییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد سوودمەند بێت، وەك دەزانن سەرۆك لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان کاردەکات و بۆ هەر یەکەشیان نەخشەڕێگەیەکی هەیە، ئایا تاچەند گرنگە کوردی هەر چوار پارچە لە دەوری ستراتیژییەتی مسعود بارزانی کۆببنەوە؟ ئایا لەسەر سەرکردایەتیی بارزانی لەم قۆناخە سەختەدا چ هەڵسەنگاندنێکتان هەیە؟**

- لەوەتەی چەند دەیەك و بە دیاریکراویش دوای بەرپابوونی شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلوول لە کوردستانی عێراق و دوای سەرهەڵدانی ململانێکان و دەستێوەردانی رژێمە ئیقلیمییەکان و سەردانەکانی چەند جارەمان بۆ ناوچە

**وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە گۆڕەپانی پاککردنەوەی حیسابات و شەڕی بەوەکالەت، بێگومان کوردیش وەک گەلێکی تێکۆشەر لە پێناو ئازادی و دابەشبووی سەر چوار وڵات لەم دیمەنە زۆر ئاڵۆزەدا کە ئاشتی و سەقامگیری تێدا بەرقەرار نییە، دەبێتە یەکێک لە زەرەرمەندان و هەڕەشەلێکراویش دەبێت**

**کورد وەک گەلێک چاوی لە رزگارییە و چوارەم توخمی نەتەوەیە دوای عەرەب و تورک و ئێرانی و لە نیشتمانەکانی خۆی نیشتەجێیە و هاوکات دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو و بەرهەمی کشتوکاڵی و پێگەی جیۆسیاسیی ئیستراتیژی**

**ئێستا کە لە سەروبەندی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکداین داوای چارەسەری نیشتمانی و دیموکراسیی کێشەی کورد دەکەین لەسەر بنەمای سازان و بەیەکەوەژیان لەگەڵ هاوبەشەکانمان، بەڵام لە هەر بەشێکدا دەیان حزبی پێکناکۆکمان هەیە**

**هەندێ کەسی رۆشنبیر و راگەیاندنکاری کورد تا ئێستا ناتوانن پێناسەی (بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستانی) بکەن، واتا تا ئێستا پێیانوایە تەنیا بریتییە لە حزب**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی ئەو رێبازە نەتەوەییە کوردستانییە دیموکراسییە دەکات و هەڵگری مەشخەڵی ئەو رێبازەیە و هەردوو شەرعییەتی نەتەوەیی مێژوویی و شۆڕشگێڕی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە**

**پێویستە هەموو هێزو لایەنەکان پشتگیری و پاڵپشتیی سەرۆک بکەن لە هەرێم و هەموو هەوڵێکی دابەشکردن و قەدەغەکردنی ئەجێندای لایەنەکانی ئیقلیمی رابگرن و بە یەک ریز بەرامبەر کێشەکان بوەستنەوە و دەستکەوتەکانیش بپارێزن**

**من پێموایە پەکەکە و پاشکۆکانی بە هەموو ناوەکانیانەوە و بەتایبەتی لە کوردستانی سووریا، بە یەکجاری بۆتە داردەستی فەیلەقی قودس و بەرپرسەکەی ژەنەڕاڵ سلێمانی و بەناوی پەیەدەوە چوار ساڵە خزمەت بە رژێمی ئەسەد دەکات**

ئازادکراوەکانی شۆڕش و بۆ لای سەرکردەی ئەو شۆڕشە لە ساڵی ١٩٦٧، ئەمەمان لە دیدێکی روون و دیارەوە سەرچاوە دەگرێت بەوەی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی بە شێوەیەکی گشتی دوو رەوتی سیاسی ململانێی لەگەڵدا دەکەن، یەکەمیان نەتەوەیی دیموکراسییە کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی کورد دەکات و تێدەکۆشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگەی دیالۆگی ئاشتییانە لەسەر بنەمای مافی چارەنووس بە پێی ویستی کورد و بە هەڵبژاردنی شێوازێکی ئازاد و لە چوارچێوەی سیستەمە دیموکراسییەکاندا و پابەندبوون بە دۆستایەتیی گەلان و پێکەوەژیان کە بەلای میانڕەوەیدایە و سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد، دووەمیان سەرکێشێکی پارێزراو نییە کە نە نەتەوەیی و نە نیشتمانییە و پاشکۆی رژێمە سەرکوتکارەکانە کە کوردیان دابەشکردووە، هاوکات ئەجێندای ئەو رژێمانەیان هەڵگرتووە و بەلای پەڕگیری و سازشکردن و هەلپەرستیدان و دوورن لە راستگۆیی و ئاشتی، هەروەها وای دەبینم کە دەستنیشانکردنی پێشوومان تا ئێستا دروستە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو رەوتە سەرکێشە شێوازی تازەی گرتۆتەبەر، بەڵام بێ هیچ گۆڕانکارییەك لە ناوەڕۆکدا. دیارە کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی ئەو رێبازە نەتەوەییە کوردستانییە دیموکراسییە دەکات و هەڵگری مەشخەڵی ئەو رێبازەیە و هەردوو شەرعییەتی نەتەوەیی مێژوویی و شۆڕشگێڕی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، لەپاڵ سەرپشککردنی گەلی کوردستانی عێراق کە بە شێوەیەکی یاسایی هەڵبژێردرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە کاك مسعود خۆی بەدوور دەگرێت لە دەستوەردان لە کاروباری بەشەکانی دیکە، تەنانەت هەموو توانایەکیش دەبەخشێتە برایان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان و بەدیهێنانی بەیەکەوەژیان و ئاشتی لەنێوان ناکۆکەکان، بەڵام من پێموایە کە لەپێناو سووککردنی بارگرانیی سەرشانی سەرۆك بارزانی و بەدیهێنانی ئەوەی مەبەستمانە لە بەلاوەنانی لەمپەرەکان لەبەردەم هاوکاریی کورد و کورد، پێویستە هەموو هێزو لایەنەکان پشتگیری و پاڵپشتیی سەرۆك بکەن لە هەرێم و هەموو هەوڵێکی دابەشکردن و قەدەغەکردنی ئەجێندای لایەنەکانی ئیقلیمی رابگرن و بە یەك ریز بەرامبەر کێشەکان بوەستنەوە و دەستکەوتەکانیش بپارێزن، بەتایبەتیش رەوشی فیدڕاڵی، هاوکات کوردیش دەستپێشخەری بکات بۆ بەشەکانی دیکە تاکو ماڵی خۆیان رێك بخەنەوە و کێشە تایبەتییەکانیان چارەسەربکەن و دەستی یارمەتی و پاڵپشتی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکەکەی درێژبکەن.

*** ئێران لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا رۆڵێکی هێجگار گەورەشی هەیە بۆ فراوانکردنی مەددی شیعی، هەروەها پشتگیریکردنی حکومەتی بەغدا و دیمەشق، لە هەمان کاتدا زۆر بە ئاشکراش دژایەتیی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەربڕیوە، ئایا تاکەی ئێران لەسەر ئەم سیاسەتەی بەردەوام دەبێت؟**

- ئێران مەترسیدارترین لایەنە لە بەرەی نەیاراندا، کە لەو رژێمە و رژێمەکەی ئەسەد و تاقمی حوکمڕانی مۆسکۆ و مەڵبەندەکانی مەزهەبگەرایی نێو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و پاشکۆکانی لە حزبوڵای لوبنانی و میلیشیاکانی دیکە پێکدێت، هەروەکو زانراویشە پێشتر و ئێستاش ئەم بەرەیە وەك سەرەنێزەیە لە رووبەڕووبوونەوەی شۆڕشەکانی بەهار و دژی گۆڕانکاریی دیموکراسی و رێکخراوی نێودەوڵەتییە، هاوکات لەگەڵ تیرۆر و بێسەروبەری و دووبەرەکییە، رژێمی ئێران رۆڵێکی تێکدەرانە دەبینێت لەسەر ئاستی کوردیدا، چونکە پشتی گروپە شیعەگەرایە سیاسییەکان و میلیشیاکانیان دەگرێت لە ناوەندی بەغدا بۆ تەنگەتاوکردنی هەرێم و گەمارۆ و تەشقەڵەپێکردن و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی هەرێم و پاڵنانی هەندێ لایەن تاکو بارودۆخەکە ئاڵۆزبکەن و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانی عێراق لەبەین بەرن، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە رژێمی تاران پشت بە جەماعەتی پەکەکە دەبەستێت و هانیان دەدات تاکو دووبەرەکی و ترازان لەنێو ریزی کورددا بنێنەوە لە هەموو شوێنێکدا، بەڵام تاکەی ئەم رژێمە لە سیاسەتە تێکدەرانەکەی بەردەوام دەبێت؟ پێموایە تا ئەو کاتەی گەلانی ئێران دەتوانن ئەو رژێمە تیۆکراتە سەربازی و ئەمنییە بڕووخێنن کە دژی هەموو داخوازی و ئامانجی گەلانی ئێران و ناوچەکەیە.

*** هەفتەی رابردوو لە بەغدا بەناوی راگەیاندنی کابینەی تەکنوکراتەوە بە تەواوەتی کورد لە بەغدا پەراوێز خرا، هەموو بەندەکانی دەستووری عێراق بۆ پێکەوەژیان و حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی پێشێل کران، ئایا لە دوای ئەمەوە، کاتی ئەوە نەهاتووە کورد بە تەواوەتی لە بەغدا بکشێتەوە؟ ئایا ئەگەر سەرباری ئەم واقیعەش کورد هەر لە بەغدا بمێنێتەوە، وەك سیاسەتمەدارێك چۆن شرۆڤەی ئەو بارودۆخە دەکەیت؟**

- بەر لە دوو ساڵ وتارێکم نووسی دوای ئەوەی مالیکی هەر بەردەوام بوو لە پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، وتارەکەم بە ناونیشانی (جیابوونەوەی ناوەند و یەکتایی لایەنەکان. عێراق وەك نموونە) بوو، لەو وتارەدا باسی ئەوەم کردووە کە چۆن ناوەند کاردەکات بەرەو جیاکردنەوەی کوردستان، لەکاتێکدا کە کورد پابەندن بە فیدڕاڵییەت و پرەنسیپەکانی دەستوور و سازان، بە دووریشی نازانم کە دواهەنگاو لە حکومەتی عەبادییەوە بێت بە ئاراستەی هەرێم وەك بەپیرەوەهاتنێکی داوایەکی ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی بە مەبەستی هاندانی هەرێم تاکو تاکە هەنگاوی بەرامبەر هەڵبێنێت لە رێی پەرچەکرداری دیراسەنەکراو و دواتر تێوەگلاندنی گەل و سەرکردایەتیی هەرێم لە گەیشتن بە هەندێ پێگە کە سەرئەنجامی باشی بەدوادا نەیەت، بەتایبەتیش دوای دزەکردنی چەند هەواڵێك دەربارەی پیلانگەلێك کە ئێران خۆیانی بۆ ئامادە دەکات تاکو ناوخۆ تێکبدەن و زیاتر لە لایەنێکی کورد و دەرەکی لەم پیلانانەدا بەشداربن. من پێموایە چاکتر وایە

هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا پابەند بێت بە فیدراڵییەت و پێکەوەژیان و هاوکاری لەگەڵ هێزە دیموکراسیخوازە عێراقییەکان و لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی بۆ رزگارکردنی عێراق لە باڵادەستی و هەژموونی ئێران و هێزە مەزهەبییە دابەشکەرەکان، هەروەها زیاتر رووبکاتە پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەناو هەرێمدا و بەردەوامیش بێت لە پرۆسەی رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستانی و ئەنجامدانی چاکسازی کە سەرۆکی هەرێم رایگەیاندووە و هەر خۆیشی چاودێریی دەکات.

*** حزب و لایەنە شیعیەکانی عێراق دەریانخست کە هیچ جیاوازییەکان لەگەڵ رژێمەکانی پێشووی عێراق بەرامبەر کورد نییە، لەم رۆژانەدا پەرلەمانتارانی رەوتی سەدر قسەی سووکیان بە ژنانی ئێزیدی گوتووە، ئایا دەکرێت جارێکی دیکە بیر لە هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەی عێراق بکرێتەوە؟**

- پێموایە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان سەرکردە و بەرپرسیارانی حزب و گروپە شیعییەکان و لە نێوان بنکەکان و جەماوەری گشتیی شیعە، بەتایبەتیش کە زۆربەی ئەو سەرکردانە بەرهەمی هەواڵگری ئێران و نووسینگەی قاسم سلێمانین کە دۆسیێی عێراقی پێ سپێردراوە، یان ئەوانە دوای قۆستنەوەی پۆست و دەسەڵات خراپتر بوون، بەڵام جەماوەری شیعە ژێردەستەیە و بەدەست ئەو سەرکردانەوە دەناڵێنێت، هەروەها هیچ دوژمنکارییەك لەنێوان کورد و شیعە لەلایەك و لەگەڵ سوننە لەلایەکی دیکە نییە نە لەکۆن و نە لە مێژووی نوێدا، چونکە پرسی کورد لە چوارچێوەی نەتەوەییدایە نەك ئایینزایی، هاوکات لەنێو کوردیشدا لەسەر ئاستی ئایینی و مەزهەبیدا موسڵمان و کریستیان و ئێزیدی و سوننەو شیعەو عەلەوی بوونیان هەیە.

*** دیارە لەسەر ئاستی کوردستاندا هەندێك لایەن بە وەکالەتی ئێران دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستان و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکەن، ئەمەشیان نەشاردۆتەوە بەشێك لە سەرکردەی ئەو حزبانە دەڵێن کاتی سەربەخۆیی نییە و باشترە لەگەڵ عێراق بمێننەوە، پرسیار ئەوەیە ئەوا بەغدا خۆی کوردی دەرکرد، ئایا ئێستا چی بە خەڵك دەڵێن؟**

- هەر یەکێك دوژمنایەتیی بەڕێز مسعود بارزانی بکات بەفیتی لایەنە دەرەکییەکان، بەو ناوەی کە بەڕێزیان بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی و دەستووری هەیە، هەروەها خۆشەویستی و رێزی لای زۆرینەی کوردی جیهان هەیە و هەڵگری پرەنسیپە بەهادارەکانە، ئەو کەسە لە نەتەوە و گەل و دەستووری کوردستان و یاساکانی بەدەرە، بەڵام پرسی هەڵوێستی سیاسی لە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ئەوە شتێکی دیکەیە، چونکە هەیە باوەڕی بە سەربەخۆیی و مافی چارەنووس هەیە لە رووی پرەنسیپەوە، هەروەها پێیوایە کە هەلومەرجەکە هێشتا لەبار نییە، هەندێ کەسیش هەن کە بەم شێوەیە لێی ناڕوانن، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە رێز لە هەڵوێستی هەردوو لا بگرین لە روانگەی چەمکەکانی دیموکراسییەوە، بۆیە دەربارەی ئەو بابەتە خودی جەنابی سەرۆك بارزانی یەکسەر داوای سەربەخۆیی ناکات، بەڵکو دەخوازێت کە گەلی کوردستان ریفراندۆم بکات تاکو راوبۆچوونی زۆرینە رەچاوبکرێت و پێوەی پابەندبن، بەڵام بەدیهێنانی ئەمە لەسەر ئەرزی واقیع و کاتەکەی ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ دانایی و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی دەوروبەر لەلایەن سەرکردایەتیی هەرێمەوە.

*** پەکەکە وەك داردەستی ئێران رۆڵێکی هێجگار خراپ لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەگێڕێت، وەك دەبینین لە باکوور شەڕێکی بە خواستی ئێران دروستکردووە کە زیانێکی زۆر گەورەی بە شۆڕشی باکوور گەیاندووە، لە رۆژئاوای کوردستان کە پەیڕەوی هەمان سیاسەتی پەکەکە جێبەجێ دەکات، دیکتاتۆر و رێگە بە لایەنە سیاسییەکانی دیکەی رۆژئاوا نادات بگەڕێنەوە، بۆ رۆژهەڵات رێگری لە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات دەکات بچنەوە کوردستانی رۆژهەڵات و خەباتی چەکداری بکەن، لە باشووریش وەك دەبینین بە بێ شەرمانە پاڵی داوەتە بەغدا و حەشدی شەعبی، رۆژێك دەیەوێت لە شنگال کانتون دروست بکات، رۆژیکیش لە رانیە و قەڵادزێ و گەرمیان، ئایا چۆن سەیری ئەم سیاسەتەی پەکەکە دەکەیت؟ ئایا ئەمە لەگەڵ ستراتیژییەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان یەکدەگرێتەوە؟**

- من پێموایە کە پەکەکە و پاشکۆکانی بە هەموو ناوەکانیانەوە و بەتایبەتی لە کوردستانی سووریا لەم قۆناغەدا لایەنی سەرەکییە لە رەوتی سەرکێشی بزووتنەوەی کوردی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، کە بە یەکجاری بۆتە داردەستی فەیلەقی قودس و بەرپرسەکەی ژەنەڕاڵ سلێمانی و بە ناوی پەیڕەوەوە لەوەتەی چوار ساڵە خزمەت بە رژێمی ئەسەد دەکات، لەوانە دابەشکردن و پەرتکردنی پێکهاتەی کوردی و دوورخستنەوەی کورد لە شۆڕشە نیشتمانییەکەی، هاوکات بە زەبری چەك دەستی گرتووە بەسەر زۆربەی ناوچە کوردییەکاندا لە رێی رادەستکردن و وەرگرتنەوە و کۆچپێکردنی کورد لە ناوچەکانیان و پیادەکردنی پاکتاوی حزبی و رەتکردنەوەی بەرامبەر تا رادەی لەناوبردن، شاردراوەش نییە کە ئەم حزبە دەستی کردووە بە دەستێوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان بە مەرامی لە ناوبردنی دەستکەوتەکان و نانەوەی دووبەرەکی و هاوکاریکردن لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردستان، لەم بوارەشدا پێویستە دامەزراوەکانی هەرێم لە رووی سیاسی و راگەیاندنەوە چاوبخشێننەوە بە پێناسەکردن و دیاریکردنی رەفتارەکانی ئەو حزبە رووخێنەرە، چونکە ئێمە تا ئێستا پێمانوایە کە هەندێ لە دەستگاکانی راگەیاندن کە لەسەر دەسەڵات حیسابن بوونەتە زووڕناژەن و رەواج بۆ هەواڵ و جووڵانەوەکانی پەکەکە دەکەن، هەروەها هەندێ هەن کە لە رووی بازرگانیشەوە مامەڵە لەگەڵ گروپەکانی سەر بەو حزبە دەکەن، بۆیە لێرەدا پێشنیاردەکەم کە بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکرێت سەبارەت بە دەستپاکی و چاکسازی و لێپێچینەوە لەم پرسە.

**پێویستە دامەزراوەکانی هەرێم لە رووی سیاسی و راگەیاندنەوە چاوبخشێننەوە بە پێناسەکردن و دیاریکردنی رەفتارەکانی پەکەکە، چونکە تا ئێستا هەندێ دەستگاکانی راگەیاندن کە لەسەر دەسەڵات حیسابن بوونەتە زووڕناژەن و رەواج بۆ هەواڵ و جووڵانەوەکانی ئەو حزبە دروست دەکەن**

**رژێمی ئێران رۆڵێکی تێکدەرانە دەبینێت لەسەر ئاستی کوردیدا، چونکە پشتی گروپە شیعەگەرایە سیاسییەکان و میلیشیاکانیان دەگرێت لە ناوەندی بەغدا بۆ تەنگەتاوکردنی هەرێم و گەمارۆ و تەشقەڵەپێکردن و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی هەرێم و پاڵنانی هەندێ لایەن تاکو بارودۆخەکە ئاڵۆزبکەن**

**ئێران مەترسیدارترین لایەنە لە بەرەی نەیاراندا، کە لەو رژێمە و رژێمەکەی ئەسەد و تاقمی حوکمڕانی مۆسکۆ و مەڵبەندەکانی مەزهەبگەرایی نێو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و پاشکۆکانی لە حزبوڵای لوبنانی و میلیشیاکانی دیکە پێکدێت**

# سەرووەری و دەستکەوتەکانی کوردستان ناکەینە قوربانی گەڕانەوە بۆ بەغدا



ڕێباز عوسمان

ئەمرۆ کوردستان لە قۆناغێکی هەستیار و گرنگدایە، جیهانی پێشکەوتوو بە چاوی ڕێز و گەورەوە دەڕوانێتە دەستکەوتەکانی. ئەگەرچی بارودۆخەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و ناوچەکە دۆخێکی وای خستۆتەوە کە لەچەند لایەکەوە دەیانەوێ ئەزموونەکەی کوردستان تووشی قەیران بێت، بەڵام سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و خۆڕاگرتنی بە سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وایکرد وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی پێشکەوتوو بە تێڕوانینێکی پڕ ئومێدەوە بڕواننە چارەنووسی ئەم گەلە. کورد بە کردار و سیاسەت سەلماندوویەتی کە گەلێکی ژیرە و لەگەڵ تیرۆر و ئاژاوەدا نییە. سەرۆك بارزانی سەرکردایەتی گەلێکی بەتوانا و پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا دەکات کە جگە لە خۆپاراستن و بەرگریکردن لەخۆی شەڕی هەموو جیهان و گەلانی پێشکەوتووخواز لە دژی تیرۆر دەکات. من وەکو کەسێکی چاودێر لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی بە وردی دەڕوانمە سیاسەتی دیپلۆماسی و هەڵوێستی هێزە گەورەکانی جیهان. ئەوان کەسانی کاریزما و مێژووپاك و ڕاستگۆیان زۆر خۆش دەوێت، ئەم خاڵەش لە سەرۆك بارزانی-دا هەیە، هەر بۆیە توانیوێتی وەکو سەرکردەی نەك هەرێمێك، بگرە دەوڵەتێك لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا پێشوازی لێ بکرێت. وەنەبێت ئەم دەستکەوت و ناوبانگە بەدڵی هەموو حکومەت و لایەنەکان بێت، چونکە جیهانی ئەمرۆ بە سەر چەند جەمسەرێکدا دابەش بووە و زەحمەتە ئێمەی کورد و چارەنووسمان بەدڵی هەموو لایەك بێت. هەربۆیە دژایەتیکردنی سەرۆك بارزانی وەکو خاڵی بەهێزی کوردستان لێرەو لەوێ و بەداخەوە لەناو هەندێك هێز و کەسانێکیشدا لەناوخۆی کوردستان دروست بووە، بێ ئەوەی بزانن دژایەتیکردنی بارزانی دژایەتیکردنی دەوڵەت و دەستکەوتە گەورەکانی کوردستانە.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمەی کورد ئەم هەموو سەرووەری و دەستکەوتانەی بە خوێنی سەدان شەهید بەدەست هاتووە، ناکەینە قوربانی دووبارە گەڕانەوە بۆ بەغدایەکی ڕووخاوی سیاسی و سوپایی، گەڕانەوە بۆ ناو باوەشی بەغدایەك پڕ لە قین و بوغز دژ بە کوردو کوردستان، بەغدایەك کە تادوێنێ کۆمەڵکوژی دەکردین لە سەحراکانی ڕومادی و بەسرەدا، ئەمڕۆش برسی و هەژارمان دەکات و ئابڵوقەی ئابووریمان دەخاتەسەر و تاوانی هاوشێوەی نزامی بەعسی فاشی دووبارە دەکاتەوە. ئەمرۆ بەغدا نەك لە سیاسەتی ناوچەکە و جیهان بەشدار نییە، بەڵکو لە ناوخۆشدا بە سیاسەتێکی شۆڤێنی و مەزهەبی بەڕێوەدەچێت. ئەو هێزە توندڕەوانەی کە ئەمرۆ لەبەغدا بەناوی مەزهەبی و قەومی کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، هەموو ئامانجیان دەست بەسەراگرتنی بەش و پشکەکانی گەلی کوردە لە ناو حکومەتی عێراقی فیدڕاڵدا، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە هەندێك میدیا و میدیاکاری نادڵسۆز بە کوردستان و کۆمەڵێك لە بەکارهێنەرە ناتەندروستەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەستاون بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی ناشیرینکردنی

سەروەرییەکانی کوردستان و لە کەمکردنەوەیان بە بەکارهێنانی دەستەواژەی گەڕانەوە بۆ باوەشی حکومەتی عێراق، بەڵام لەگەڵیشیدا بۆ خەڵکی کورستانیان ڕوون نەکردۆتەوە ئەو عێراقە کامەیە و نەیانوتووە ئەوا سێ ساڵە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە کە نان و قوتی خەڵکی لەسەرە، ڕوونیشیان نەکردۆتەوە کە چەندین جۆر حەشدیان دروست کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کورد نەك تیرۆر و عێراقێك کە ئاستی سیاسەتیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بۆ ئاژاوەنانەوە لە نێوماڵی کوردا هەموو شتێك بکات، نزیکترین نموونەش ئەویە کە عبادی ڕایگەیاند لە پرسی بەناو چاکسازی کە مەبەستی تەنیا نانەوەی ئاژاوەی سیاسی بوو لە نێوماڵی کورددا بە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان و دەسەڵاتی کورد لە بەغدا، هەموو ئەو وەزارەتانەی بەرکەوتن کە وەزیرەکانیان کوردە کە مەبەستی سەرەتا و کۆتاییان بوو، نەك بە ناو چاکسازی!

من ئەوەندە بەو میدیا و میدیاکاران و بەکارهێنەرە ناتەندروستانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەڵێم: ئێوە نانی ئەم خاکی کوردستانە ئەخۆن کە بەرهەمی دوێنێی شەهیدان و ئەمڕۆی حکومەتی کوردین و لە کوردستانێکدا ئەژین کە هەمیشە لە ئاسایش و سەقامگیریدایە، لە بری وشەی دژایەتی و لە کەمکردنەوەی کوردستان، هەوڵبدەن بە وشەی گوڵ پشتگیری بکەن بۆ ئەوەی کە کورد گەیشتە ئامانجی سەربەخۆیی ڕوویەکتان هەبێت لەسەر خاکەکەی نیشتەجێ بن...

بەڕای من هەر تاکێك بیەوێت ئەگەر بە وشەیەکیش بێت کوردستان لەکەدار بکات، ئەوا پێش هەموو شتێك کەرامەتی خۆی لەکەدار دەکات و مێژوویەك لە سەرشۆڕی بۆ خۆی دەنووسێتەوە. ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە یەکڕیزییە، نەك بە پڕوپاگەندە. پێویستی بە خەباتی فیکرییە، نەك دژایەتی یەکدی.. ئەوەی ئەمڕۆ گوڵێك بچێنێت بۆ سەربەخۆیی و سەروەری کوردستان بەرهەمەکەی گوڵستان ئەبێت و ئەوەی دڕکیش بچێنێت بەرهەمەکەی ئەچێت بە قاچ و دەست و چاویا و دوور نییە چاوەکانی کوێرکات.

خۆشبەختانە شاری هەڵمەت و قوربانی شاری شۆڕشەکانی کوردستان و بیری نەتەوایەتی زۆر دوورە لە عێراقچێتی و گەڕانەوە بۆ ناو باوەشی دوژمن و دژایەتیکردنی ئەو سەرکردە و سەرۆکانەی کە دەوڵەتی کوردستان و خەونە گەورەکەی کوردی بۆ بەرهەم دەهێنێت. سلێمانی پێشەنگ بووە لە بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی و هەر واش دەمێنێتەوە، لە مێژوودا بە دەیان پیلان و مەرامی داگیرکارانە و دوژمنانە بۆ پەرتەوازەبوونی ئەم نەتەوەیە لە سەر دەستی گەنجەکان و بیرمەندانی ئەم شارە هەڵوەشاوەتەوە. ئەمڕۆ نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان کوردان لە چاوەڕوانی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستاندان کە ئەزموون و سەرەتایەك دەبێت بۆ بەدیهێنانی چەند دەوڵەتێکی کوردی لەناو کوردستانی گەورەدا. لەمەشدا رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و کەسایەتییەکانی سلێمانی رۆڵی جوامێرانە و پێشەنگیان دەبێت، من زۆرم پێ سەیرە لێرە و لەوێ باس لەوە دەکرێت کە نابێت کەسایەتی و سەرۆکێك ئەو سەروەرییەی پێ بدرێت کە دەوڵەتەکە لەسەر دەستی ئەو دامەزرێت، لە کاتێکدا رۆژگارێك بوو ئامادەبووین هەرکەسێك، یان هەر وڵات و حزبێکی بچووکیش بێت، دان بە بوونماندا بنێت، ئەگەر جوولەکە بێت، یان موسڵمان و مەسیحی، پشتیوانی لێ بکەین. باشە خۆ سەرۆك بارزانی نەیوتووە من دەوڵەتەکە بە تەنیا رادەگەیەنم. ئەو تەنیا دەڵێت کورد دەوڵەتیان راگەیاندووە، ئەی بۆ دژایەتی راپرسی دەکرێت لە کاتێکدا راپرسی رای گەلە و لە سەروو هەموو حزب و کەسایەتیەکدایە. پاساو و بیانوو هێنانەوە بۆ دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستان و راپرسی وەکو مانگە شەو روون و دیارە تەنیا جێبەجێکردنی مەرام و ویستی ناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمانە کە بەداخەوە زۆر لەوانەی دوای ئەو هەڵەیە کەوتوون بە نەزانی تێی کەوتوون، لەکاتێکدا دەبووایە ئەوان رایانبگەیاندایە کە خوێنی شەهیدان و ماندووبونی سەدان ساڵی گەلەکەمان ناکەینە قوربانی ململانێ و بوغز و رق و قینی چەند ساڵەی رۆژانی شەڕی براکوژی و ناکۆکییەکانمان. هەربۆیە من پێموایە ئەوەندە قسە لەسەر ئەو بابەتە نەکرێت لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە، چونکە خەون و حەز و ویستی گەلێکی مەزلوومە و پڕ بە دڵ دەوڵەت خواستی هەموانە، جا چ پێویست دەکات چاوەڕوانی باشبوونی دۆخەکە، یا نەمانی قەیرانەکان بین؟ زۆربەی ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان راگەیاندووە لە رۆژە سەخت و نائومێد و پڕ لە کێشەوگرفت و قەیراندا رایانگەیاندووە و سەرکەوتووش بوون. ئەمڕۆ باشترین کات و قۆناغە بۆ راگەیاندنی بوون بەدەوڵەت، یا هیچ نەبێت راگەیاندنی خواستی نەتەوەیەك بۆ بوون بە دەوڵەت کە بکرێتە هێڵی سوور بۆ دوارۆژ تاوەکو کەس موزایەدە و موئامەرەی لەسەر نەکات.

**هەر تاکێک بیەوێت ئەگەر بە وشەیەکیش بێت کوردستان لەکەدار بکات، ئەوا پێش هەموو شتێک کەرامەتی خۆی لەکەدار دەکات و مێژوویەک لە سەرشۆڕی بۆ خۆی دەنووسێتەوە. ئەمرۆ کوردستان پێویستی بە یەکریزییە، نەک بە پروپاگەندە. پێویستی بە خەباتی فیکرییە، نەک دژایەتی یەکدی**

**ئەگەرچی بارودۆخەکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق و ناوچەکە دۆخێکی وای خستۆتەوە کە لەچەند لایەکەوە دەیانەوێ ئەزموونەکەی کوردستان تووشی قەیران بێت، بەڵام سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و خۆراگرتنی بە سەرۆکایەتی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وایکرد وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی پێشکەوتوو بە تێروانینێکی پر ئومێدەوە بروواننە چارەنووسی ئەم گەلە**





# مانگی نیسان و
# جینۆسایدی سێ نەتەوەی ڕەسەن
# کورد.. ئەرمەن.. جوو



شێرزاد عومەر





جینۆساید و رەشەکوژی بە درێژایی مێژوو ستراتیژیەتی داگیرکەرێك بووە کە بە هۆیەوە هەوڵی سڕینەوەی میللەتێك دەدات و ئەو داگیرکەرەش هەموو یاسا و رێساکانی مرۆڤایەتی پێشێل و رەت دەکاتەوە و دەخوازێت لەسەر حیسابی میللەتێکی تر خۆی بگەیەنێتە لووتکە و بەردەوامیش بە کورسیی دەسەڵاتی بدات و لەو رێگەیەشەوە ببێتە مشەخۆر بەسەر خوێن و ئێسك و پروسکی ئەو میللەتە بندەستەی.

لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٥ و لە جەنگی یەکەمی جیهاندا ئەرمەنییەکان لەسەر دەستی تورکە عوسمانلییەکان بەشێوازێکی زۆر دڕندە و نامرۆڤانە جینۆساید و رەشەکوژکران، لە ئەنجامدا ئەو نەتەوە گەورەیە پارچەپارچە بوو و هاتە لێواری توانەوە و پەرتەوازەی ئەمەریکا و ئوستراليا و تەواوی وڵاتانی دنیا بوون. لەدوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ ئەرمنیای فیدڕاڵ سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و ئێستا لە UN وەکو دەوڵەت ئەندامە، ئەمڕۆ ئەرمەنەکان خاوەنی کیانی سیاسی و نەتەوەیی خۆیانن و هەموو ساڵێکیش لە ٢٤ی نیسان تەنگ بە تورکیا هەڵدەچنن کە ئەنجامدەری کۆکوژییەکە بوو، هاوکات داوای قەرەبووی زیانەکانیان دەکەن و هەر بەو هۆیەش رەزای گرانی تورکیا لای ئەوروپییەکان گرانتر کراوە و تورکیاش بە دانپیانانی پێموایە شتی زۆر گەورە لە دەست دەدات. زیاتر لە ١٠٠ ساڵ بە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە تێدەپەڕێ، کەچی ئەوان ئەم یادە تاڵە بە کۆمەڵێك داواکاری سیاسی و ناچارکردنی تورکیا بۆ قەرەبووکردنەوە یاد دەکەنەوە، ئەرمەنەکان ئێستا توانیویانە رای گشتی دونیا بۆخۆیان کێش بکەن و هەست و سۆزی پەرلەمانی ئەوروپیش بە تەواوی راکێشن و بەهۆیەوە ئێستا هەموو دونیا پاڵپشتی ئەرمەنیەکانە، ئەرمەنەکان بەوە تۆمەتباربوون کە پاڵپشتی ئینگلیزەکانن لە دژی تورکە عوسمانلیەکان بەو بۆنەیەش بڕیاری قڕکردن و قەتڵوعامکردنیان درا.

لە ١٩٣٣/٤/١ لەسەر دەستی نازییە ئەڵمانییەکان یەکەم زەنگی هۆڵۆکۆست لێدرا بە بایکۆتکردنی سەرجەم بەرهەمەکانی جوو لە بازاڕەکانی ئەڵمانیا و دواتر داخستنی دوکان و کارگە و کێڵگەی جووەکان و لە ١٩٣٣/٤/٧ سەرجەم جووەکانیان لە فەرمانگە و دەزگا حکومیەکان دەرکرد و ئەستێرەی شەش لا (ئەستێرەی داودی)یان بە ڕەنگی زەرد لەسەر دەرگای ماڵە جووەکان نەخشاند و دەستیانکرد بە کوشتن و تیرۆر و رەشەکوژیی چالاکوان و سەرمایەدار و رۆشنبیر و زانا و پیاوە ئاینییەکانی جوو، لە

١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٣٨ چوونە قوتابخانەیان لە منداڵە جووەکان قەدەغەکرد، دواتر پرۆسەی (دوایین چارەسەر) کەوتە نێو فەرهەنگی سیاسەتی نازییەکان لەسەر زاری (ئەدۆلف ئایخمان) کە سەرپەرشتی پرۆسەی هۆلۆکۆست بوو کە لە ساڵی ١٩٦١ لە دادگای ئیسرائیل بە سزای خۆی گەیەندرا، پاشان لە کۆنگرەی پارتی نازی پرۆسەی (دوایین چارەسەر) لە دەنگدانێکدا لەناوبردن و کۆمەڵکوژی جووەکانی لێ کەوتەوە، لە ساڵی ١٩٤٢ جینۆساید و کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆستی جووەکەکان ئەنجامدرا کە تیایدا بە هەزاران جوو کرانە سووتەمەنی بیر و هزری شۆڤێنیانەی نازییەکان و بە هەزارانیان لە تاقیگە نامرۆییەکان و لە کانەکان کوژران و لە فڕنەکان سووتێندران، کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژی جووەکان گەیشتە رادەیەك کە ئەو کیشوەرە بەجێ بهێڵن و بەناچاری پەرتەوازەی هەموو دونیا ببن، تا ساڵی ١٩٤٨ جووەکان دەوڵەتی عیبری- یان دروستکرد لەسەردەستی بیرمەندی گەورەی جوو (هرتزل) ئیتر جووی هەموو دنیا رووی لە وڵاتی ئەسڵی خۆیان (خاکی بەڵێنپێدراو) کرد و بەهۆی ئەو هەموو مەینەتی و راوەدوونان و راگواستن و کۆمەڵکوژییەوە بەتایبەتی هۆلۆکۆست، بوون بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان و ئێستا بڕیارەکانی دەوڵەتی جوو (ئیسرائیل) لە هەموو دنیا پێگەی خۆی هەیە، جووەکانیش بەوە تۆمەتبار دەکران کە لەگەڵ هاوپەیمانان لە دژی ئەڵمانەکان کار و چالاکی ئەنجام دەدەن و ئادۆلف هیتلەر» بە سیخوڕ و تابووری پێنجەم و خوێنی پیس لە رەگی ئەڵمانیای پڕشکۆ ناوی دەبردن، ئەم هۆکارە تاکە هۆکاری نانەوەی جینۆسایدی هۆلۆکۆست بوو. هەروەها بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە تاڵە هەرکات لە بیر و هزری نەوەی نوێیان زیندووبێت لە ساڵی ١٩٩٨ حەوت ملیار دۆلاریان وەکو قەرەبووی ئەو دیلە جووانە کە بەبێ کرێ لە کارگەکانی نازیەکان کاریان پێکرابوو لە ئەڵمانیا وەرگرت بەڵام ئێستا ئیسرائیل و ئەڵمانیا لە دوای رووخانی نازییەکان دۆستایەتی پتەویان لە نێواندا هەیە.

**هەردوو نەتەوەی جوو و ئەرمەن بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و هەلی زێڕینی خۆیان قۆستەوە بۆ چێکردنی دەوڵەت و تەنها ئێمەی کورد بەسەر ئەو هەلە زێڕینانەمان بازدا و نەمانتوانی سوودی لێ ببینین و نەشمانتوانی بەری رەنج و خەبات و قوربانیەکانمان بدوورینەوە**

سێیەم نەتەوە کە بە نەتەوەی هەرە دێرینی رۆژهەڵات دەناسرێت و خاوەنی زیاتر لە ٢٧٠٠ ساڵ مێژوو و شارستانییەت و زمان و کەلتوور و خاکی خۆیەتی، نەتەوەی کوردە، دیسانەوە لە ١٩٨٨/٤/١٤ لە هەموو کونجێکی ئەم کوردستانە بڕیاری قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کورد بە هەموو شێوازەکانیەوە لەلایەن سەرانی بەعسی عەرەبی درا، کە پێشتر بە نهێنی ئەو پرۆسەیە لەکاردا بوو، واتا هەر لەو کاتەی کە سوپای عەرەبی ئیسلامی بۆ بە ئیسلامکردن روویان لەو ناوچەیەی کوردستان کرد دەستیان بە پەیڕەوکردنی ئەو پرۆسەیە کرد و درێژەیان پێیدا تاوەکو ئەو کاتەی کوردستان لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە بەش بەشکراو و لە هەر پارچەیەکی بە هەموو جۆر و شێوازەکانی هەوڵی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد درا، بۆ ئەم مەبەستەش بەهیچ شێوەیەك سڵیان لە هیچ نەکردەوە و درێغییان لە تاوان نەکرد.

کورد وەکو نەتەوە لە هەر سەردەمێك و بە شتێکەوە تۆمەتبار کراوە، بۆ نموونە لە سەردەمانی هاتنی سوپای ئیسلام بە مەبەستی فتوحات و داگیرکردنی ناوچە بەهەشتییەکانی ئێمەی کورد، کورد بەوە تاوانبار دەکرا کە لەگەڵ لایەنی دژ کاردەکات، ئەگەر ئاورێك لە راپەڕینی کوردە بابەکییەکان بدەینەوە ئەو راستییە دەسەلمێ کە وەك چۆن (محەمەد تەبەری) لە پەرتووکە مێژووییەکەی (تاریخ الطبرانی) باسی لە راپەڕینی بابەکییەکان و دەشتی شارەزوور کردووە بەرامبەر بە سوپای عەرەبی ئیسلام، کە لە دوای بوون بە ئیسلامیشیان کەچی لەبەر نەدانی باج و سەرانە لەلایەن کوردەوە هەرکات سەرکوت دەکران. تاوانێکی ئەوسا بۆ کورد ئەوە بوو کە نەتەوەیەکی (مەجوس) واتا زەردەشتین و بە (موالی و شعوبیە) واتا غەیرە عەرەب دەناسران، بەو بۆنەیەش دەبوایە لە شەڕگەکانیش کورد و غەیرە عەرەب قەڵغانی بەرگری بن، بۆیان نەبوو وەکو عەرەبەکان بە سواری وڵاخ و وشتر بڕۆن، دەبوایە پیادە بن، چونکە (موالی) بوون، ئەم پرۆسەیە پێشخرا، تا گەیشتە ئاستێك دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ کە ئەوسا هەستی نەتەوەیی کوردی لاواز بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا شۆڕش و راپەڕینەکان بەردەوام بوون، سەرەڕای ئەوەی ئەو بەشەی باشووری کوردستان بە زۆرەملێ لکێنرا بە عێراقی عەرەبی، لەهەمان کاتیش بەئاشکرا و نهێنی پرۆسەی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی پیادەدەکرا لەلایەن شۆڤێنییانی عەرەبی.

**کوردان وەکو جوو و ئەرمەنییەکان دووچاری سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بوون، جینۆسایدکران، بە زۆرەملێ لە گوند و دێهاتەکانیانەوە لە سەر ماڵ و موڵکیانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان راگوێزران، سەروەت و سامان و ماڵ و موڵکیان دەستی بەسەردا گیرا و بوون بە (غنیمة الحرب) و زەوت کران**

لە ١٩٤٨ کاتێك جووەکان دەوڵەتی خۆیان راگەیاند، ئیتر لەو بەشەی کوردستان پشکی شێری بەرکەوت لە ترس و تۆقاندن بەوەی نەوەك (البوابة الشرقیة للوطن العربي) بشکێندرێ و بکەوێتە مەترسییەوە و لە ناوچەکە ئیسرائیلێکی تر دروست ببێت، بۆیە



بەهەموو شێوازەکان کەوتنە خۆیان بۆ چەسپاندنی تۆمەتی ئەوەی گوایە کورد ژێربەژێر لەگەڵ دەوڵەتی جوو دەستیان هەیە، یاخود کورد بۆ ئایندەی عەرەب لە ناوچەکە جێگەی مەترسین و لەگەڵ جووەکان دەبن بە هاوپەیمانی ستراتیژی و دەیان و سەدان تاوانی تری هەڵبەستراوی دوور لە راستی، بۆیە دەبینین لەو ساوە تا پیادەکردنی ئەنفال بە ئاشکرا، بۆ ئەوەی هەست و سۆزێ بۆ دۆزی کورد دروست نەبێ لە شەقامی عەرەبی، یان بۆ سەرکوتکردنی هەر شۆڕش و سەرهەڵدان و داخوازییەکی کورد لەو بەشە بێ سێ و دوو تاوانی (ئیسرائیلی دووەم)یان داوەتە پاڵی، بەوەش توانیویانە ئەوە بۆ شەقامی عەرەبی بسەلمێنن کە کورد شایەنی هەموو قڕکردن و لەناوبردنێکن، چونکە رەنگە لە ئایندەدا ببن بە ئیسرائیلێکی تر لە ناوچەکە.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانیش بەعسیەکان تاوانێکی تریان بۆ کورد زیادکرد، کە ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە ئەوا کاڵفامی و نەزانی دەسەڵاتدارانی بەعسمان بۆ روون دەبێتەوە، پێیان وابوو و کورد لەلایەن ئیسرائیلەکانەوە پاڵپشتی شۆڕشەکەیان دەکرێت بۆ لێدانی بەعس و هەر بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد، لە هەمان کات ئەوەشیان بڵاودەکردەوە کە کورد هاوپەیمانی فارسە ئێرانییەکانن لە دژی عێراق، تاوانی پاڵپشتیکردنی کوردان لە ئێران و لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی ١٨٢٠٠٠ ئافرەت و مناڵ و پیر و گەنج و جینۆسایدی ٨٠٠٠ بارزانی و بێسەروشوێنکردنی سەدان هاووڵاتی سڤیل و وێرانکردنی سەدان دێ و دێهاتی کوردی لێکەوتەوە، واتا بەو تۆمەتبارکردنە شەرعیەتیان بەخۆیان دەدا بۆ ئەو کۆمەڵکوژییانە، ئەم تۆمەتەش لە دادگاییکردنی سەدام و سەرانی بەعسی فاشی بە روونی رەنگی دایەوە، سەرەڕای ئەمانەش کوردان وەکو جوو و ئەرمەنییەکان دووچاری سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بوون، جینۆسایدکران، بە زۆرەملێ لە گوند و دێهاتەکانیانەوە لە سەر ماڵ و موڵکیانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان راگوێزران، سەروەت و سامان

**لە سەدەی ٢١ جارێکی تر لە شنگال جینۆساید دەکرێینەوە، ئێمە بەقەد ئازادی و سەربەخۆیی سێ تا چوار دەوڵەت قوربانی و شەهیدمان داوە، بەقەد مێژووی گەلانی ناوچەکە خەبات و تێکۆشانمان هەیە، بەقەد دەرفەتەکانی سەرکەوتنیش هەلمان بۆ رەخساوە، بەقەد ژمارەی شەهیدەکانیشمان، بڕوامان بە دۆزی رەوای نەتەوەکەمان و ئایندەی خۆمان و توانستی خۆمان هەیە، ئیتر نازانم بۆچی ئەو گرێ کوێرەی مێژوو تا ئێستا بۆ کەس نەکراوەتەوە کە بۆچی ئێمە نەمانتوانیوە بە ئامانجە ستراتیژیە نەتەوەییەکانمان بگەین**

و ماڵ و موڵکیان دەستی بەسەردا گیرا و بوون بە (غنيمة الحرب) و زەوت کران، سەرەڕای هەموو ئەمانەش کچ و ژنانی کورد بە تالان و فەرهوود دەبردران و دەفرۆشرانە وڵاتە عەرەبیە موسڵمانەکان، هاوکات بە جۆرێك کوردیان پەرتەوازە کرد کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و لە باکوورەوە بۆ باشووری گۆی زەوی کوردی لێ پەرتەوازە بوو، ئەوە تەنیا نموونەی باشووری کوردستان (کوردستانی لکاو بە عێراق)ـە، لە پارچەکانی تریش ئەگەر وەك ئەمە نەکرابێ، ئەوا لە ئەنفال زیاتریش کراوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی.

ئەوەی جێی داخە، دوای ئەم هەموو قوربانیدانە، لەدوای سەدەیەك خەبات و تێکۆشانی ئێمەی کورد، نەمانتوانیوە وەکو ئەم دوو نەتەوە زیندووە لە ژێردەستەیی و زۆرەملێیی لکاومان بەعێراقی عەرەبی ڕزگارمان ببێت، بەڵکو لە سەدەی ٢١ جارێکی تر لە شنگال جینۆساید دەکرێینەوە، ئێمە بەقەد ئازادی و سەربەخۆیی سێ تا چوار دەوڵەت قوربانی و شەهیدمان داوە، بەقەد مێژووی گەلانی ناوچەکە خەبات و تێکۆشانمان هەیە، بەقەد دەرفەتەکانی سەرکەوتنیش هەلمان بۆ ڕەخساوە، بەقەد ژمارەی شەهیدەکانیشمان، بڕوامان بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان و ئایندەی خۆمان و توانستی خۆمان هەیە، ئیتر نازانم بۆچی ئەو گرێ کوێرەی مێژوو تا ئێستا بۆ کەس نەکراوەتەوە کە بۆچی ئێمە نەمانتوانیوە بە ئامانجە ستراتیژیە نەتەوەییەکانمان بگەین..؟؟!!

جینۆساید و ڕەشەکوژی بە درێژایی مێژوو ستراتیژیەتی داگیرکەرێک بووە کە بە هۆیەوە هەوڵی سڕینەوەی میللەتێک دەدات و ئەو داگیرکەرەش هەموو یاسا و ڕێساکانی مرۆڤایەتی پێشێل و ڕەت دەکاتەوە و دەخوازێت لەسەر حیسابی میللەتێکی تر خۆی بگەیەنێتە لووتکە و بەردەوامیش بە کورسیی دەسەڵاتی بدات و لەو ڕێگەیەشەوە ببێتە مشەخۆر بەسەر خوێن و ئێسک و پروسکی ئەو میللەتە بندەستەی

ئێمە بە شەرمەوە لە بەردەم نەیارەکانمان داوای قەرەبووی جینۆساید دەکەین و بە شەرمیشەوە بازرگانی حزبی پێوەکراوە و تەنانەت لە بری هەموو ئەو داواکارییانە داوای پێکەوەژیانی و پتەوکردنی گیانی برایەتی نێوان خۆمان و میللەتی سەردەستی داگیرکەر کە دەسەڵاتی حوکمی عێراقیان بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ لە دەست بووە و لە ئاوارەیی دەیانلاوێنینەوە و لە ژێر هەمان ئاڵاش دەوڵەتیان بۆ بونیاد دەنێینەوە و وانەی حوکمڕانیان فێر دەکەینەوە، تەنانەت ئەنفالچیەکانیش داڵدە دەدین و گەورە پیاوانی بەعسیش نان دەدەین، کەچی جووەکان تەرمی گەورە تاوانبارەکانی نازیەکانشیان لە گۆڕ دەرهێنا و دادگایان کردنەوە و تا ئەم ساتەش لە هەموو کون و قوژبنێکی دنیا(مۆساد) بە دوای تاوانبارانی هۆلۆکۆستە و ڕۆژانە دەستگیردەکرێن و لەبەردەم کامیرای ڕۆژنامەنووسان ڕیسوا دەکرێن و دابرێنە بەردەم دادگا جیهتنییەکان.

ئەوە ماوە بڵێم کە ئەم سێ پرۆسە نامرۆییە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی ئەم سێ نەتەوە زیندووەی خاوەن خاك و نیشتمان و زمان و کەلتوور و شارستانیەتە زۆر لەیەکتر نزیکن بە هەموو شێوازەکانیان، هەرسێکیان لەمێژوودا زوڵمیان دەرهەق کراوە، بەڵام هەردوو نەتەوەی جوو و ئەرمەن بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و هەلی زێڕینی خۆیان قۆستەوە بۆ چێکردنی دەوڵەت و تەنها ئێمەی کورد بەسەر ئەو هەلە زێڕینانەمان بازدا و نەمانتوانی سوودی لێ ببینین و نەشمانتوانی بەری ڕەنج و خەبات و قوربانییەکانمان بدوورینەوە. لەکاتێکدا فیلمی زنجیرەیی دادگای کەیسی ئەنفالیش تەواو بوو، خەلیفەی ئەنفالچییان لە سێدارە درا، کەچی ئێمە چ وەك سەرکردایەتی سیاسی کوردی و چ وەك سیاسەتمەدارانمان و چ وەك شەقامی کوردی لەو پەڕی ساردی و خەمسارديداین، بۆیە پێموابێ کاتی ئەوە هاتووە لەو بازنە داخراوە دەربچین و قفڵی هەموو دەرگا سەختەکانی سەر ڕێگامان بشکێنین بە کەیسی ئەنفال و کارکردن لەسەری لەپێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانمان بەتایبەتی دەوڵەتی سەربەخۆ و جیابوونەوەمان لە کۆماری داتەپیوی عێراقی عەرەبی خەڵتانی شەڕی تائیفی و مەزهەبی تەواوی هەوڵەکانمان وەگەڕ بخەین...!!

■ ■ ■


سەرچاوەکان:
- قتل أمة..عن المذابح الارمنية فى تركيا/ هنري مورغنطاو..
- مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة أو ((قضية طلعت باشا)) تفاصيل جريمة إبادة الشعب الأرمني
أمام المحكمة في برلين ـ ألمانيا / الطبعة الثانية/ ترجمة : مراجعة: غسان نعسان فاضل كريم احمد
-إمبراطورية الرمال/ المؤلف : صلاح شكيرو
- ماڵپەڕی www.knesset.gov.il
-ماڵپەڕی مۆزەخانەی جینۆسایدی هۆلۆکۆست لە ئۆرشەلیم/ www.yadvashem.org
- تفكيك دولة الخوف/ المؤلف: أ.د.عز الدين المناصرة/الناشر: دار الراية للنشر و التوزيع
- فتوح البلدان / أحمد بن يحيى بن جابر بن داود البلاذري/ دار ومكتبة الهلال- بيروت
http://saddamscruelty.blogspot.com/2009/02/blog-post_16.html
http://www.angelfire.com/wizard2/nechteman/

---

***نوێنەری کوردانی جوو لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

# ئەنفالی سێیەم

## سەختترین وێرانکاری و تاڵان، زۆرترین بێسەروشوێنکردن لە شاڵاوی ئەنفالی سێیەم



عەداڵەت عومەر

(شاڵاوەکانی ئەنفال) کە بە پرۆگرامێکی دارێژراوی رژێمی عێراق بەڕێوەچوو، تاوانێك بوو کە بە چەند مانگێك لە (٢٢ی شوبات تا ٦ ئەیلوولی ١٩٨٨) لە هەشت قۆناغی جیاجیادا بە بەرچاوی وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ روویدا، کە زیاتر لە سەدان هەزار هاووڵاتی کوردی سڤیل تیایدا شوێنبزر کران. لێرەدا باسی هێرش بۆ سەر گەرمیان دەکەین کە بە گەورەترین کاولکاری و شاڵاوی سەربازی لە قۆناغەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەژمێردرێت.

شاڵاوەکانی ئەنفالی سێیەم لە گەرمیان بە سەرکردایەتی لیوا روکن سوڵتان هاشم، فەرماندەی فەیلەقی یەك و بە فەرماندەیی لیوا رۆکن کامل ساجت فەرماندەی فەیلەقی دوو، هەروەها بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریقی یەکەمی روکن عەدنان خەیروڵڵا وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکووری حزبی بەعس، سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئەرکانی سوپا، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم خەزرجی یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆنەکان و فەریق حوسین رەشید محەمەد تکریتی، جێبەجێ کرا، کە هێرشکردن بووە بۆ سەر ناوچەی گەرمیان لە٧ تا٢٠ی نیسانی ١٩٨٨و تیایدا هەموو ناوچەکانی خورماتوو، قادرکەرەم، کفری، کەلار، چەمچەماڵ، تێلەکۆ، پێباز، سەنگاو، تەکیە، ئاغجلەر وێرانکران و خەڵکەکەی راماڵدران و زەرەر و زیانێکی یەکجار گەورەی گیانی و مادی بە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە گەیاند، کە نزیکەی (٥٠٠) گوند بوون. شاڵاو دوای شاڵاو بۆ سەر کوردستان گەورەتر و کاریگەرتر دەبوون، بۆیە هێزی پێشمەرگە و هێزی پشتگیری کە دواتر لە گوندەکان پەیدابوون بۆ هاریکاریکردنی پێشمەرگە و شەڕکردن لەگەڵ رژێمدا نەیانتوانی بەرەنگاری قەبارەی ئەو هێز و سوپا زۆرە ببنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی زیاد لە هەفتەیەك

شەپۆل لە دوای شەپۆل هێرش و پەلاماردانی پیادە و زرێپۆش و تۆپخانە و فڕۆکە و جاش ناوچەکەی گرتبۆوە و هێزی پێشمەرگەش هیچ پاڵپشتی و ئازووقەیەکی نەدەگەیشتێ، ئەوانەش کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەم دەربازبوون و خۆیان گەیاندبووە ئەو ناوچەیە، گشتیان شەکەت و ماندوو بوون و ورەیان بە جارێك رووخابوو، دیارە ئەوەش کاریگەری هێرشی گازبارانکردنی سەردۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و هەڵەبجە بوو کە باڵی بەسەریاندا کێشابوو، بۆیە خەڵکی گەرمیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی خۆبەدەستەوەدان دوارێگەیانە کە بیگرنەبەر، هەروەها سوپاش ئەو بێهێزی و شەکەتییەی قۆزتەوە و ناوچەکەی بەجێ نەهێشت تاوەکو هەموو گیانلەبەرێکی دەسگیرنەکرد.

لە لایەکی دیکەوە هەوڵەکان بە مەبەستی گەیاندنی هەواڵی گازبارانکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر پەیماننامەکانی نێودەوڵەتی بە دنیای دەرەوە لە لایەن کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە لە ئارادا بوو، لەوانەش یاداشتی بەرەی کوردستانی کە لە شەش حزب پێکهاتبوون و لە ١٩٨٨\٨\١٥ بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردرا و لە یاداشتنامەیەدا جگە لە داواکارییەکان، لیستی شاڵاوە سەربازییەکانی هێزەکانی عێراق ئاشکراکرابوون کە لە نێوان ١٩٨٧\٤\١٥ تاکو مانگی ئابی هەمان ساڵ کە تییدا کەڵك لە چەکی کیمیایی وەرگیرابوو. هەروەها بەڵگەنامەی دەقی بڕیاری دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە ناوچە قەدەغەکراوەکانی کوردستان هاوپێچ بە یاداشتەکە کرابوو. دواتر لە ١٩٨٨\٩\١ «مسعودبارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان» داواکارییەکی بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوە کە تیایدا هاتووە: «ئێمە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، بڕیارنامەکانی ئەم دواییانەی جێبەجێ بکات سەبارەت بە هەڵگرتنی هەنگاوی خێرا دژی هەر دەوڵەتێك کە چەکی کیمیایی بەکار دەهێنێت...»

هەروەها جارێکی دی بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٩\٢\٢٤ لە یاداشتێکی دیکەدا لیستێك لە قوربانییانی ئەنفالی گوندەکانی هەردوو پارێزگای کەرکووك و سلێمانی بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٤ی شوباتی ١٩٨٩ ناردووە و ئاماژەیان بەوە کردبوو کە کە تەنیا لە هەردوو مانگی ئادار و نیسانی ١٩٨٨ زیانەکان بەم شێوەیە بوون: (نزیکەی ٧٢٨ گوند و شارۆچکە وێران کراون و ٤٠ هەزار خێزان راگوێزراون، کە ١٦هەزاریان لە زیندانەکانی رژێمدان و ٧٤٠٧ ئافرەتی ناوچەکانی زەنگەنە و جەباری و سەنگاو لە گرتووخانەی دوبز بەند کراون و ٥٦٠٠ ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی یایچی بەندکراون، ٤٥٦٠ منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا گیراون کە بەدەیانیان لێ مردوون، هەروەها چەندین منداڵی تەمەن شەش مانگ تا یەك ساڵی هەریەکەی بە ٥٠ دینار فرۆشراون و ٧٦٤٠ پیاو شوێنبزر کراون و سووکایەتی بە رەوشت و کەرامەتی ئافرەتان کراوە کە دوور لە هەموو دابونەریتێکی مرۆڤایەتییە).

شاڵاوەکانی ئەنفالی سێیەم (گەرمیان) لە ناوەرۆکدا خۆی لە (٣) سێ پەلاماری جیاجیا بۆ ناوچەکانی ئەم دەڤەرە بینییەوە. یەکەم پەلامار بۆ سەر خورماتوو بوو، رۆژی ٧ی نیسان کە یادی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیە، هێزەکانی رژێم بە هەموو پێکهاتەکانی سوپا و یەکەکانی هێزی کتوپڕی و هێزەکانی تایبەت و فەوجەکانی جاش لە بنکە تایبەتییەکانی خۆیان لە خورماتوو دەرچوون. دوو رۆژ دوای ئەوە چەند هێزێکی تر لە کەرکووك و لەیلان و چەمچەماڵ و سەنگاوەوە بە هەمان شێوە دەرچوون و لە هەموو لایەکەوە ڕووەو شارۆچکەی قادر کەرەم پێشڕەوییان کرد، هێزی دەرچووی خورماتوو بوو بە سێ هێزی هاوبەشەوە (Task force) یەکەمیان بۆ باشوری رۆژهەڵات لە شارۆچکەی نەوجوولەوە بەرەو چەمی ئاوە و سپی، دووەمیان کەوا هێزێکی هاوبەشی گەورەتر بوو بەرەو رۆژهەڵات پێشڕەوی کرد بە گوێ چەمدا کە پێکهاتبوو لە لیوای ٦٥ی هێزی تایبەت و لەلایەن هەردوو فەوجی بەرگری نیشتمانی (٥٨ و ٢٠٠ )ـەوە پاڵپشت دەکران، ئەو هێزە هێرشی کردۆتە سەر (١٧) گوند دوای شەڕوپێکدادانێکی زۆر لەگەڵ ئەو هێزە پێشمەرگەی کە لەوێ بووە، تەواوی گوندەکانیان راماڵییە و وێرانیان کردووە، زیانیشیان یانزە کوژراو بووە کە هەشتیان جاش بوون. سێیەمیان ئەو هێزە هاوبەشە بووە کە پەلاماری گوندی تازە شار ـی دا، کە گوندێکی ستراتیژی و گرنگ بووە، بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی لە نێوان خورماتوو و قادر کەرەم، لە (٩)ی نیساندا هێزەکانی رژێم گوندەکانی (کانی قادری سەروو و خواروو، ئاوایی شێخ حەمید، کەریم بەسام، عەزیز بەگ)یان وێرانکرد و خەڵکەکەشیان شوێنبزر کرد.

ئەگەرچی باسو خواسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئەنفالی سێیەمدا نییە، وەلێ شایەت عەیان هەن کەوا گەواهی ئەوە دەدەن و بە چاوی خۆیان بینیویانە کە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە، تەنانەت

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٤ی شوباتی ١٩٨٩ ناردووە و ئاماژەیان بەوە کردبوو کە کە تەنیا لە هەردوو مانگی ئادار و نیسانی ١٩٨٨ زیانەکان بەم شێوەیە بوون: (نزیکەی ٧٢٨ گوند و شارۆچکە وێران کراون و ٤٠ هەزار خێزان راگوێزراون، کە ١٦هەزاریان لە زیندانەکانی رژێمدان و ٧٤٠٧ ئافرەتی ناوچەکانی زەنگەنە و جەباری و سەنگاو لە گرتووخانەی دوبز بەند کراون و ٥٦٠٠ ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی یایچی بەندکراون، ٤٥٦٠ منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا گیراون کە بەدەیانیان لێ مردوون، هەروەها چەندین منداڵی تەمەن شەش مانگ تا یەک ساڵی هەریەکەی بە ٥٠ دینار فرۆشراون و ٧٦٤٠ پیاو شوێنبزر کراون و سووکایەتی بە رەوشت و کەرامەتی ئافرەتان کراوە کە دوور لە هەموو دابونەریتێکی مرۆڤایەتییە)



لە جفرەکانی فەرمانەدەی سوپای رژێمەوە لە رێگای رادیۆوە گفتوگۆی بێتەلی نێوان فەرماندەکانی سوپاوە بیستراوە کە «بۆ لەناوبردنی تێکدەران و یاخیبووان گاز تاکە رێگەیە بۆ تێکشکاندنی بەرگرییان». هەروەها فرۆکەی هۆکەرهەنتەری بەریتانی بینراوە کە گوندی تازە شاری بۆردومان کردووە و گەواڵە و دووکەڵی سپی زۆری لێ پەیدا بووە، ئافرەتێکیش کە خەڵکی گوندی شێخ حەمیدە لاشەی ٢٥ پێشمەرگەی بینیبوو کە بە گاز خنکابوون، ئافرەتەکە سەرەتا نەیزانیوە کە ئەوانە بە گاز خنکابوون، کاتێك ژمارەیەك لە بزن و مانگا و پەلەوەری بینیوە کە لەوێ مردوون، ئەوسا گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە گازی کیمیایی بەکارهێنراوە، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کە لە ١٠ی نیسانیشدا بۆ دووەم جار هێرشی کیمیایی ئەنجام درابێت. جووتیارێکی مەڕدار لە گوندی ئاڵاوی باس لەوە دەکات کە ئەو پێشمەرگانەی لەوە دەرباز ببوون بەو لایەدا هەڵاتن لە دەوروبەری نیوە شەودا فرۆکە بۆردومانی کردن، لە ئەنجامدا دە کەسی لێ کوشتن. پەلاماری دووەم بۆ قادر کەرەم و باکووری گەرمیان بوو. ئەو هێزانەی کە لە کەرکووك و چەمچاڵەوە دەرچووبوون و بەرەو قادر کەرەم پێشڕەوییان کردبوو لە ١٠ی نیساندا بە سەرپەرشتی عەمیدی هێزی تایبەت (بارق عبداللە الحاج حنتە) گەیشتنە ناوچەکە و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان نەهاتەڕێ و هیچ رووبەڕووبوونەوەیەکیان لەلایەن پێشمەرگەوە بەرامبەر ئەنجام نەدرا، لەو هێرشەدا هێزێکی جاش هەردوو گوندی چەپەك و ئیبراهیم غولامی تێکدا، ئیبراهیم غولام کە گوندێکی سەر بە عەشرەتی زەنگەنە بوو لەگەڵ هۆزی جەباری دراوسێ بوون، بوونە قوربانی سەختترین وێرانکاری و تالان و بڕین لە ئەنفالی سێیەم.

لە هەموو هێرشەکان جاشە کوردەکان پێش سوپای عێراقی دەکەوتن و دەچوونە ناو گوندەکان و ئەگەر هەر شەڕێك بوایە، لەپێشدا تووشی ئەوان

**مسعودبارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان» داواکارییەکی بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوە کە تیایدا هاتووە: «ئیمە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، بڕیارنامەکانی ئەم دواییانەی جێبەجێ بکات سەبارەت بە هەڵگرتنی هەنگاوی خێرا دژی هەر دەوڵەتێک کە چەکی کیمیایی بەکار دەهێنێت.»**



دەبوو، خۆ ئەگەر شەڕیش نەبوایە لەو گوندە، ئەوەی تیایدا بوایە تاڵانیان دەکرد و دواتر ماڵی خەڵکیان دەسووتاند و دەیانڕووخاندن، ئەو جاشانەی بەشدارییان لە ئەنفالی سێدا کردووە، کە بوونە هۆکاری بەدەستەوەدانی خەڵکی ناوچەکە و دواتریش بێسەروشوێنکردنیان، چونکە موستەشارەکان هانی ئەو خەڵکەیان دەدا کەوا خۆیان بەدەست هێزەکانی سوپاوە بدەن، گوایە لێبووردنی گشتی دەرچووە و حکومەت هیچیان لێناکات. ئافرەتێك بە موستەشارێکی گوتبوو: «دەربازم بکە لە دەست سوپا، لە وەڵامدا پێی وتبوو من هیچم بۆت پێناکرێ باشتر وایە خۆت بدەی بەدەستەوە». هەر چەند هێندێ لە موستەشار و جاشەکانیش کە بینیویانە وا ژن و پیاو لێك جیا دەکرێنەوە، زۆر بێزار و پەشیمان بوون. ئەوەتا لە «بروسکەی هەواڵگری دوزخورماتوو ژمارە (١٠٣٤٠) لە ١٩٨٨\٤\١٠ سکاڵای ئەوە دەکات کەوا فەوجێکی تری جاش کە فەوجی (٢٥)ـە لە هێزەکە کشاوەتەوە و ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە ئەنجامی نەداوە». هەروەها دەمەو بەیانییەکی زوو لە گوندی (قیرچە)ی ئارامدا دوای هێرشکردنە سەری و دەستبەرسەرداگرتنی، پیاوەکانیان لە شوێنێکدا کۆکردۆتەوە و دەستیان لە پشتەوە کەلەپچە کردون و رەوانەی چەند شوێنێکی نادیاریان کردوون. پەلاماری سێیەم بۆ سەنگاو و باشووری گەرمیان بوو، دوای هەر دوو پەلامار بۆ سەر خورماتوو و قادر کەرم و باکووری گەرمیان، رژێم پەلامارێکی بەرفراوانی بۆ ناوچەی سەنگاو و باشووری گەرمیان دەستپێکرد. سوپا لە هەموو ناوچەکان خەریکی هێرش و وێرانکردنی گوند و دەسگیرکردنی گوندنشینەکان بوو. ئەو شاڵاوە زۆرترین گوندی لەم ناوچەیە وێران کرد و ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش لە خەڵکی شوێنبزر کران (تەنیا لە رۆژی ١٤ی نیساندا لە هەردوو گوندی ملە سوورە و کولەجۆی حاجی حەمەجان لە یەك کاتدا زۆرترین ژمارەی خەڵکی ناوچەکە دەسگیرکران و بە ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە شوێنبزر کران. ناوچەی سەنگاو کە ٩٣ گوندی لەخۆ گرتبوو (٨٥) یان لەپێش شاڵاوەکاندا نزیکەی (١٨) هەزار کەسی تیادا دەژیان کە زۆربەیان لە شاڵاوەکان تیاداچوون و شوێنبزر کران. ئەو گوندانەی کە لەناوچەی سەنگاو بەر شاڵاوەکە کەوتن، ئەمانە بوون: (دەرەوار، بانەمورد، پێنج ئەنگوستی، حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، هەنجیرە، سێگومەتان، کێڵەبەرزە، دەرزیلە، قەلاگە، داربەڕوو)، هەروەها ژمارەیەك پێشمەرگەش کە لە پەلامارەکەی قادر کەرەم و باکووری گەرمیان بەرەو باشوور هەڵاتبوون بۆ خۆدەربازکردن دەسگیر و شوێنبزر کران، ناوچەکانی باشووری گەرمیانیش کە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچە بە عەرەبکراوەکانی دیالەدا لە بەرەبەیانی ٩ی نیساندا بە چەند هێزێکی گەورە لە شارۆچکەی کفری و کەلار وپێناز و پونگەڵە کەوتنەڕێ. ستراتیژیەتی سەرەکی سوپا لەم هێرشانەدا هەمان ستراتیژییەتو تاکتیکی پەلاماری باکووری گەرمیان بوو کەبریتی بوو لە پرۆسەی ئابلۆقەدانێکی گەورەو فراوان لەچەندین لاوە و لەیەك کاتدا و بەکۆمەڵ گرتنی خەڵکەکە و دواتر رووخاندن و تەختکردنی گوندەکان و تاڵانکردنیان، فەرمانەدەی

**لە هەموو هێرشەکان جاشە کورد پێش سوپای عێراقی دەکەوتن و دەچوونە ناو گوندەکان و ئەگەر هەر شەڕێک بوایە، لە پێشدا تووشی ئەوان دەبوو، خۆ ئەگەر شەڕیش نەبوایە لەو گوندە، ئەوەی تیایدا بوایە تاڵانیان دەکرد و دواتر ماڵی خەڵکیان دەسووتاند و دەیانڕووخاندن**



هێزەکانی کفری بە سەرپەرشتی لیوایەك بووە کە ناوی سامی بووە و نەناسراوە و سەر بە فەیەلەقی یەك بووە کە فەریق روکن سوڵتان هاشم سەرکردایەتی دەکرد. لە١٠ی هەمان مانگ نزیکەی (٢٠) گوندی ناوچەکە بە تەواوی تەخت کران، لەوانە: (چوارشاخ، عەلیانی تازە، توکن، میل قاسم، دوڕاجی، بەڵگەی گەورە، بەڵگەی بچووك، ئۆمەڕبل و.. هتد.) هێزەکانی فەوجی پیادەی سەربازی (وحدە المشاە) ٤١٧و ٤١٨و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی ١٠٠، ١٣١، ١٩٧ بەشدارییان لەو هێرشانە کردووە و گوندەکانیان داگیرکرد و خەڵکەکەشیان شوێنبزرکرد. هێزی هاوبەشی دووەم کە لە کەلارەوە دەرچووبوون بە سەرپەرشتی نەقیب (عبد عواد)ی فەرماندەی یەکەی پیادەی ٤١٧ لە ١١ی نیساندا هێرشی کردە سەرگوندی دوڕاجی کە ماوەی چەند میلێك لە خۆرئاوای گوندی ئۆمەربلەوە دوور بوو، لەوێ خەڵکەکە دەستبەجێ خۆیان دابووە دەست سوپا و ڕاگوێزرانە ئەو ئۆردوگا تایبەتەی کە ئامادە کرابوو لە نزیك فیرقەی پیادەی ٢١، لە١٣ی مانگیش هێزەکە گەیشتە گوندی کۆڵەجۆ، بەرلە گەیشتنی هێزەکە خەڵکەکە کە هەندێك کەلوپەلیان لەگەڵ خۆ بردبوو بەرەو کۆمەڵگەی سمود رایانکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا ڕێگای نێوان کفری و کەلار مابۆوە، بەناچاری ڕووەو گوندی ملەسوورە چوون، لەگەڵ گەیشتنی هێزەکە بە کۆمەڵێك بلدۆزەر گوندەکەیان رووخاند لە١٧ی مانگیش گوندی کونەکۆتریان وێران و تاڵان کرد و خانووەکانی خاپوورکران و ئەو خەڵکەش کە دەسگیرکرابوون، هەموویان شوێنبزر کران. لە١٨یان ١٩ نیساندا هێزەکانی کفریو کەلار بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە ئەنفالی سێیەمدا ئەرکەکانی خۆیان تەواو کرد، زۆربەی گوندی ناوچەکانی سەنگاو و باشووری گەرمیان تەختکران، ئەو هێزە پێشمەرگەیەش کە ناو ناوە بەرگری دەکرد، دواتر تێکشکێندران، چونکە سوپا هێزەکانی خۆی دوو ئەوەندە زیاد کرد و چەك و تەقەمەنییەکی بێئەندازەی خستە بەردەستیان.

ڕژێمی عێراق دوای دەسگیرکردنو ڕاگوێزانی خەڵکی ئەو ناوچانە هەڵسا بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی بەربڵاو کە وا ئەوانەی دەسگیرکراون (تێکدەر و ئێرانییە گیراوەکانن) بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسا بە وێنەگرتنی خەڵکە گیراوەکە و نیشاندانیان لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك و دووبارە لێدانەوەی فیلمەکە. تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (المجلس الامن القومی) عێراقی بە نووسراوی (نهێنی و شەخسی) ژمارە ٣٩٧ لە ٢ مایسی ١٩٨٨ بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ وێنەیەك بۆ لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی (مدیریە الامن العامە) گلەیی و گازاندە لەوە دەکات کە نیشاندانی ئەو فیلمانە زیانبەخشە و رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی هەڵوێست وەربگرن و خۆپیشاندان دژی حکومەت ساز بدەن».

**ئەگەرچی باس و خواسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئەنفالی سێیەمدا نییە، وەلێ شایەت عەیان هەن کەوا گەواهی ئەوە دەدەن و بە چاوی خۆیان بینیویانە کە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە، تەنانەت لە جفرەکانی فەرماندەی سوپای ڕژێمەوە لە ڕێگای رادیۆوە گفتوگۆی بێتەلی نێوان فەرماندەکانی سوپاوە بیستراوە کە «بۆ لەناوبردنی تێکدەران و یاخیبووان گاز تاکە ڕێگەیە بۆ تێکشکاندنی بەرگرییان». هەروەها فڕۆکەی هۆکەرهەنتەری بەریتانی بینراوە کە گوندی تازە شاری بۆردومان کردووە و گەواڵە و دووکەڵی سپی زۆری لێ پەیدا بووە**

---

***نووسەر و لێکۆڵەر لە بواری جینۆسایدی گەلی کوردستان**